
# دەستوور

ڕۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە، هەفتانە کۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات

ژمارە (٢٧)
چوارشەممە، ٢٠١٠/٤/١٤
(٢٠) لاپەڕە
نرخ (١٠٠٠) دینارە
www.destur.net

٢٢ تا ٢٩ی ئەم مانگە فراوانترین پێشانگای کتێب لەهوڵی کتێبخانەی گشتی سلێمانی دەرکرێتەوە بەبەشداری چەندین دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەو ڕێژەی داشکاندن ٥٠٪یە

## سەرۆکایەتی هەرێم ١١٨ فەرمانبەری، لەسەرۆکایەتی کۆمار زیاترە

# نزیکەی ٧٠٪ فەرمانبەرەکانی سەرۆکایەتی هەرێمو ئەنجومەنی وەزیرانو پەرلەمان پارتین



9 5 2

### دانووسانە گەورەکان دوور لەبەغداد دەکرێت

بەڕای چاودێران ئەنجامی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی مانگی ڕابردووی عێراق، هەلی دەستتێوەردانی بۆ وڵاتانی دەوروبەرو ئەمریکا لەمەسەلەی هەوڵەکانی پێکهێنانی حکومەتی نوێدا زیاترکردووە... 04

..............................

### «سەرئێشە نەخۆشی نییە، بەڵکو نیشانەی نەخۆشییە»



پسپۆڕانی بواری نەخۆشییەکانی دەمارو مێشک ئاماژە بەوە دەکەن کە سەرئێشە نەخۆشی نییە، بەڵکو نیشانەی چەندەها نەخۆشییە کە بەهۆی چەندین هۆکارەوە لەشێوەی سەرئێشەدا دەردەکەون. .. 15



تایبەت بە دەستوور


بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست دەستوور کەوتوون، نزیکەی ٧٠٪ ئەو فەرمانبەرانەی کە لەسەرۆکایەتی هەرێمو ئەنجومەنی وەزیرانو پەرلەمانی کوردستان دەوامدەکەن پارتین، سەرۆکایەتی هەرێمیش ١١٨ فەرمانبەری لەسەرۆکایەتی کۆماری عێراق زیاترە.

پەرلەمانتارێکی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، بەراوردێکی نێوان ژمارەی کارمەندانی هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێم لەگەڵ سەرۆکایەتی کۆمارو پەرلەمانو ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق ئاشکرا دەکات کە بەپێی ئەو ئامارە سەرۆکایەتی هەرێم کارمەندی زۆر لەسەرۆکایەتی کۆماری عێراق زیاترە کە ١١٨ فەرمانبەرە.

بەپێی ئەو زانیاریانەی لەبەدواداچوونێکی وردی ڕۆژنامەی دەستووردا دەستکەوتووە، دەرکەوتووە، بەنزیکەی لە٧٠٪ تەواوی ئەو فەرمانبەرانەی لەسەرۆکایەتی هەرێمو پەرلەمانو ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمدا بەشەکەی تریشی لەسەردەمی دوو دامەزرێنراون، پارتینو ئەوانی تریش کە دەمێننەوە بەشێکی زۆری بۆ یەکێتیو ئەوانی تریش بۆ شیوعیو حیزبەکانی ترن.

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور بەشێکی زۆری ئەو فەرمانبەرانە دوای یەکگرتنەوەی حکومەتو پێکهێنانی کابینەی پێنجەم دامەزرێنراونو زۆربەی هەرە زۆریان پارتین، بەنزیکەی ٧٠٪.



مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان

ئیدارەییدا دامەزرێنراون.

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، ٨٠٠ کارمەندی هەیە، بەڵام سەرۆکایەتی کۆماری عێراق ٦٨٢ کارمەندی هەیە، بەوپێیەش سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ١١٨ فەرمانبەری لەسەرۆکایەتی کۆماری عێراق زیاترە.

هاوکات سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم کەتەنها سێ پارێزگای بەسەرەوەیە ٢٧٣١ کارمەندی هەیە، بەڵام ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق پانزە پارێزگایە ٢٥٢٣ کارمەندی هەیە، بەوپێیەش ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم ٢٠٨ کارمەندی زیاترە لەئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی عێراق.

بیلال سلێمان پەرلەمانتاری کۆمەڵی ئیسلامی لەبەراوردکردنی بودجەی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمو ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی عێراقدا، دەڵێت ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ٢١٨ ملیارو ٧٨٨ ملیۆن دینار بودجەی ساڵانەیەتی، بەڵام ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق لەگەڵ ئەوەی ١٤ بەشی تری لەسەرە، بەڵام تەنها ١٠٠ملیارو ٧٧٨ ملیۆن دینار بودجەی ساڵانەیەتی، بەوپێیەش ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم بەتەنها دوو بەرامبەرو چواریەکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق وەردەگرن.

هەروەها ئاماژەی بەوەشدا کە بودجەی ساڵانەی پەرلەمانی کوردستان ٧٢ ملیار دینارە، بەڵام پەرلەمانی عێراق دوو بەرامبەرو نیوی پەرلەمانی کوردستان ئەندامی هەیە، کەچی موچەی پەرلەمانتارەکانیشی دوو ئەوەندەی پەرلەمانتارانی کوردستانە، بەڵام بودجەی ساڵانەی ٢٣٧ ملیارە.

زۆری فەرمانبەرانی پارتی لەهەر سێ سەرۆکایەتییەکە، لەکاتێکدایە کە لەخولی پێشوو ئێستای پەرلەمانی کوردستاندا پارتیو یەکێتی ژمارەی ئەندام پەرلەمانەکانیان وەکیەکبوون.

بیلال سلێمان ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەفراکسیۆنی کۆمەڵ بەدەستووری وت «ئەو فەرمانبەرانەی دامەزرێنراون سەر بەیەکێتیو پارتین، ئەو ژمارە زۆرەی فەرمانبەریش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دوو ئیدارەییەی کەپێشتر هەبووە».

لەلایەکی ترەوە عومەر عەبدولڕەحمان ئەندامی فراکسیۆنی کوردستانی لەپەرلەمانی کوردستانی لەلێدوانێکدا بەدەستووری وت «ئەو فەرمانبەرانەی لەئەنجومەنی وەزیران دامەزراون زۆربەیان هی کابینەکانی پێشووترە، بەپێی پێویستی ئەنجومەنی وەزیران دامەزراون».

سەبارەت بەوەی زۆربەی فەرمانبەرەکان لەلایەن پارتییەوە دامەزرێنراون، ئەو ئەندام پەرلەمانە ڕایگەیاند «زۆر دڵنیانیم لەوە، بەڵام پارتیو یەکێتیو خەڵکی بێلایەنیش دامەزرێنراون».

# پارتی هۆکاری شکستەکەی لەسلێمانی نادۆزێتەوە

## نێچیرڤان بارزانی یەکێتیو سەرکردایەتی خۆیان تۆمەتبار دەکات


زانیار محەمەد


بەرپرسانو سەرکردایەتی پارتی، ماوەیەکە لەهەوڵی ئەوەدان هۆکاری شکستەکانی سلێمانیو کەرکوکی حیزبەکەیان بدۆزنەوە، بەڵام ڕای جیاوازیان هەیە، چاودێرانی سیاسیش دەڵێن هۆکاری شکستی پارتی لەسلێمانی ئەوەیە خەڵکی سلێمانی پارتی ناوێت.

سەرکردایەتی پارتی ڕاشکاوانە دانیان بەوەدانا کە لەهەردوو پارێزگای سلێمانیو کەرکوک شکستیانهێناوە، دوای دەنگەکانی ئەم هەڵبژاردنەی دوایی، سەرکردایەتی ئەو حیزبە لەئێستادا لەلێکۆڵینەوەدان لەهۆکاری شکستەکانیان لەو دوو پارێزگایە، چاودێرێکی سیاسیش دەڵێت پارتی لەهەولێرو دهۆکیش لاوازبووەو دەنگەکانی کەمیکردووە.

دەستوور ئەوەی زانیوە کەسەرۆکی پارتیو سەرکردایەتی ئەو حیزبە لەئێستادا دەیانەوێت هۆکاری شکستی خۆیان لەسلێمانیو کەرکوک بدۆزنەوە، بەڵام تائێستا هەریەکەو ڕایەکی هەیەو هۆکاری شکستەکەیان پێنادۆزرێتەوە.

نێچیرڤان بارزانی کەپۆستی جێگری سەرۆکی پارتی دراوەتێ، لەچاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەی ڕووداودا بەشێکی هۆکاری لاوازبوونی پارتی لەسلێمانی دەگەڕێنێتەوە بۆ خودی سەرکردایەتی پارتی.

هەروەها ڕاشکاوانە یەکێتی تۆمەتبار دەکات لەوەی ئەولەویەتی کارەکارەنی ئەوەبووە «نەهێڵێت نفوزی پارتی لەسلێمانی زیادبکات».

سەلام عەبدوڵڵا بەرپرسی لقی چواری پارتی بەشێک لەهۆکارەکانی لاوازبوونو کەمبوونەوەی لایەنگرانی پارتی بۆ شەڕی ناوخۆی نێوان یەکێتیو پارتی دەگەڕێنێتەوە.

کامەران مەنتک مامۆستای زانستە سیاسییەکان، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی «ئەو گەشەسەندنەی لەڕووی ئابووریو ڕۆشنبیرییەوە لەسلێمانی هەیە، لەگەڵ بیرکردنەوەی عەشایەری ناگونجێتو خەڵکی سلێمانی وابەستە نین بەعەشایەرییەوە».


ڕاپۆرتێک لەلاپەڕە ٢ دەخوێنیتەوە


# دەستوور وردەکاریی کوشتنی ئەمیری قاعیدە بڵاودەکاتەوە


زانیار محەمەد


سەرچاوەیەک لەپۆلیسی کەرکوک تایبەت بەدەستووری ڕاگەیاند «دەزگای دژەتیرۆری یەکێتی کەسێکیان دەستگیرکردووە کە تەتەری نێوان ئەبو ئەیوبی میسریو چەکدارەکانی قاعیدە بووە، پاش لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا، شوێنی ئەبو ئەیوبی میسریو ئەبو عومەری بەغدادی ئاشکراکردووە».

هەروەها وتی «دواتر دەزگای دژەتیرۆری یەکێتی زانیارییان داوە بەهێزەکانی ئەمەریکا لەبارەی شوێنی ئەبو ئەیوبی میسریو ئەبو عومەری بەغدادیو پاش چاودێریکردنو بەدواداچوونی ورد، شوێنی هەردوو سەرکردەی قاعیدە دۆزراوەتەوەو پاشان لەلایەن هێزەکانی ئەمەریکاوە ڕۆژی دووشەممەی ڕابوردوو لەنزیک تکریت کوژراون». ئاماژەی بەوەشدا «خێزانو منداڵی ئەبو ئەیوب ئێستا لای هێزەکانی ئەمریکا دەستبەسەرن».

سەرچاوەکەی پۆلیس ئاشکرایکرد «هەر بەپێی زانیارییەکانی دەزگای دژەتیرۆری یەکێتی، دوێنێش لێپرسراوی ئیدارەی ڕێکخراوی قاعیدە لەباکووری عێراق کە بەڕەگەز تورکمانە گیراوەو هەروەها ئەبو سوهەیبیش کە فەرمانده‌ی سەربازیی قاعیدەیە لەکەرکوکو سەلاحەدینو موسڵ کوژراوە».

ڕۆژی دووشەممەش نووری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق، هەواڵی کوشتنی ئەو دوو بەرپرسەی قاعیدەی لەناوچەی سەرسار ڕاگەیاند.



# سەرۆکایەتی پەرلەمان، گوێیان بەداوایەکی بارزانی نەدا


کاروخ نامیق لەسلێمانی


سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان تائێستا گوێیان بەداوایەکی سەرۆکی هەرێم نەداوە، لەبارەی دروستکردنی لیژنەیەک لەبارەی وتەکانی عەدنان عوسمانی پەرلەمانتاری لیستی گۆڕان، بەتۆمەتی ناوزڕاندنی پێشمەرگە، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمیش دەڵێت پەرلەمان بەدواداچوونی بۆ داواکەی سەرۆکی هەرێم نەکرد.

مانگی شوباتی ڕابردوو سەرۆکی هەرێم داوای لەپەرلەمانی کوردستان کرد بەدواداچوون بۆ وتەکانی پەرلەمانتار عەدنان عوسمان بکەن، بەتۆمەتی ناوزڕاندنی پێشمەرگە، بەڵام تائێستا هیچ بەدواداچوونێک لەوبارەیەوە ئەنجامنەدراوە، عەدنان عوسمانیش رایدەگەیەنێت وروژاندنی ئەو بابەتە لەکاتی خۆیدا، بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن بووە.

فوئاد حسێن سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لەلێدوانێکیدا بەدەستووری وت «لەکاتی خۆی داوامان لەپەرلەمان کرد لێکۆڵینەوە لەوبارەیەوە بکات، بەڵام دیارە بەهۆی سەرقاڵییانەوە تائێستا هیچیان نەکردووە».

هەروەها عەبدوڵڵا عەلی ئیبراهیم سەرۆکی لیژنەی پێشمەرگە لەپەرلەمانی کوردستان لەلێدوانێکدا بەدەستووری وت «تائێستا هیچ داواکارییەکی لەو جۆرەمان بەدەست نەگەیشتووە، بەڵام کاتێک ئەو کێشەیە ڕوویداوە، قسەی خۆمان لەبارەیەوە کردووە».

ناوبراو وتی «نە لەپەرلەمانو نە لەلیژنەی پێشمەرگە، هیچ گفتوگۆیەک لەوبارەیەوە نەکراوە، ئەگەر داوامان لێبکرێت بەدواداچوون بۆ ئەو کێشەیە بکەین، ئەوکات بڕیاری خۆمان دەدەین».

عەدنان عوسمان پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان پێیوایە «پەرلەمان دەبووایە لیژنەیەکی تایبەتی دروستبکردایە بۆ ئەو کێشەیە، بۆ گوێگرتن لەهەموو لایەنەکانو دەرخستنی ڕاستییەکان کە مەرج نییە ئەو لیژنەیە لەئەندامانی پەرلەمان پێکبێت، چونکە ئەندامانی پەرلەمان لەفراکسیۆنەکان پێکدێنو ئەوانیش بۆ خۆیان بەشێک بوون لەکێشەکە».

عەدنان وتی «ئێمە پێشتر دەمانزانی ئەوە بەشێک بوو لەبانگەشەیەکی هەڵبژاردن، بۆیە ئێستا ئەو دۆسییەیان داخستووەو هیچی لەبارەوە ناڵێن».

# کۆمەڵەی خوێندکاران.. مەلا بەختیار نەسریەیان دەبڕێتو کـــۆســـرەت رەســـوڵ پـــارەیـــان دەداتـــیێ

عەلی بانیشاری لەهەولێر

بەرپرسێکی کۆمەڵەی خوێندکاران، دەڵێت ئەو لقانەی لەلایەن رێکخراوە دیموکراتییەکانو مەلا بەختیارەوە نەسریەیان بڕدراوە، لەلایەن کۆسرەت رەسوڵەوە پارەیان پێدراوەو هاوکاری کراون بۆ راییکردنی کارەکانیان.

محەمەد جەمیل بەرپرسی میحوەری پێنجی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەهەولێر لەلێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی دەستوور، بەراشکاوی باس لەوە دەکات کەکۆمەڵەی خوێندکاران بووە بەدوو بەشەوەو دەڵێت ئەو لقانەی لەهەولێر نەسریەیان بڕدراوە بارەگاکانیان داخستووە، بەڵام لەلایەن خودی کۆسرەت رەسوڵەوە هاوکاری مادی کراون.

لەبارەی دواهەوڵی ئەو لقانەی کەنەسریەیان بڕدراوەو یاداشتێکیان ئاراستەی ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی کرد، محەمەد جەمیل وتی "پەیامی ئەو لقانە پەیامێکی گشتگیرە بۆ چاککردنی بارودۆخی کۆمەڵەی خوێندکاران، ئەو کێشانەیان هەیە، شتێکی شاراوەنین بەراشاکاوانە باسی دەکەین، هەر پێنج لقەکە یاداشتێکیان بەرزکردەوە کەچەندین خاڵی لەخۆگرتبوو".

ئەو بەرپرسەی کۆمەڵەی خوێندکاران بەشێک لەداواکانی ئەو لقانەی ئاشکرا کردو وتی "دەبووایە کۆنگرە لەمانگی ٢٠٠٩/٨دا ببەسترایە، دواتر دواخرا بۆ مانگی سێ، بەڵام ئەویش نەکرا، کێشەکان تائێستا هەروەکو خۆیەتیو بەستراوەتەوە بەکۆنگرەوە کە شەرعییەتی ئەو لقانە پەیوەستە بەکۆنگرە".

محەمەد جەمیل وتی "چەند هەڤاڵێک کاری تاکڕەوانەیان لەناو رێکخراوەکەدا ئەنجامدەدا، ئێمە وەک کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەهەولێر ئەمەمان بەکارێکی ناشەرعی زانیو بۆئەوەی کۆمەڵەکە بەئاقارێکی پڕکێشە نەڕواتەوە، لەوبارەیەوە یاداشتێکمان بۆ ئەنجومەنی ناوەندی نارد".


مەلا بەختیار


محەمەد جەمیل

محەمەد ئەوەشی وت "دەمەوێت بڵێم لەفەراغدا چەند کەسێک پشتگیری ئەمو ئەو دەکەن، دەیانەوێت کێشەکە بۆ قازانجی تاکەکەسێک یەکلاییبکەنەوە، ئەو ململانێیەی کەهەیە بەپلەی یەک بۆ کۆنگرە دەگەڕێتەوە".

ئاماژەی بەوەشدا کەدڵخۆشن بەوەی ئەگەر کۆنگرە بکرێت، بەبەستنی کۆنگرە کێشەکان چارەسەربن.

ئەگەرچی لایەنێکی کۆمەڵەی خوێندکاران لەسلێمانی رایدەگەیەنێت کە محەمەد جەمیل لەپۆستەکەی دەرکراوەو ئێستا پەیوەندی بەکۆمەڵەی خوێندکارانەوە نییە، بەڵام ئەو وتی "راست نییەو من دەرنەکراوم، کۆمەڵەی خوێندکاران سکرتێری نییە، ئەو کەسەی بەرپرسی میحوەری سلێمانییە ئەو بڕیارەی دەرکردووە، ئەوە لەدەسەڵاتی ئەودا نییە".

لەبارەی ئەو دەنگۆیانەی باس لەوە دەکەن کە بۆ ئیشوکارەکانی میحوەری پێنج پارەی لەئەرسەلان بایز وەرگرتووەو ئەوەش هۆکاری دەرکردنەکەیەتی، محەمەد جەمیل وتی "بەهیچ شێوەیەک ئێمە پارەمان وەرنەگرتووە، بەڵام بەڕێز کاک کۆسرەت هاوکاری سەرجەم ئەو لقانەی کرد کە نەسریەیان وەرنەگرتبوو".

لەبارەی داخستنی بارەگاکانی کۆمەڵەی خوێندکاران لەهەولێر، محەمەد وتی "راستە داخراون، بەڵام بەشێوەیەکی کاتییە، ئەوە دەست لەکارکێشانەوە نییە، بەڵکو هەڵوێستێکە تائەوکاتەی کێشەکان چارەسەر دەبن".

محەمەد جەمیل وتی "ئێمە شەش مانگە پارەمان لەرێکخراوە دیموکراتییەکان وەرنەگرتووە، ئەوەی کردوومانە بەتەحەداوە لەسەر گیرفانی خۆمانو خۆبەخشانە بووە".

# دژی پێشلکارییەکان، رۆژنامەنووسان خۆپیشاندان دەکەن

پ. دەستوور

سەنتەری میترۆ بانگەوازێکی بڵاوکردووەتەوە بۆ رۆژنامەنووسانو داوایان لێدەکات بەشداری ئەو خۆپیشاندانە بکەن کەرۆژی ٢٢ی نیسان لەساڵیادی رۆژنامەگەریی کوردیدا سازدەکرێت بۆ ئیدانەکردنی هێرشو پێشێلکاریی دژیان لەلایەن هێزەکانی ناوخۆوە.

سەنتەری میترۆ رایدەگەیەنێت کەداواکارە لەسەرجەم رۆژنامەنووسان رۆژی ٢٢ی نیسان کاتژمێر ١٠ی سەر لەبەیانی، هاوکاری سەنتەری میترۆبن بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندانێکی هێمنانە بۆ بەردەم نووسینگەی پەرلەمان لەسلێمانی بۆ دەربڕینی نارەزایی بەرامبەر بەزیادبوونی توندوتیژی دژی رۆژنامەنووسانو جێبەجێنەکردنی یاسای کاری رۆژنامەنووسیی.

خۆپیشاندانەکە لەبەردەم نووسینگەی سەنتەری میترۆ دەستپێدەکات لەفولکەی خاڵە حاجی، سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکی لەرۆژنامەنووسان مۆڵەتی ئەنجامدانی خۆپیشاندانی لەلایەنە پەیوەندیدارەکان وەرگرتووە.

هاوکات سەنتەرەکە بەیاننامەیەکی لەژێر ناوی "رۆژێکی تری پڕ توندوتیژی دژ بەرۆژنامەنووسان" بڵاوکردووەتەوە، جگە لەئیدانەکردنی دەستدرێژیو لێدان لەرۆژنامەنووسان، ئاماری ئەو پێشێلکارییانەی بڵاوکردووەتەوە کە لەماوەی هەفتەی رابردوودا، بەهۆی رووماڵکردنی خۆپیشاندانەکانی ژمارەیەک لەخوێندکارانی شاری سلێمانیو گەرمیان دژ بەبڕیارێکی وەزارەتی پەروەردە، لەلایەن هێزەکانی حکومەت کراوەتە سەر رۆژنامەنووسان.

# زێرەڤانیو فەرماندەیی پارتی بچوك دەكرێنەوەو ناوەكانیشیان دەگۆڕدرێن

پ. هەولێر

بەپێی بڕیارێکی وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێم دەبێت هێزەکانی زێرەڤانی پارتیو فەرماندەیی لەشکری کوردستانی پارتی، وەک ئێستا بەسەربەخۆیی نەمێننەوەو بچنە ژێر دەسەڵاتی وەزارەتی پێشمەرگەوە، بەرپرسێکی فەرماندەیی پارتیش ئەوە بەبچوککردنەوەی ئەو دوو هێزە ناودەبات.

نائیب فارس باوە بەرپرسێکی پارتی لەفەرماندەیی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەلێدوانێکیدا بەدەستووری راگەیاند "بەپێی بڕیارێکی وەزارەتی پێشمەرگە، دەبێت زێرەڤانیو فەرماندەیی پارتی بگەڕێنەوە سەر وەزارەتی پێشمەرگەو بەوپێیەش ئەم دوو هێزە بچوک دەکرێنەوەو وەک ئێستا نامێنن".


هەوڵەکان بۆ یەک ئیدارەیی بەردەوامە

هەروەها وتی "زێرەڤانیو فەرماندەیی، دەبن بەبەشێک لەوەزارەتی پێشمەرگە".

نائیب فارس باوە ئاماژەی بەوەشدا کەپێدەچێت ئەو دوو هێزە ناوەکانیشیان بگۆڕدرێتو بکرێنە فەرماندەیی یەکو فەرماندەیی دوو.

ئەو بڕیارەی وەزارەتی پێشمەرگە لەچوارچێوەی هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە.

# بڕیاری لێدانی لۆگۆی تەکسییەکانی ناو شار هەڵوەشێنرایەوە



محەمەد نەجیب لەسلێمانی

سەندیکای شۆفێرانی سلێمانی بڕیاری هەڵواسینی لۆگۆی تایبەتی تاکسییەکانی ناو شارو دەرەوەی شاری سلێمانی هەڵوەشاندەوە، بەو هۆیەشەوە ئێستا سنوورێک نییە بۆ کارکردنی تەکسییەکانی ناو شارو دەرەوەی شار.

بەپێی وتەی سەندیکای گواستنەوەی سلێمانی، هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارەیان بەهۆی نارەزایی وەزارەتی گواستنەوە بووە.

عەبدوڵڵا جەلال سەرۆکی سەندیکای گواستنەوەی سلێمانی لەلێدوانێکدا بەدەستووری وت "بەهۆی نارەزایی وەزارەتی گواستنەوەوە، ئەو بڕیارەمان هەڵوەشاندەوە، چونکە وەزارەتی گواستنەوەش دەیوست لۆگۆ بدات بەتەکسییەکان".

لەساڵی ٢٠٠٩ بۆ جیاکردنەوەی تەکسییەکانی ناوەوەو دەرەوەی شار، سەندیکای گواستنەوە، لۆگۆی تایبەت بەتەکسی دەرەوەو ناوەوەی شار دروستکردو لەبەرامبەر ١٠ هەزار دیناردا، دەدرا بەخاوەن تەکسییەکان، بەو هۆیەوە دەرکەوت کە ١٧ هەزارو ٨٥٠ تەکسی کاردەکەن.

عەبدوڵلا وتی "بڕیارەکە بەمەبەستی رێگریکردن بوو لەکارکردنی تەکسییەکانی دەرەوەی شار لەناو شار".

لەلایەکی ترەوە محەمەد ئەمین کە شۆفێری تەکسییە بەدەستووری وت "نازانین بۆچی بڕیاری هەڵواسینی لۆگۆیان دەرکردو دواتریش بڕیارەکەیان هەڵوەشاندەوە".

ئەو شۆفێرە رایگەیاند کەجیاکردنەوەی تەکسی ناوەوەو دەرەوەی شار، هیچ سودێکی بۆ ئەوان نەبوو.

موقەدەم فازیل بەڕێوەبەری هاتوچۆی دەرەوەی سلێمانی لەلێدوانێکدا بەدەستوور وت "ئێستا سەندیکای گواستنەوە بێدەنگە لەو بڕیارەی خۆیان، بۆیە ئێمەش بێدەنگین".

# پارتی هۆکاری شکستەکەی لەسلێمانی نادۆزێتەوە

## نێچیرڤان بارزانی یەکێتیو سەرکردایەتی خۆیان تۆمەتبار دەکاتو بەشێکیشیان شەڕی ناوخۆ بەهۆکار دەزانن

زانیار محەمەد

بەرپرسانو سەرکردایەتی پارتی، ماوەیەکە لەهەوڵی ئەوەدان هۆکاری شکستەکانی سلێمانیو کەرکوکی حیزبەکەیان بدۆزنەوەو لەوبارەیەشەوە رای جیاوازیان هەیە، چاودێرانی سیاسیش دەڵێن هۆکاری شکستی پارتی لەسلێمانی ئەوەیە خەڵکی سلێمانی پارتی ناوێت.

سەرکردایەتی پارتی راشکاوانە دانیان بەوەدانا کە لەهەردوو پارێزگای سلێمانیو کەرکوک شکستیانهێناوە، دوای دەنگەکانی ئەم هەڵبژاردنەی دوایی، سەرکردایەتی ئەو حیزبە لەئێستادا لەلێکۆڵینەوەدان لەهۆکاری شکستەکانیان لەو دوو پارێزگایە، چاودێرێکی سیاسیش دەڵێت پارتی لەهەولێرو دهۆکیش لاوازبووەو دەنگەکانی کەمیکردووە.

دوای راگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ٣/٧، بەتێکڕای کاندیدەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، توانییان ٨٢ هەزار دەنگ کۆبکەنەوە.

بەڵام لەدیمانەیەکی رۆژنامەی دەستووردا بەرپرسی لقی چواری پارتی ئاماژەی بەوەداوە کەئەوان ٦ هەزار ئەندامی پارتی لەسلێمانی دەنگیان بەمەحمود عوسمان داوە، بەوپێیەی مەحمود عوسمان ٢٢ هەزارو ٢٤٧ دەنگی هێنا، کەواتە ١٦ هەزار دەنگی مەحمود عوسمان هی کەسانی سەربەخۆو بێلایەنن، بەو هۆیەشەوە کۆی دەنگەکانی پارتی کەمدەبێتەوە بۆ ٦٦ هەزار دەنگ.

ئەوەش بەبەراورد بەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەساڵی ٢٠٠٥، دەردەکەوێت ژمارەی لایەنگرانی پارتی لەپارێزگای سلێمانی کەمیکردووە، چونکە لەو هەڵبژاردنەدا پارتی ٩٠ هەزار دەنگی هێنابوو.

دەستوور ئەوەی زانیوە کەسەرۆکی پارتیو سەرکردایەتی ئەو حیزبە لەئێستادا دەیانەوێت هۆکاری شکستی خۆیان لەسلێمانیو کەرکوک بدۆزنەوەو رای جیاوازو جۆراوجۆریشیان لەوبارەیەوە هەیە.

نێچیرڤان بارزانی کەپۆستی جێگری سەرۆکی پارتی دراوەتێ، لەچاوپێکەوتنێکی رۆژنامەی رووداودا بەشێکی هۆکاری لاوازبوونی پارتی لەسلێمانی دەگەڕێنێتەوە بۆ خودی سەرکردایەتی پارتی.

هەروەها راشکاوانە یەکێتی تۆمەتبار دەکات لەوەی ئەولەویەتی کارەکارەنی ئەوەبووە "نەهێڵێت نفوزی پارتی لەسلێمانی زیادبکات".

هەروەها لەچاوپێکەوتنێکی تریدا لەرۆژنامەی رۆژنامە دەڵێت "حەیفە پارتی بەوشێوەیە لەسلێمانی، پارتی زۆر زەمینەی هەیە لەسلێمانی، چۆن لەسلێمانی بەوشێوەیە بێت".

سەلام عەبدوڵڵا بەرپرسی لقی چواری پارتی بەشێک لەهۆکارەکانی لاوازبوونو کەمبوونەوەی لایەنگرانی پارتی بۆ شەڕی ناوخۆی نێوان یەکێتیو پارتی دەگەڕێنێتەوە.

ئەو لێدوانانەی بەرپرسانی پارتی لەبارەی هۆکاری شکستەکەیان، لەکاتێکدایە کە پارتی لیژنەیەکی بۆ هۆکاری شکستەکانی لەو دوو پارێزگایە پێکهێناوەو بەپێی زانیارییەکانی دەستوور دەیانەوێت هۆکاری شکستەکانیان بدۆزنەوە.

سەلام عەبدوڵڵا لەلێدوانێکدا بەدەستووری راگەیاند "هۆکاری کەمبوونەوەی لایەنگرانی پارتی دەگەڕێتەوە بۆ شەڕی ناوخۆو ئەوکاتە لایەنگرانی پارتی نەیانتوانی لێرە بمێننەوە، ماوەی ١٠ ساڵی پێچوو تا پارتی گەڕایەوە بۆ سلێمانی، هەروەها لایەنەکانی تر لەماوەی ئەو دە ساڵەدا بەردەوام بانگەشەیان بۆ خۆیان کردووە".

سەلام وتیشی "بەپێچەوانەشەوە لایەنگرانی پارتی لەهەولێر زیادیکردووەو هی لایەنەکانی تر لەهەولێر کەمیکردووە".

کامەران مەنتک مامۆستای زانستە سیاسییەکانی زانکۆی سەلاحەدین، رەتیدەکاتەوە هۆکاری کەمبوونەوەی لایەنگرانی پارتی لەسلێمانی پەیوەندیی بەشەڕی ناوخۆوە هەبێت.

مەنتک لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "ئەو گەشەسەندنەی لەڕووی ئابووریو رۆشنبیرییەوە لەسلێمانی هەیە، لەگەڵ بیرکردنەوەی عەشایەریی ناگونجێتو خەڵکی سلێمانی وابەستە نین بەعەشایەرییەوە".

ئەو مامۆستایە پێیوایە پارتی نەک تەنیا لەسلێمانی، تەنانەت لەهەولێرو دهۆکیش ژمارەی لایەنگرانی کەمیکردووەو وتی "هەرچەندە ئەوان لەهەڵبژاردنەکاندا چەندان رێگە بەکاردەهێنن بۆ بردنەوەی هەڵبژاردن، بەڵام پارتی لەدهۆکو هەولێریش لایەنگرانی کەمتربووەتەوەو لاوازتر بووە، بەبەرارود بەساڵانی پێشوو".

ئەو پسپۆڕە سیاسییە وتی "هۆکارەکەی بۆ بێزاربوونی خەڵک لەمۆدێلی حیزبایەتی دەگەڕێتەوە".

هەروەها نەشیشاردەوە کە لەساتەکانی جیابوونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی لەپارتی لەساڵانی شەستەکانەوە، نفوزی پارتی لەسلێمانی بەردەوام روو لەکەمبوونەوە بووە.

بەڵام فازیل رەئوف بەرپرسی لقی ٢١ی پارتی پێیوایە دەنگەکانی پارتی لەسلێمانی هەر ئەوەندەیە کەهێناویەتی.

فازیل لەچاوپێکەوتنێکی رۆژنامەی هاوڵاتیدا دەڵێت "رەوشی سیاسیو رێککەوتنی ستراتیژیی پارتیو یەکێتی، وایکردووە ئەوەندە دەنگبهێنین".

ئەوەشی نەشاردووەتەوە کەخەڵک هەیە تۆراوە لەپارتیو خۆشیدەوێت، بەڵام دەستی قەڵەم ناگرێت دەنگت بۆ بدات لەهەڵبژاردنداو وتی "لەبەرئەوەی کەمتەرخەمییەکە پەیوەندیی بەسەرکردایەتییەوە هەیە".

نێچیرڤان بارزانی بەردەوام لەچاوپێکەوتنەکانیدا جەختدەکاتەوە لەسەر گۆڕانکاریو چاکسازی لەناو پارتیدا، بەڵام کامەران مەنتک پێیوایە پارتی حیزبێکی کۆنەو مۆدێلی بەسەرچووەو نوێکردنەوەی پارتی سودی نییە.

مەنتک وتی "هەر هەوڵێک بۆ نوێکردنەوەی پارتی بێسودە، چونکە تەمەنی پارتی وەک بوونەوەرێکی سیاسی بەسەرچووە".



سلێمانیو کەرکوک بۆ پارتی بوونەتە مەتەڵ!

# دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن بۆ بەغدادیش کۆکنین

## گۆڕان: نابێت چوارچێوەیەکی شێوەیی دابنرێتو دواتر بڕیار لەژووری داخراودا بدرێت

زانا ئەحمەد

بەهۆی جیاوازی لەبیروڕاکانیان لەسەر شێوازی کارکردنیان لەبەغداد، پێناچێت چوار لیستە کوردستانییەکە بگەنە رێککەوتنێک بۆ پێکهێنانی هاوبەندییەکەیان.

تائێستا هەر چوار لیستە براوەکەی هەرێم لەسەر پەیڕەوێکی ناوخۆی نێوانیان ریکنەکەوتوون کە لەبەغداد کاری لەسەر بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش بڕیاروایە ئەمڕۆ چوار شەممە هەر چوار لیستەکە شەشەمین کۆبوونەوەی نێوانیان ئەنجامبدەن، بۆئەوەی پەیڕەوێکی ناوخۆ بۆ هاوبەندی فراکسیۆنە کوردستانییەکان دابڕێژن.

بەڵام بەگوێرەی زانیارییەکانی دەستوور جیاوازییەکی زۆر لەنێوان رای لایەنەکاندا هەیەو هەریەکەیان بەجیا پڕۆژەیەکی بۆ هاوبەندییەکە دروستکردووە، بەوهۆیەوە چاوەڕێ ناکرێت لەکۆبوونەوەی ئەمڕۆشدا بتوانرێت ئەو مەسەلەیە یەکلابکرێتەوە.

ئەو ناکۆکیو پێکهاتنەش لەکاتێکدایە کەگفتوگۆکانی پێکهێنانی حکومەت لەبەغداد رۆژ لەدوای رۆژ چڕتر دەبێتەوە، بەبێئەوەی نوێنەرانی کورد لەبەغداد بن.

سەلاحەدین بابەکر ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور رایگەیاند تائێستا هیچ لایەک رێکنەکەوتون لەسەر پەیڕەوو پرۆگرامێکی هاوبەش بۆ هاوبەندی فراکسیۆنەکانی کوردستان لەبەغداد، وتی "بۆیە بڕیاروایە لەدانیشتنی ئەمڕۆ چوارشەممە هەر چوار لیستەکە گفتوگۆ لەسەر ئەو پڕۆژەیە بکەن کە لەلایەن هەرچوار لیستەوە داڕێژراوە، لەکۆی گشتیان پەیڕەوو پرۆگرامێکی هاوبەش دابڕێژرێتو پەسەند بکرێت".

سەلاحەدین بابەکر ئاماژەی بەو جیاوازیانە کرد کە لەنێوان هەر چوار لایەندا هەیە، وتی "ئەوە شتێکی ئاساییە کە ناکۆکیمان هەبێت لەنێوان یەکدا لەسەر چەند خاڵێک، بەڵام بەگشتی هەموو لەوەدا هاوبەشین کە پەیڕەوێکی ناوخۆ بۆ ئەو ئیئتیلافە دابڕێژرێت کە گوزارشت لەبۆچوونی هەر چوارلایەن بکات بۆ چۆنیەتی ئیشکردن لەبەغداد".

بابەکر رایگەیاند لەپاش یەکلاییکردنەوەی پەیڕەوەکە شاندی باڵا بەرەو بەغداد بەرێدەکەون، بۆ قسەکرن لەگەڵ لایەنەکانی تری عێراق.


لەگەڵ ئەوەی لەدوا کۆبوونەوەی یەکشەممەدا قسە لەسەر پرۆژە هاوبەشەکە کراو پێداچوونەوەی پێداکراو تیایدا ئەولەویاتەکانو هێڵەسورەکان بۆ وەفدی کورد دیاریکرا، دواتر پەیڕەوو پرۆگرامی ئەو ئیئتیلافە یەکگرتووە لەلایەن هەر چوار لیستەکەوە کە ئامادەیان کردبوو خوێندنەوەی یەکەمی بۆکرا، بەڵام بەهۆی جیاوازی بۆچوونەکان لەسەر پەیڕەوەکە نەتوانرا ئەو مەسەلەیە یەکلاییبکرێتەوە، بۆیە دواخرا بۆ ئەمڕۆو واچاوەڕێ دەکرێت کە لەکۆبوونەوەی ئەمڕۆدا بەتێروتەسەل گفتوگۆ لەسەر هەرچوار پرۆژەکە بکرێت.

سەردار عەبدوڵڵا هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی گۆڕانو ئەندامی پەرلەمانی داهاتووی عێراق بەپێچەوانەی بۆچوونەکەی سەلاحەدین بابەکر، بەدووری زانی ئەمڕۆ ئەو پەیڕەوە کۆتایی پێبێت، وتی "تێڕوانینی جیاوازمان لەگەڵ فراکسیۆنەکانی تردا هەیە، وەک نیسابی دەنگدانو چۆنیەتی سەرۆکایەتی فراکسیۆنەکە".

راشیگەیاند ئەوان دەیانەوێت ئەو پەیڕەوە ببێتە زامنکردنی راستەقینە لەهاوبەشیی بڕیارو کۆتایی بەوە بهێنرێت کە تاکە لیستێک نوێنەرایەتی هەموو کورد بکات، وتی "ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکەش دەریخست کەنابێت لەمەودوا بەو میکانیزمە کاربکرێت لەبەغداد".

ئەندامەکەی بزووتنەوەی گۆڕان دووپاتیشی کردەوە کە ئەوان پێیانوایە کە نابێت چوارچێوەیەکی شێوەیی دابنرێت، بۆئەوەی دیسانەوە بڕیار لەژووری داخراودا بدرێت.

کۆبوونەوەکانی هاوبەندی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەسەرەتای مانگی چوارەوە یەکەمین کۆبوونەوەی نێوانیان بەئامادەبوونی سەرۆکی هەرێم گرێداو تائێستا پێنج کۆبوونەوەیان ئەنجامداوە، ئەمڕۆش شەشەمین کۆبوونەوە ئەنجامدەدەنو ئەوەی کە سەرجەم لیستەکان هاوهەڵوێستن لەسەری ئەوەیە کە هەر لیستێک سەربەخۆیی خۆی لەدەرەوەی پەرلەمان دەپارێزێت، بەڵام لەناو پەرلەماندا دەبێتە چوارچێوەیەک بۆ یەکخستنی هەموو هەڵوێستەکان لەسەر هەموو مەسەلە چارەنووسسازەکان کە پەیوەندی بەبەرژەوەندییەکانی گەلانی کوردستانەوە هەیە.



"بەشێک لەسیاسییەکان، بەرژەوەندییان لەئاڵۆزبوونی بارودۆخی کەرکوکە"
لاپەڕە٧



# ڕۆژ ڕۆژی ژنانو گەنجانە!

## حیزبەکان دەڵێن کۆنگرەکانیان دەرفەت دەدات بەژنانو گەنجان تا بچنە ناوەندی بڕیارەوە

گۆران وەهاب

زۆربەی حیزبە سیاسییەکانی هەرێم بڕیارە لەماوەی ئەمساڵ کۆنگرەو کۆنفرانس ببەستن، هەمووشیان کۆکن لەسەر ئەوەی هەل بۆ گەنجانو ژنان بڕەخسێنن تابگەنە سەرکردایەتی حیزبەکانیان.

عارف ڕوشدی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی ئاماژە بەوەدەدات یەکێتی بڕیاریداوە لەسەرەتای مانگی شەشی ئەمساڵدا کۆنگرە ببەستێت، لیژنەیەکی باڵا لەئەندامانی مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتیو کادیرە باڵاکانی یەکێتی سەرقاڵی ئامادەکردنی کارەکانن، وتی "کۆنگرەی ئەمجارەی یەکێتی، کۆنگرەیەکی چۆنایەتی دەبێت، چونکە بەخۆداچوونەوەیەکی زۆر جدی لەسەر ئەرکو سیاسەتو پێکهاتەکانی یەکێتی دەکرێت".

یەکێتی دوای ٩ ساڵ کۆنگرە دەبەستێت، حیزبەکەش بەهەورازو نشێوی سەختدا تێپەڕیوە، ئێستا لەقەیرانێکی گەورەی دابڕانی جەماوەریدایە، پاش چوونە دەرەوەی بەشێکی بەرچاو لەسەرکردایەتییەکەی.

ڕوشدی دەڵێت، لەو کۆنگرەیەدا یەکێتی هەنگاوێکی چۆنایەتی دەنێتو ئەوان بڕیاری یەکلاکەرەوەیان داوە کە ژمارەیەکی بەرچاو لەگەنجان بەهەردوو ڕەگەزەکەوە شوێنی خۆیان بگرن، وتی "پێویستە ژن بتوانێت بەتوانای خۆیو دەنگی خۆی سەربکەوێت، بەڵام بۆمان دەرکەوت کۆمەڵگای کوردی بەگشتی نەک بەتەنها یەکێتی تائێستا ژن ئەو چانسە گەورەیەی نییە کە بەدەنگی خۆی بچێتە پۆستی سەرکردایەتی".

ڕوشدی نمونەی هەڵبژاردنی ٣/٧ی هێنایەوە کە هیچ ژنێک نەیتوانی بگاتە پەرلەمان ئەگەر بەکۆتا نەبێت، وتی "بۆیە دەبێت هاوکاری ئەوان بکرێت تا ببرێنە سەرکردایەتی".

نازم عەبدوڵڵا ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی دەڵێت تائێستا کاتی بەستنی کۆنگرەیان دیاری نەکردووە، بەڵام بڕیاری کۆتاییان داوە لەماوەی ئەمساڵدا کۆنگرە ببەستن، ئێستاش چەند لیژنەیەکیان پێکهێناوە کە سەرقاڵی ئامادەکارییەکانی ئەو کۆنگرەیەن کە پێنج ساڵ دوای کۆنگرەی پێشوویانە، وتی "لەسەر ئاستی کوردستانو ناوچەکەش کۆمەڵێک گۆڕانکاریی نوێ ڕوویداوە، بۆیە دەبێت سیاسەتی داهاتووی ئێمەش گۆڕانکاری بەسەردابێت".

نازام عەبدوڵڵا وتی "مەبدەئییەن خۆمان پێمانخۆشە سەرکردایەتی داهاتووی کۆمەڵی ئیسلامی، سەرکردایەتییەک بێت کەجۆراوجۆریو نوێگەری پێوە دیاربێت".

یەکێک لەگرنگترین ئەو بابەتانەی کە ڕووبەڕووی حیزبە کوردستانییەکان دەبێتەوە، ئەوەیە کە پێکهاتەی حیزبیو شێوازی کارکردنیان کلاسیکیو ڕۆژهەڵاتییانەن.

نازم عەبدوڵڵا، دەڵێت ئەو شێوازی کارکردنە حیزبییەی تائێستا هەبووە پێویستە بگۆڕێت، بەهۆی ئەوەی لەسەر شێوازی ستالینیو مارکسییە، وتی "ئێستا عێراقو کوردستان گۆڕانکاری بەسەرداهاتووەو پێویستە شێوازی حیزبایەتییکردنیش بگۆڕێتو بەپێی سەردەمەکە بێت، بەڵام گۆڕانکارییەک نەبێت کە پرەنسیپی کارکردنی حیزبەکەیان تێکبدات".

نازم عەبدوڵڵا دەڵێت لەمەسەلەی ژناندا لەکۆنگرەدا بڕیاردەدرێت شێوازی ژنان چۆن بێتو لەسەرکردایەتیدا بن یان نا، وتی "ڕەنگە بەشێکی زۆریان بێنەسەرەوە تائاستی مەکتەبی سیاسی".

یەکگرتووی ئیسلامی لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا کەهاوپەیمانی سێ حیزبی دیکە بوو، کورسییەکانی کەمیکرد بۆ ٦ کورسی لەکاتێکدا پێشتر ٩ ئەندامی لەپەرلەمان هەبوو.

بەکاریگەری ئەو هاوپەیمانێتییە ڕەوتێک چاکسازی لەناو یەکگرتوودا دروست بوو کە لەکۆمەڵێک گەنجی ڕۆژنامەنووسی یەکگرتوو پێکهاتبوون، بەڵام پاشتر ڕەوتەکە لەگەڵ مەکتەبی سیاسی حیزبەکەدا سازان.

هیوا میرزا سابیر، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی دەڵێت ئەوان ئەمساڵ کۆنگرە نابەستن، بەڵکو لەبری کۆنگرە بەنیازن لەمانگی داهاتوودا کۆنفرانسێک ببەستن بۆ تاوتوێکردنی مەکتەبو دەزگا ناوەندییو مەڵبەندەکانیان، وتی "دوای کۆنفرانسەکە هەڵبژاردن دەکرێت بۆ ئەندامانی نوێی مەکتەبی سیاسیو بەرپرسی مەکتەبی سیاسی، سەرۆکی شورای گشتی، سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لەگەڵ بەرپرسی مەڵبەندو دەزگاو ئۆرگانە ناوەندییەکانی یەکگرتوو".

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو، ڕوونیشکردەوە ئەو کۆنفرانسەی ئەوان دەیبەستن جیاوازییەکەی لەکۆنگرە ئەوەیە کە هەڵبژاردن بۆ ئەمینداری گشتی حیزبو ئەندامانی سەرکردایەتی ناکرێتەوە، دەڵێت "کۆنفرانسەکە لەهەندێک بواردا دەسەڵاتەکانی کۆنگرەی هەیە، بەڵام لەهەندێک بواردا دەسەڵاتی کۆنگرەی پێنەدراوە".

ناوبراو دەڵێت ژنان لەناو سەرکردایەتی یەکگرتوودا جێگەی دیاریان هەیە، وتی "ئافرەتانو خوشکان لەناو یەکگرتوودا پێویستییان بەکۆتا نییە، خۆیان دەنگ دێننو ئەگەر ڕێژەشیان لەپیاوان زیاتر نەبێت ئەوا کەمتر نییە".

بزووتنەوەی گۆڕان کەبزووتنەوەیەکی بەرفراوانی جەماوەرییە، خەڵکی جۆراوجۆری لەڕووی بیروباوەڕەوە گرتووەتەخۆ، پێکهاتەی سەرەکی بزووتنەوەکەش باڵی ریفۆرمو سەرکردە دوورکەوتووەکانی یەکێتین، بەڵام تائێستا پێگەی خەڵکە سەربەخۆکانو ریفۆرمخوازەکانی ناو یەکێتیی بزووتنەوەکە دیار نییە.

بڕیاربوو لەدوای هەڵبژاردنی ٣/٧ بزووتنەوەکە خۆی ڕێکبخاتەوە، تائێستا نازانرێت بزووتنەوەکە سیاسەتی گشتیو پێکهاتەو ئۆرگانەکانی چۆن ڕێکدەخاتەوە.

ئاسۆ عەلی سەرکردەی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێت سەرقاڵی خۆڕێکخستنەوەی بزووتنەوەکەن، دان بەوەشدا دەنێت کە هێشتا هیچ کاتێکیان بۆ بەستنی کۆنفرانس یان کۆنگرەیەک دیاری نەکردووە، وتی "میکانیزمی بەستنی کۆنفرانس یان کۆنگرە دیاریکراو نییە، ئەوە دەکەوێتە سەر بارودۆخو چۆنیەتی میکانیزمو ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی بەچ شێوازێک بێتو لەکەیدا بکرێت".

ئاسۆ عەلی، لەبارەی بەشداریکردنی ژنانو کەسانی سەربەخۆی ناو بزووتنەوەی گۆڕان، جەختی لەوەکردەوە تائێستا هیچ بڕیارێک لەسەر ئەو مەسەلانە نەدراون.

دەستوور ئاگادارە کەپارتی دیموکراتی کوردستانیش بەنیازە لەمساڵدا کۆنگرە ببەستێتو سەرکردایەتی ئەو حیزبە لەئێستادا سەرقاڵی خۆڕێکخستنن بۆ کۆنگرە.

# داوادەکرێت هەردوو جێگری سەرۆکی هەرێمو حکومەت نەمێنێت

## بەپێی پڕۆژەیاسایەکو لەپێناو کۆتاییهێنان بەدۆخی دوو ئیدارەیی، دەبێت ئازاد بەرواری پۆستەکەی لێبسەندرێتەوە

مەعاز فەرحان لەسلێمانی

بۆ کۆتاییهێنان بەدۆخی دوو ئیدارەیی لەهەرێمی کوردستانو لەچوارچێوەی پڕۆژەیاسایەکدا، داوا دەکرێت پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێمو جێگری سەرۆکی حکومەت نەمێنێت، بەڵام چاودێرانی سیاسی دەڵێن ئەوە کۆتایی بەو دۆخە ناهێنێت.

پڕۆژەیاسایەک پێشکەش بەهەریەکە لەسەرۆکایەتی هەرێمو سەرۆکایەتی حکومەت کراوە، بۆ هەموارکردنەوەی سێیەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، ئامانجی سەرەکی پڕۆژەیاسایەکەش، کۆتاییهێنانە بەقۆناغی دوو ئیدارەیی لەهەرێمی کوردستاندا.

لەئێستا جێگری سەرۆکی حکومەت بەدەست پارتییەوەیەو بەئازاد بەرواری دراوەو جێگری سەرۆکی هەرێمیش کەدەبوو بدرێتە یەکێتیو کۆسرەت ڕەسوڵ پاڵێوراوی ئەو پۆستە بوو، تائێستا سەرۆکایەتی هەرێم بەڕەسمی پۆستەکەی پێنەداوە، بەپێی ئەو پڕۆژەیەش بێت دەبێت ئازاد بەرواری پۆستەکەی لێبسەندرێتەوە، لەپێناو کۆتاییهێنان بەدۆخی دوو ئیدارەییو مەسعود بارزانیش واز لەسەرۆکی پارتی بهێنێت.

بەپێی هەمواركردنی یەکەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی ژمارە دووی ساڵی ٢٠٠٦ پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێم دانراوە، بەپێی هەموارکردنەکە سەرۆکی هەرێم ڕاسپاردنەکەی بۆ سەرۆکی حکومەتو جێگرەکەیەتی، پەرلەمانتارێکی لیستی گۆڕانیش ڕایدەگەیەنێت کە بوونی ئەو دوو پۆستە، پێچەوانە دەوەستێتەوە لەگەڵ سیستمی پەرلەمانیدا، بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکرێت ئەو دوو پۆستە نەمێنێت.

ئەو پڕۆژەیە ڕۆژی ٤/١٢ لەلایەن پەرلەمانتارێکی لیستی گۆڕانەوە پێشکەش بەسەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە، چاودێرانی سیاسیو پەرلەمانتارانی لیستی کوردستانیش دەڵێن پڕۆژەی لەو جۆرە کۆتایی بەدۆخی دوو ئیدارەیی ناهێنێت.

خەلیل عوسمان پەرلەمانتاری لیستی کوردستانی دەڵێت تەنها بەشەوو ڕۆژێک کێشەی دوو ئیدارەیی چارەسەر ناکرێت، وتی "ئەو پۆستانەش نەبوونەتە هۆی دوو ئیدارەیی".

بەپێی پڕۆژەیاساکەی لیستی گۆڕان بێت، دەبێت ئازاد بەرواری پۆستەکەی لێبسەندرێتەوە، هەروەها یەکێتیش واز لەوەرگرتنی پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێم بهێنێت.


بێ جێگر سەریان سووکترە

زانا ڕەئوف پەرلەمانتاری لیستی گۆڕان بەدەستووری وت "بوونی پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێمو جێگری سەرۆکی حکومەت، خۆی لەخۆیدا دەرهاویشتەی دۆخی دوو ئیدارەییە، ئێمە بۆ کۆتاییهێنان بەو دۆخە لەڕوانگەیەکی یاساییەوە کاردەکەین". هەروەها وتی "بوونی ئەو دوو پۆستە پێچەوانە دەوەستێتەوە لەگەڵ سیستمی پەرلەمانیدا، پێشنیازمانکرد نەمێنن".

زانا ڕەئوف وتی "لەسیستمە پەرلەمانییەکاندا شتێک نییە بەناوی پۆستی جێگری سەرۆک وەزیران".

بەشی دووەمی ئەو پڕۆژەیاسایە، پەیوەندی بەپۆستی سەرۆکی هەرێمەوە هەیە، زانا وتی "بۆئەوەی کە بیسەلمێنین سەرۆکی هەرێم سەرۆکی پارتێکو جەماوەرێکی دیاریکراو نییە، پێشنیازمان کردووە دەستبەرداری پۆستە حیزبییەکەی ببێت".

خەلیل عوسمان پەرلەمانتاری لیستی کوردستانی وتی "لەئێستادا هەندێک هەنگاوی باش ڕۆیشتووە بۆ نەهێشتنی دیاردەی دوو ئیدارەییو کاری بۆ دەکرێت، لەوانە یەکگرتنەوەی هەندێک دەزگاو پڕۆژەیاسای بودجەو دەزگاکانی ئاسایش، پێموایە ئەمانە سەرەتایەکی باشن بۆئەوەی دوو ئیدارەیی نەمێنێت".

خەلیل وتی "بەڵام ئەمانە کاتیان دەوێتو پێموانییە جێگری سەرۆکی هەرێمو جێگری سەرۆکی حکومەت بووبێتنە ڕێگر بۆ کۆتاییهاتن بەدیاردەی دوو ئیدارەیی".

لەکوردستاندا تائێستاش لەوەزارەتەکانی ناوخۆو دەزگا ئەمنییەکانو چەند دەزگایەکی تر سیمای دوو ئیدارەیی هەر ماوە، بەڵام چاودێرانی سیاسی پێیانوانییە پڕۆژەیاسایەکی لەوجۆرە کۆتایی بەدۆخی دوو ئیدارەیی بهێنێت.

کەنعان حەمەغەریب مامۆستای زانستە سیاسییەکان لەزانکۆی سلێمانی، بەدەستووری وت "وەزیری دارایی بەدانانی خۆی، هەر باسی بودجە دەکات، دەڵێت نەفەسی دوو ئیدارەیی پێوەماوە، بۆیە کێشەی دوو ئیدارەیی تەنها بەمیکانیزم چارەسەر ناکرێت، بەڵکو پێویستی بەئیرادەو سروشتی ململانێ سیاسییەکانەوە هەیە".

کەنعان حەمەغەریب ئاماژە بەوە دەکات کەدوو ئیدارەیی بەوە چارەسەردەبێت کەیەکێتیو پارتی یەکێکیان ببێت بەئۆپۆزسیۆن، "تاکە ڕێگا ئەوەیە یەکێکیان لەحکومەتو ئەویتریان ئۆپۆزسیۆن بێت، ئەگینا لەنێوان دوو حیزبی خاوەن نفوزدا تا دەساڵی تریش بەردەوام دەبێت" کەنعان وای وت.

# داهاتی کوردستان بۆ کتێبە

## ساڵانە بەسەدان ملیۆن دینار بۆ چاپکردنو بڵاوکردنەوەی کتێب لەکوردستاندا خەرجدەکرێت بەبێئەوەی داهاتێک دیاربێت

محەمەد نەجیبو مەعاز فەرحان

تەنها لەساڵی ٢٠٠٩دا، بەپێی ئەو ئامارانەی لەبەدواداچوونێکی رۆژنامەی دەستووردا دەستکەوتووە، لەسنووری پارێزگای سلێمانی ١١٨٥ کتێب لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیرییەوە ژمارەی سپاردنیان پێدراوە، لەچوار مانگی ساڵی ٢٠١٠شدا ٢٣١ کتێب، بەڵام بەشێکی کەم لەو کتێبانە توانیویانە لەفرۆشتنیاندا نرخی تێچوونی خۆیان دەربکەنەوە.


ساڵانە بەسەدان ملیۆن دینار لەلایەن دەزگا حکومیو حیزبییەکانەوە بۆ چاپکردنو بڵاوکردنەوەی کتێب لەکوردستاندا سەرفدەکرێت، بەبێئەوەی هیچکام لەو کتێبانە داهاتێکیان هەبێت.

بەپێی بەدواداچوونێکی وردی دەستوور دەرکەوتووە کتێب هەبووە تەنها چەند دانەیەکی کەمی لێفرۆشراوە، لەکاتێکدا پارەیەکی زۆری تێدا سەرفکراوە، هاوکات بێسەروبەرییەکی زۆر لەکوردستاندا بۆ چاپکردنو بڵاوکردنەوەی کتێب هەیە.

خاوەن دەزگاکانی چاپو بڵاوکردنەوەی کتێبو شارەزایانی بواری بڵاوکردنەوەی کتێب دەڵێن لەئێستادا بێسەروبەرییەکی زۆر لەفرۆشتنی کتێبدا هەیە، بەبێئەوەی کەس خۆی بکاتە خاوەنیو لەلایەن حکومەتیشەوە هیچ لێپێچینەوەیەک بەدیناکرێت.

بەشێک دەڵێن دەزگای گەورەی تایبەت بەبڵاوکردنەوەی کتێب لەکوردستاندا بوونیان هەیە، لەلایەن حکومەتو بەشێک لەبەرپرسانی حکومییەوە هاوکاری مادی گەورەیان پێدەدرێت، بەڵام کتێبەکانیان لەئاستی پێویستدا نینو داهاتیان دیار نییە.

لەبەدواداچوونێکی دەستووردا، لەگەڵ نزیکبوونەوەی رۆژی جیهانی کتێب، دەرکەوتووە لەکوردستاندا جگە لەبێسەروبەرییەکی زۆر لەچاپو بڵاوکردنەوەی کتێب، پارەیەکی زۆریش لەو بوارەدا سەرفکراوە کە لەبەر زۆری پارەکە هیچ کام لەدەزگاکان ئامادەنەبوون رێژەی ئەو پارەیە بۆ دەستوور ئاشکرابکەن کە ساڵانە بۆ


زۆری ناونیشانو کەمی خوێنەر

چاپکردنی کتێبەکانیان سەرفدەکرێت، بەبێئەوەی ئەو کتێبانە کڕیارەکانیان لەئاستی پێویستدا بێت، بەگشتیش دەرکەوتووە تیراژی کتێبەکان لە (١ - ١٠) هەزار تێپەڕناکات، ئەوانەشی ١٠ هەزار دانە چاپدەکەن رێژەیەکی ئێجگار کەمن، رێژەیەکی زۆریشیان لەکتێبخانەکاندا نافرۆشرێنو دەمێننەوە.

بەشێکی زۆر لەو کتێبانەی کە لەبازاڕدا چاپدەکرێنو دواتر بڵاودەکرێنەوە، ژمارەی سپاردنیان پێنەدراوە، کە ئەرکی وەزارەتی رۆشنبیرییە ئەوە بگرێتە ئەستۆ، کتێبەکانیش بەبێ سانسۆر چاپدەکرێنو بڵاودەکرێنەوە.

کارزان شێرکۆ لەبەشی سپاردنی کتێبخانەی گشتی سلێمانی وتی "هەندێک کتێب هەیە کە نووسەرەکەی ژمارەی سپاردنی بۆ وەرناگرێت، وەزارەتی رۆشنبیری ژمارەی سپاردن بەوجۆرە کتێبانە نادات کە ناوزڕاندنو دژایەتی ئاین بکەن".

زۆربەی دەزگاکانی چاپو بڵاوکردنەوە بەحکومیو ئەهلییەوە، ئاماژە بەوە دەکەن کە لەکوردستاندا کتێب بەبێ توێژینەوەو بەشێوازێکی هەڕەمەکی چاپو بڵاودەکرێنەوە.

کامیل محەمەد خاوەنی خانەی چاپو بڵاوکردنەوەی چوارچرا کە لەساڵی ٢٠٠٩دا ٧٠ بەرهەمیان هەبووە، وتی "زۆربەی تیراژەکان هەزاردانە بووە"، ئەوە لەکاتێکدایە پارەیەکی خەیاڵی لەکوردستاندا بۆ چاپکردنی ئەو کتێبانە تەرخاندەکرێت. وتی "ئەوەی کە پێویستەو کتێبی مەنهەجییە لەبازاڕدا نییە، کەناڵێکیش نییە لەنێوان خوێنەرانو چاپکراوەکاندا".

کاژاو جەمال سەرپەرشتیاری کتێبخانەی هاوڵاتی، باس لەبێسەروبەری لەدەرکردنی کتیبو دەزگا وەهمییەکان دەکات کە لەلایەن حکومەتو بەرپرسانەوە پشتگیری دەکرێن، بەبێ ئەوەی بوونیان هەبێت.

کاژاو وتی "بڵاوکردنەوەی کتێب بەپێی پێویستییە مەنهەجیو پرۆگرامی زانکۆکان نین، پێشانگاکان کەس نازانێت کێ پشتگیرییان دەکات".

بەڕای کاژاو هەندێک دەزگا هەن هیچ بوونێکیان نییە، بەڵام حکومەت چەندین پێشانگای بۆ کردوونەتەوە، "داشکاندنێکی زۆری بۆ کردوون دزییەکی زۆریشی تیادا دەکرێت" کاژاو وای وت.

سەرپەرشتیاری کتێبخانەی هاوڵاتی بەردەوامبوو "حکومەت پێشانگا بۆ دەزگای وەهمی دەکاتەوە". بۆ پشتگیری قسەکانی، کاژاو نمونەی هێنایەوەو وتی "دەزگای هوما لەهەولێر بەبێ ئەوەی کە بوونێکی ئەوتۆی هەبێت ساڵانە حکومەت پێشانگای بۆ دەکاتەوە".

شوان سلێمان مامۆستای زانکۆو پسپۆڕ لەبواری کتێب لەهەولێر وتی "بڵاوکردنەوەی کتێب تائێستا بەپێی توێژینەوە نەکراوەو هەندێ دەزگا هەیە کە سەر بەحیزبەو ئاڕاستە لەحیزبەوە وەردەگرێت بۆئەوەی کتێب بڵاوبکاتەوە". دەزگا حکومییەکانیش بەهەمان شێوە هاوڕان لەسەرئەوەی کە بێ سەروبەرەیی لەبڵاوکردنەوەدا هەیە.

محەمەد کوردۆ بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی چاپو بڵاوکردنەوەی سلێمانی وتی "ئەو کتێبانەی چاپدەکرێن بەشێکی زۆریان خراپە، بەشێکی کەمیان باشن".

چاپکراوەکانی رێکخراوە دیموکراتییەکان، لەساڵی ٢٠٠٩دا ٣٥ کتێبیان چاپکردووە.

سامی هادی بەرپرسی یەکەمی مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکان وتی "تاوەکو ئێستا هیچ توێژینەوەکمان نەکردووە بۆئەوەی بەو پێوەرە چاپو بڵاوبکەینەوە باشبوو ئەوەتان بیرخستینەوە".

خاوەنی دەزگاکان کۆکن لەسەرئەوەی هیچ کامیان بەرنامەو توێژینەوەو لێکۆڵینەوەیەکی وردیان لەسەر چۆنییەتی چاپو بڵاوکردنەوەی کتێب کردبێت، بەڵکو بەشێوەیەکی هەڕەمەکی کتێب دەخەنە بازاڕەوە.

حەسەن یاسین لەمەکتەبی بیرو هۆشیاری یەکێتی وتی "بەلێکۆڵینەوە ئیشمان نەکردووە". ئەوان لەساڵی ٢٠٠٩دا ٤١ کتێبیان بەتیراژی هەزار بۆ ٢ هەزار دانە چاپکردووە.

لەئێستادا ململانێیەک لەنێوان دەزگا حکومیو ئەهلییەکاندا بەروونی دەبینرێت، دەزگا حکومییەکان سەرەڕای بوونی بودجەیەکی گەورە لەبەردەستیان، بەڵام کتێبەکانیان هیچ بەرهەمێکیان نییە، جگە لەکەمی تیراژیان کە بەڵگەیە بۆ ئەوە، خۆشیان دان بەنەبوونی بەهرەمەکانیاندا دەنێن.

کامیل محەمەد خاوەنی خانەی چاپو بڵاوکردنەوەی چوارچرا بەدەستوری وت "ئەگەر حکومەت سەیری دەزگا حکومیو حیزبییەکان بکات، هەستدەکات تووشی شەلەلێک بووە دەبینین بودجەیەکی زۆر سەرفدەکرێتو بەرهەمێکی کەمیان هەیە".

کاژاو رایگەیاند کە چاپخانە ئەهلییەکان ئیشی باشیان کردووە "کتێبە باشەکان چاپخانە ئەهلییەکان بڵاویانکردووەتەوە، دەزگا حکومییەکانیش لەسەرفکردنی پارەدا درێغی ناکەن".

حەسەن خاوەنی کتێبخانەی ئاوێر لەهەولێر وتی "١٣٠ کتێبمان چاپکردووە، بەتیراژی دوو هەزار".

دەزگا حکومییەکان دەڵێن دەزگا ئەهلییەکان ئیشی باش دەکەن، چونکە قازانجیان دەوێت، بەڵام ئەوان دەڵێن "ئێمە هۆشیارکردنەوەمان بەلاوە گرنگترە".

محەمەد کوردۆ بەدەستووری وت "دەزگا ئەهلییەکان قازانجیان بەلاوە گرنگترە، بەڵام ئێمە بیر لەقازانج ناکەینەوە، بیر لەبەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری دەکەینەوە".

ئازاد بەرزنجی پێیوایە لەکوردستاندا بازاڕی کتێب گەرم نییە، "مەگەر بۆ هەندێک جۆری کتێب نەبێت، کە هەندێکیان بازاڕینو ئەوانی تر جدیین".

بەرزنجی وتی "تەنها نوخبەیەک کتێبی کەم دەتوانن تێچووی خۆی بەدەستبهێنێتەوە".

تیراژی کتێبی دەزگاکان بەشێوەیەکی گشتی، یاری پێدەکرێتو ئەو تیراژەی دەنووسرێت بەلای کتێبفرۆشەکانەوە خەیاڵییە.

حەمە ژیار کتێبفرۆش لەبەردەرکی سەرا وتی "تیراژی بەشێکی زۆر لەکتێبەکان خەیاڵین، تەنها بۆ ئەوەیە نووسەر خوێنەر بەلای خۆیدا رابکێشێت".

خاوەنی خانەی چاپو بڵاوکردنەوەی چوارچرا وتی "کتێبە وەرگێڕاوەکان، تیراژەکەیان راستن، تا ئێستا دوو کەس هاتوون بۆ لای ئێمە بڵێن تیراژ بەزیادەوە بنووسن".

# میدیای ئەلکترۆنی خۆری رۆژنامە چاپکراوەکان ئاوا دەکات؟

## تادێت بەکارهێنەرانی میدیای ئەلکترۆنی زیاتر دەبنو مەترسی بۆ سەر کەمکردنەوەی تیراژی رۆژنامەکان دروستدەکەن

زانیار محەمەد

هەرچەندە بەردەوام ژمارەی رۆژنامە چاپکراوەکان زیاددەکات، هاوکات میدیای ئەلکترۆنیش لەهەرێمی کوردستاندا لەگەشەسەندنو برەودایە، بەجۆرێک هەندێک لەشارەزایان پێیانوایە میدیای ئەلکترۆنی، کاردەکاتە سەر کەمبوونەوەی ژمارەی خوێنەری رۆژنامە چاپکراوەکان.

بەپێی ئاماری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، ئێستا زیاتر لە٨٠٠ کەناڵی میدیاو رۆژنامەوانی هەیە. بەڵام ئەو سەندیکایە هیچ ئامارێکی لەبەردەستدا نییە چەند لەو ژمارەیە میدیای ئەلکترۆنین. هەرچەندە میدیای ئەلیکترۆنی لەلایەنی فەرمییەوە فەرامۆشکراوە، بەڵام تادێت جێگەی خۆی زیاتر دەکاتەوە، بەرتەسکی بەکارهێنانی ئینتەرنێت تەنها بەربەستی بەهێزە لەبەردەمیدا.

بوونی مەودای فراوانی ئازادی نووسینو شاردنەوەی نووسەرە راستەقینەکان، بەکارهێنانی لەدەرەوەی وڵاتەوە، وا دەکات کە هەندێکجار ئێتیکی رۆژنامەوانی لەو ماڵپەڕانەوە پێشێل بکرێن. لەیاسای رۆژنامەوانی کە لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەندکراوە، باس لەمیدیای ئەلکترۆنی ناکرێتو چۆنییەتی رێکخستنو پەبابەندبونی بەیاساوە ناکرێت، بەو هۆیەشەوە رۆژنامەوانانو پسپۆڕان پێیانوایە نەبوونی یاسای میدیای ئەلکترۆنی، هۆکارێکە بۆ دەربەستنەبوونی میدیا ئەلکترۆنییەکان، بەئیتیکی رۆژنامەوانییەوە.

سامان فەوزی مامۆستای ئیتیکی راگەیاندن لەزانکۆی سلێمانی بۆ دەستوور وتی "بەهۆی بڵاوبوونەوەی ئینتەرنێتو کۆمپیوتەرەوە، خوێنەری میدیای ئەلکترۆنی زیادیکردووە، ئەوەش کاریگەریی کردووەتە سەر کەمبوونەوەی ژمارەی خوێنەری رۆژنامە چاپکراوەکان".

ناوبراو هۆکارەکانی زیادبوونی خوێنەرانی میدیای ئەلکترۆنی روونەدەکاتەوەو ئاماژە بەوەدەدات "دەستکەوتنی هەواڵی خێراو پەیوەستنەبوون بەسنوورێکی دیاریکراو و زۆریی سەرچاوەکانی هەواڵو زانیاریو بوونی وێنەو دەنگ لەمیدیای ئەلکترۆنیدا، هۆکارن بۆ زیادبوونی خوێنەرانی ئەو جۆرە میدیایە". وتیشی "میدیای ئەلکترۆنی خۆری رۆژنامەی چاپکراو ئاوادەکاتو وردە وردە خوێنەریان کەمدەبێتەوە". بەڵام نایشارێتەوە "رۆژنامەی چاپکراو سیحری خۆی لەدەستناداتو خوێندنەوەی چێژی تایبەتو جیاوازی هەیە، بەو هۆیەوە هێشتا خەڵکانێکی زۆر دەستبەرداری نەبوون".

یەکێک لەخەسڵەتە گرنگەکانی رۆژنامەی چاپکراو، ئەوەیە لەهەر کوێ بیت، دەتوانی رۆژنامەکە بخوێنیتەوە، بەپێچەوانەی میدیای ئەلیکترۆنییەوە تەنها لەسەر کۆمپیوتەر دەتوانیت دەستت پێی بگات.

هەرچەندە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی میدیای ئەلکترۆنی بەو شێوازەی ئێستای دەگەڕێتەوە بۆ سالی ١٩٩٢، بەڵام دوای ٨ ساڵ ئەو جۆرە میدیایە گەیشتە هەرێمی کوردستان، ئەوەش لەڕێگەی خستنەسەر تۆڕی ئینتەرنێتی رۆژنامەکانی کوردستانی نوێو خەباتو هاوڵاتی.

سادق حەمەغەریب مامۆستای بەشی راگەیاندن لەزانکۆی سەلاحەدینو پسپۆڕی بواری میدیای ئەلیکترۆنی، لەلێدوانیکدا بۆ دەستوور پێیوایە "بوونی رووبەرێکی زیاتری ئازادیی ڕادەربڕین لەمیدیای ئەلکترۆنیدا، هۆیەکە بۆ راکێشانی خوێنەران". ئاشکراشیکرد "میدیای ئەلکترۆنی کاریگەریی نەرێنی هەیە لەسەر رۆژنامەی چاپکراو". بەڵام بەبۆچوونی ئەو مامۆستایە "بوونی راستگۆیو ئاشکرایی شوێنو کەسانی ناو رۆژنامەو پابەندبوونیان بەیاساوە، هۆیەکە بۆ مانەوەی ئیعتیباری رۆژنامەی چاپکراو".

نەژاد جەلال سەرنووسەری سایتی سبەی پێیوایە "هۆکاری راکێشانی سەرنجی زۆرترین خوێنەر لەمیدیای ئەلکترۆنیدا ئەوەیە، کە ئەو میدیایە مرۆڤ ئاسانتر دەستی پێدەگاتو کارکردنی خێرایەو لەسەر سیستمی کات کاردەکات". نەژاد ئاماژە بەوەشدەدات "بەپێی ئامارەکان لەدنیادا ساڵانە ٥٪ خوێنەری رۆژنامە کەمدەکات".

هاوکات یوسف حەمەکەریم بەرپرسی بەشی هەواڵی ئاژانسی هەواڵی ناوخۆ روونیکردەوە "زۆربوونی میدیا ئەلکترۆنییەکان، کاریگەریی راستەوخۆی دەبێت لەسەر کەمبوونەوە ژمارەی خوێنەری رۆژنامە چاپکراوەکان". وتی "میدیای ئەلکترۆنی لەهەرێمی کوردستاندا زیاتر بەمەبەستی خراپ بەکارهاتووە، ئەوەش بەهۆی نەبوونی سانسۆرەوەو کۆنترۆڵکردنی ئاسان نییە".

عەلی کەریم نووسەرو رۆژنامەنووس وتی "هەرکاتێک میدیای ئەلکترۆنی گەشە دەکات، لەبەرامبەردا خوێنەرانی رۆژنامە چاپکراوەکان کەمدەکات". هەروەها وتی "کەسانێک هەن پێشتر رۆژنامەی چاپکراویان نەخوێندووەتەوە، بەڵام ئێستا خوێنەری رۆژنامەی ئەلکترۆنین".

یەکێک لەگرفتەکانی میدیای ئەلکترۆنی، نەبوونی یاسایەکی دیاریکراوە بۆ ئەو جۆرەی میدیا، سامان فەوزی پێیوایە "هێشتا هەموو رەهەندەکانی رۆژنامەی ئەلکترۆنی روونو ئاشکرا نین، بۆیە زەحمەتە بەندو یاسای بۆدابنرێت".

سادق حەمە غەریبیش وتی "لەیاسای رۆژنامەوانیی کوردیدا بۆشاییەکی گەورە هەیە، چونکە هیچ ئاماژەیەک نییە بۆ میدیای ئەلکترۆنی"، وتیشی "میدیای ئەلکترۆنیی کوردی زیاتر کار لەسەر وروژاندنی هەستو سۆز دەکات".

بەڵام نەژاد عەزیز نەبوونی یاسای رۆژنامەوانیی تایبەت بەمیدیای ئەلکترۆنی، دەگەڕێنێتەوە بۆئەوەی کە "زۆرجار میدیای ئەلکترۆنی ئاشکرا نییە کێ خاوەنییەتی، کێ سەرپەشتی دەکات، لەکوێوە کاردەکات".

یوسف حەمە کەریمیش دەڵێت "پێویستە بەندی تایبەت بەمیدیای ئەلکترۆنی بخرێتە ناو یاسای رۆژنامەگەریی کوردییەوە"، بەڵام عەلی کەریم ئاماژە بەوەدەدات "دەتوانیت لەڕێگەی یاساوە هەندێک بەشی میدیای ئەلکترۆنی رێکبخەیت، بەڵام ناتوانیت هەموو میدیای ئەلکترۆنی رێکبخەیت".

ناوبراو ئاشکراشیکرد "پرۆژە یاسایەکی تایبەت بەمیدیای ئەلکترۆنیمان بەپێی ستاندارده جیهانییەکان ئامادەکردووەو لەداهاتوودا پێشکەشی پەرلەمانی دەکەین".

> بوونی رووبەرێکی زیاتری ئازادیی ڕادەربڕین لەمیدیای ئەلکترۆنیدا، هۆیەکە بۆ راکێشانی خوێنەران

لاپەڕە٩

# "بەشێك لەسیاسییەکان، بەرژەوەندییان لەئاڵۆزبوونی بارودۆخی کەرکوکە"

## محەمەد عوسمان لێپرسراوی مەکتەبی پەیوەندییەکانی یەکێتی لەکەرکوک بۆ دەستوور

سازدانی: کاروخ نامیق

**محەمەد عوسمان ناسراو بەحەمە دووشیوانی، لێپرسراوی مەکتەبی پەیوەندییەکانی یەکێتی لەکەرکوک، دەڵێت ئەو قسانە راست نین گوایە ٢ هەزار دەنگی غەیرە کوردمان لەکەرکوک هێناوەو وتی "ئێمە ٧ هەزارمان هێناوە"، هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە تەنها ئەو عەرەبانەی لەمەکتەبەکەی وەک فەرمانبەر دامەزرێنراون ١٨٠ کەس دەبن.**

**دەستوور:** سەرەڕای هەوڵەکانی ئێوە، بەڵام گرژیو ناکۆکییەکانی نەتەوەکانی کەرکوک تادێت زیاتر دەبێت، پێشتر تەنها ناکۆکییەکان لەنێوان هێزە سیاسییەکاندا بوو، بەڵام ئێستا خەریکە ململانێیەکان خەڵکی ئاساییش دەگرێتەوە، هۆکاری ئەوە چییە؟

**محەمەد عوسمان:** ئەوانەی لەکەرکوک نەبن نازانن کەرکوک چییە؟ کەرکوک هەولێرو سلێمانیو موسڵو بەغدا نییە، کەرکوک تایبەتمەندییەکی تایبەت بەخۆی هەیە، هەموو پێکهاتەکان لەم شارە بوونیان هەیە، زیاتر لەهەشت پێکهاتەی بنەڕەتی لەم شارەدا بوونی هەیە، ئەم هەشت پێکهاتەیە هەریەکەو بەرژەوەندی خۆی هەیە هەریەکەو جۆرێک تێگەیشتنی بۆ ژیان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر سەیری شەقامی کەرکوک بکەین لەناو پێکهاتەکانی کەرکوکدا کێشەی وانییە، بەڵکو نەتەوەکانی کەرکوک مێژوویەکی دووروودرێژیان لەگەڵ یەکتری هەیەو پێکەوە کاریان کردووەو ژیاون، زۆریشیان ژنو ژن خوازیان لەنێواندا هەیە، بەڵام ئەوانەی زیاتر بارەکەیان گرژ کردووە، هەندێک لەسیاسییەکانن، سیاسییەکانیش هەندێکیان بەرژەوەندییان لەو بارودۆخە گرژییەدایە، بۆیە ئەگەر سیاسییەکان بیانەوێت ئەم بارودۆخە چاک بکەن، زۆر بەئاسانی دەتوانن چاکی بکەن، بەڵام هەندێک لەئەوان بەتەواوەتی بارودۆخەکەیان تێکداوە.

**دەستوور:** ئەو سیاسییانە کێن بوونەتە هۆی ئاڵۆزکردنی بارودۆخی کەرکوک؟

**محەمەد عوسمان:** مەبەستەکە روونە، تەنانەت لەچەند رۆژی رابردوودا لەفێستیڤاڵی ناساندنی کەرکوک وەک پایتەختی رۆشنبیری عێراق، یەکێک لەبەرپرسەکانی غەیری کورد، وتی ئامادەنیم لەم بۆنەیە دابنیشم، لەبەرئەوەی وتاری هەرێمی کوردستانی تێدایە.

**دەستوور:** هەڵبژاردن وەک بەڵگەیەک چاوی لێدەکرێت، بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست ئێمە کەوتووە، تەنها ٢ هەزار عەرەبو تورکمان دەنگیان بەلیستی هاوپەیمانیداوە، ئەمە نمونە نییە بۆئەوەی کەرکوکییەکان ئامادەنین بۆ لیستی غەیری نەتەوەکەی خۆیان دەنگبدەن.

**محەمەد عوسمان:** لەکەرکوکو عێراق بەگشتی واقیعێک هەیە ئەویش ئەوەیە تائێستا خەڵک دەنگدانی دەگەڕێتەوە بۆ نەتەوەو مەزهەبو گروپەکەی خۆی، ئێمەش وەک مەکتەبی پەیوەندییەکان ئەوەندەی بۆمانکراو هەوڵماندا تورکمانو عەرب دەنگ بەلیستی یەکێتی بدەن، دەنگیشیاندا، ئێمە لەکەرکوک ٣ لیستمان هەبوو، یەکێک لەوانە لیستی هاوپەیمانی کوردستانی بوو، بەڵام ئێمە وەک یەکێتی لیستێکمان هەبوو بۆ تورکمان بەناوی (قائمە ترکمان کرکوک) کەزیاتر لە٢ هەزار دەنگیان هێنا، بۆ عەرەبەکانیش لیستێکمان هەبوو بەناوی (الكتلة العربية الوطنية العراقية) نزیکەی ٥ هەزار دەنگیان هێنا، بەم پێیە دەتوانین بڵێین زیاتر لە٧ هەزار دەنگی غەیرە کورد بۆ یەکێتی هاتووە، لەبەرئەوە ئەو قسەیە راست نییە، ئێمە ٢ هەزار دەنگمان هێناوە لەناو عەرەبو تورکمان، ئێمە ئەو ٧ هەزارەی ئەو دوو لیستە هێناویانە بەدەنگی خۆمانی دەزانین، چونکە ئەو لیستانە لیستی یەکێتی بوون.

**دەستوور:** بەپێی ئەو زانیارییانەی بەئێمە گەیشتووە ئێوە دەیان هەزار موچەخۆرتان هەیە لەنەتەوەکانی تورکمانو عەرەب، بەڵام وەک پێشتر باسمانکرد تەنها ٢ هەزار لەوانە دەنگیان پێداون بۆچی ئەوانە دەنگیان بەلیستی هاوپەیمانی نەدا؟

**محەمەد عوسمان:** کاتێک سەردانی مام جەلالمان کرد لەبەغداد، عەرەبەکان دوایانکرد موچە بۆ هەندێک لەوان ببڕدرێتەوە، لەبەرئەوەی بێکارییەکی زۆر هەبوو لەناوچە عەرەبییەکان، ئەوکاتە بڕیاردرا ١٨٠ عەرب لەم مەکتەبە بەفەرمانبەر دابمەزرێنرێنو موچەیان وەردەگرت، ئەمانە دابەشبوون هەندێکیان دەنگیان بەلیستی هاوپەیمانی کوردستان دا، هەندێکی تریشیان دەنگیان بەلیستی عەرەبیدا کەخۆمان پشتگیریمان دەکرد.

**دەستوور:** ئەو پارەیەی بەوانی دەدەن بۆ خزمەتی ئاوارەکان بووایە باشتر نەدەبوو، ماڵی وێرانو دڵی رەنجاوی ئەوانتان بدایەتەوە گرنگتر نەبوو، هەڵبەت ئەمە بەو مانایە نییە تورکمانو عەرەب رەتبکرێنەوە، بەڵام ئێمە کەخۆمان دەردمان هەیە تیماری ئەوەی خۆمان لەپێشترە، هەروەک میکانیزمی تر هەیە بۆ سەرنج راکێشانی تورکمانو عەرەبەکان؟

**محەمەد عوسمان:** لەسەرەتای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە تائێستا ١٥٠ملیۆن دۆلارمان لەئاوارەکان خەرجکردووە، لەگەڕەکە کوردییەکان ٩ ملیار دینارمان خەرجکردووە، ئێستاکەش بای ٢٠ ملیۆن دۆلار پڕۆژەمان بۆ ناوچە کوردییەکان هەیە.

**دەستوور:** هەندێک رەخنەی ئەوەتان لێدەگرن کە ئێوە مامەڵە لەگەڵ حیزبی کارتۆنی تورکمانیدا دەکەن، ئەوانەش پەراوێز دەخەن کەجەماوەری تورکمان پشتگیرییان دەکەن؟ پێتانوانییە کاتی ئەوە هاتووە دەستبەرداری ئەوانەبن کەجەماوەریان لەگەڵ نییەو راستەوخۆ لەگەڵ حیزبە جەماوەرییەکان گفتوگۆ بکەن؟

**محەمەد عوسمان:** بەرەی تورکمانی یەکێکە لەو حیزبانەی دژایەتی سەرسەختی خەڵکی کوردستان دەکات، تائێستا من خۆم نزیکەی ٣ جار بەوەفدێک سەردانیانمانکردووەو پەیوەندی فەرمیمان لەگەڵیاندا هەیە، هەر بۆنەیەکیان هەبووبێت بەشداریمان کردووە، ئەوانیش بەشداریان لەبۆنەکانی ئێمەدا کردووە، حیزبە عەرەبییەکان نەک لەکەرکوک، لەحەویجە سەردانیانمکردووە، حیزبە تورکمانییەکانی تریش پەیوەندیمان هەیە لەگەڵیان وەک حیزبی قرار، تورکمان ئیلی، نیشتیمانی تورکمانی.

**دەستوور:** پارتی دەڵێت یەکێتی لەخۆڕایی پارە دەداتە تورکمانو عەرەبەکانو ئەوانیش هەرگیز دەنگ بەکورد نادەن؟ ئەوان دژی ئەو هەنگاوانەن، پێتوانییە رایەکەیان دروستە؟

**محەمەد عوسمان:** شتیوام گوێ لێنەبووە، بەڵام ئەگەر شتی واشهەبێت زۆر ئاساییە، پارتی سیاسەتی خۆی هەیەو ئێمەش سیاسەتی خۆمان هەیە، پارەشمان هەڵنەڕشتووە بۆ هیچ کەسێک، خۆناشکرێت ئەوەی سەدام حسێن کردی ئێمە بەدیوێکی تردا بیکەینەوە، ئەو کوردی راودەنا ئێمەش بچین عەرەبو تورکمانو مەسیحی راوبنێین.

**دەستوور:** هەندێک دەڵێن رەفتاری بەرپرسانی پارتی ئیفتیزازکەرانەیە بۆ نەتەوەکانی تر، تۆش هەمان رات هەیە؟

**محەمەد عوسمان:** من هەستم بەوە نەکردووە، بەڵام ئێمە وەک یەکێتی سیاسەتی خۆمان هەیە، پارتیش سیاسەتی خۆی هەیە.

**دەستوور:** بۆ داهاتوو کورد چی بکات تا تورکمانو عەرەبەکان بۆلای خۆی رابکێشێتو دۆستایەتیان بکات؟

**محەمەد عوسمان:** دەبێت هەوڵبدەین بەپێی دەستوور مامەڵە بکەین، هەوڵبدەین لەگەڵ هەموو لایەنەکان ئەو رێککەوتننامانەی لەگەڵیان دەیکەین بەدیکۆمێنتی بکەین.


محەمەد عوسمان

# "بەهۆی هەڵوێستەکانمەوە دژایەتی کراوم، بەڵام نیگەران نیم"

## ناسیح مەجید ئەندامی سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئیسلامی بۆ دەستوور

سازدانی: عەلی بانیشاری

**ناسیح مەجید ئەندامی سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئیسلامی لەبارەی کەمبوونەوەی دەنگەکانیان دەڵێت دۆستانو لایەنگرانی بزووتنەوەی ئیسلامی ناتوانن لەو هەلومەرجەدا دەنگبدەن بەلیستو قەوارەیەک کە لەگەڵ بیرو بۆچوونیاندا یەکناگرێتەوە. ئەو وتی "بزووتنەوە دووچاری قەیرانێکی گەورە بوویەوە بەتایبەت مەکتەبی سیاسی، لەدیاریکردنی ناوی کاندیدەکاندا، ئەمەش هۆکارێکی تری کەمبوونەوەی دەنگەکانمانە".**


ناسیح مەجید

**دەستوور:** بزووتنەوەی ئیسلامی لەهەڵبژاردنەکاندا نەیتوانی خۆی بگەیەنێتە پەرلەمانی عێراق، لایەنگرانتان پێیانوایە کاندیدکردنی محەمەد علی عەبدولعەزیز هۆکاری سەرەکی بووە لەسەرنەکەوتنتان، چونکە پێیانوایە محەمەد مێژوویەکی تاڵی هەیەو بانگەشەکانیشی خۆیان لایەنی نەرێنییان زۆر بووە تائەرێنیی، ئایا ئەگەر کەسێکی تر خۆی کاندید بکردایە لەنێو بزووتنەوەدا، دەتانتوانی سەرکەوتن بەدەستبهێنن؟ قسەی تۆ لەم نێوەندەدا چییە؟

**ناسیح مەجید:** سەرکەوتنو سەرنەکەوتن لەهەڵبژاردندا بەپلەی یەکەم نەبەستراوە بەخودی کاندیدەکەوە، بەڵکو بەپلەی یەکەم بەستراوەتەوە بەخودی سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئیسلامییەوە، ئەو هەلومەرجەی کەهەڵبژاردنەکەی پێدا دەڕوات، چونکە دۆستانو لایەنگرانی بزووتنەوەی ئیسلامی ناتوانن لەو هەلومەرجەدا دەنگبدەن بەلیستو قەوارەیەک کە لەگەڵ بیرو بۆچوونیاندا یەکناگرێتەوە، ئەندامانی بزووتنەوەی ئیسلامی کاریگەری ئەوەیان لەسەرە کەدەبێت بزووتنەوە یان لەچوارچێوەی لیستێکی ئیسلامیدا کاربکات یان دەبێت بەتەنها بێت، چونکە ئەوان بەو چاوە دەڕوانن بۆ هاوپەیمانێتی کەپێشتر هەندێک حیزبی تر بەشدارییان تێدا کردووەو زیانیان لەو هاوپەیمانییە لێکەوتووە، بۆیە ئەوانیش بەساردیو شێوازێک لەدڵ برینداری بەشداری ئەو هەڵبژاردنەیان کرد.

لەلایەکی تریشەوە سەرکردایەتی بزووتنەوە دووچاری قەیرانێکی گەورە بوویەوە بەتایبەت مەکتەبی سیاسی لەدیاریکردنی ناوی کاندیدەکاندا، بۆیە کەمی ژمارەی کاندیدەکانیش هۆیەکی تربووە بۆ کەمی ئەو دەنگانەی کەبزووتنەوە بەدەستی هێناون.

**دەستوور:** لەچەند ژمارەی پێشووی دەستووردا عیرفانی مەلا ئەحمەد باسی لەوە کردبوو کەپارتی فێڵی لەبزووتنەوەی ئیسلامی کردووە لەهەڵبژاردندا، پارتییەکانیش دەڵێن ئێمە پەیوەندیمان پتەوە لەگەڵ بزووتنەوەداو بیرمان لەو کارە نەکردووەتەوە، ئایا پارتی فێڵی لەبزووتنەوە کردووە؟

**ناسیح مەجید:** بڕیاردان لەسەر چۆنیەتی مامەڵە سیاسییەکان لەگەڵ لایەنەکانی تری کوردستان، زۆرجار زیانی لێدەکەوێتەوە، وەک ئەوەی کە بەسەر بزووتنەوەدا هات، بۆیە تائێستا هیچ بڕیارێکی سیاسی لەسەرکردایەتی بزووتنەوەوە لەم بوارەدا بەڕەسمی رانەگەیەنراوە، بۆیە هەر هەڵوێستو روونکردنەوەیەک لەو بوارەدا دەبێتە رای تاکەکەسی تا ئەوکاتەی بەفەرمی سەرکردایەتی لێدوانی خۆیو بڕیاری کۆتایی خۆی دەدات، رای منیش لەسەر ئەوەی کەئایا پارتی فێڵی لەبزووتنەوە کردبێت، ئەوە بەڕاست نازانم، چونکە هەڵوێستی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بەرانبەر بەبزووتنەوە بەئێستاشەوە بەرەو ئاسۆیەکی باشتر دەڕوات نەک پاشەکشێ.

**دەستوور:** چاودێرانو راگەیاندنی کوردی ئەو دەنگۆیانە بڵاودەکەنەوە کەئەو لایەنە سیاسییانەی نەبوونەتە خاوەن کورسی، لەداهاتوودا پاڵدەدەن بەیەکێتیو پارتییەوە؟ بزووتنەوە ئەو کارە دەکات لەکاتێکدا ئەگەر لایەنگرانیشتان رازیبن؟

**ناسیح مەجید:** ئەگەر لایەنەکانی تریش ئەو هەڵوێستە ئەنجامبدەنو خۆیان هەڵبوەشێننەوەو بچنە ناو ریزەکانی پارتیو یەکێتییەوە، ئەوا مەحاڵە بزووتنەوەی ئیسلامی شتێکی وابکات، چونکە بزووتنەوەی ئیسلامی لەخەباتی شاخیشدا، هەرچەندە پشتگیرو هێزێکی هاوکاری بەرەی کوردستانی بووە، بەڵام رۆژێک لەرۆژان بیری لەوە نەکردووەتەوە کەخۆی تێکەڵ بەو لایەنانە بکات، بەتایبەت لایەنی عەلمانی.

**دەستوور:** بڕیاربوو پۆستی وەزیری ئەوقاف وەربگریت، دواتر درا بەکامیلی حاجی عەلی، تۆ بۆچی خۆت کاندید نەکرد بۆ پەرلەمانی عێراق کەخاوەنی زۆرترین جەماوەی لەنێو بزووتنەوەدا؟

**ناسیح مەجید:** ئێمە وەک لیژنەیەک کە سەردانی د.بەرهەممان کرد، ئەوەمان پێراگەیەنرا کەدەبێت ناوی سێ کاندید بدەن بەحکومەت، ناوی منیش لەناو لیستی ئەو سێ ناوەدا بووە نەک ئەوەی ئەو پۆستە درابێت بەمنو لێم وەرگیرابێتەوە، بەڵکو من وەک خۆم زۆر شانازیم بەوەوە کردووە کەکاک حاجی کامیل ئەو پۆستەی وەرگرتووە، هەمیشەش ئامادەبووم وەک سەربازێک لەخزمەتیدابم، سەبارەت خۆکاندیدکردنم بۆ پەرلەمان، ئەوە بڕیاری مەکتەبی سیاسی بووە نەک شورا، بۆ دیاریکردنی کاندیدەکانو ئەوکاتەش مەکتەبی سیاسی ئەو هاوپەیمانیەتییەی ئیمزا کردووە، لیژنەی باڵای هەڵبژاردنیش داوای یەک ناوی کردووە لەهەربازنەیەکی هەڵبژاردندا.

**دەستوور:** دەوترێت بەهۆی وتنی راستییەکان دژایەتی زۆر دەکرێیت لەلایەن کۆمەڵێک کەسی مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتی، ئەو دژایەتییانە لەسەر چ بنەمایێکن؟ ئایا ئەو دژایەتییانە نەیانهێشتووە خۆت بپاڵێویت؟

**ناسیح مەجید:** من هەمیشە شانازی بەوەوە دەکەم کە بەبێ پێچوپەنا راو بۆچوونی خۆمم وتووە لەناو شورای بزووتنەوەدا، ئەگەر لەسەر ئەو هەڵوێستەشم دژایەتی بکرێم ئەوا هیچ نابێتە نیگەرانی بۆ من، بەهیچ شێوەیەکیش هەستم بەوە نەکردووە کە لەسەر ئەو بنەمایە بووبێ کەناوی من کاندید نەکرابێت.

**دەستوور:** پێتوانییە بزووتنەوە لەکاتی هەڵبژادنەکاندا تووشی کێشە دەبێت، لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان پشتگیریکردنی مەلا کرێکار بۆ بزووتنەوە، لەهەڵبژادنی پەرلەمانی عێراق بانگەشە توندەکانی محەمەد عەلی عەبدلعەزیز، ئەمانە بۆچی روودەدەن لەناو بزووتنەوەدا؟

**ناسیح مەجید:** لەکاتی هەڵبژاردندا زۆر شتی چاوەڕواننەکراو روودەدەن، ئەمانەش لەناو لایەنەکاندا شتێکی سروشتییە، دۆستانی بزووتنەوە لەهەرجێگایەکدابن هەر هاوکارو هەماهەنگیان کردووە، چونکە لەو بڕوایەدان رۆژێک دەبێت تەنها بزووتنەوەی ئیسلامی لەسەر بنەماو سابتییەتی خۆی دەمێنێتەوە بۆ پارێزگاری لەپیرۆزییەکانی ئیسلامی خەڵکی کوردستان، ئەوەندەی من لەنزیکیشەوە ئاگاداربم کەمحەمەد عەلی عەبدولعەزیز هیچ لێدوانێکی توندوتیژی لەدژی هیچ لایەنێک نەداوە.

# دانووسانە گەورەکان دوور لەبەغداد دەکرێن

## کێ حکومەت پێکدەهێنێت؟ ئەوانەی خەڵک دەنگی پێداون، یان دەوڵەتانی دەرەوە؟

دەستوور

بەڕای چاودێران ئەنجامی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی مانگی رابردووی عێراق، هەلی دەستتێوەردانی بۆ وڵاتانی دەوروبەرو ئەمریکا لەمەسەلەی هەوڵەکانی پێکهێنانی حکومەتی نوێدا زیاترکردووە.

ئەو چاودێرانە دەڵێن لەکاتێکدا چوار هێز وەکو هێزی سەرەکی دەرکەوتنو دوور لەپێشبینییەکان لیستی عێراقییەی عەلاوی ٩١ کورسی بەدەستهێناو بووە لیستی یەکەم ناشکرێت نوری مالیکی کە بەتەنیا خۆی پتر لە٦٠٠هەزار دەنگی لیستەکەی هێناوە لەپرۆسەی سیاسی وەلابخرێت.

لەئێستادا کێشەی سەرەکی پێکهێنانی حکومەت بەڕای ئەو چاودێرانە جگە لەفشاری دەرەکی ناتەبایی نێوان مالیکیو عەلاوییەو ئەو دوو پیاوە چارەی یەکتریان ناوێتو رکابەری سەرسەختی یەکترن، رەنگە دوابژارەیان پێکهێنانی هاوپەیمانێتی بێت لەگەڵ یەکتردا.

لەیەکەوە نزیکی ژمارەی کورسییەکانی هەردوو لیستی یەکەمو دووەمو ئەگەریی هاوپەیمانینەکردنیان بۆ پێکهێنانی حکومەت، قورسایی لیستەکانی سێیەمو چوارەمی زیاتر کردووە، بەوپێیەی ئەگەر هەرکام لەو دوو لیستە بەپێکهێنانی حکومەت راسپێردران ئەوا لەڕێی هاوپەیمانێتیکردن لەگەڵ لیستی سێیەم بەپلەی یەکەمو لیستی چوارەم بەپلەی دووەم لەگەڵ هەندێک لیستی تر دەتوانێت لیستە رکابەرەکەی لەکێبرکێی پێکهێنانی حکومەت بکاتە دەرەوە.

وڵاتە ئیقلیمییەکانی ئێران، تورکیا، وڵاتانی عەرەبی دراوسێی عێراق لەهەوڵی ئەوەدان ئەو بۆشاییە پڕبکەنەوەو قسەیان هەبێت لەدیاریکردنی چارەنووسی ئەم وڵاتەی کە کاریگەریی نەک لەسەرئەوان، بەڵکو لەسەر سەرجەم رووداوەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دادەنێت.

### ئێران لەڕێگەی داڵدەدراوەکانییەوە حوکمی خۆی دەکات

بەڕای چاودێرانو بەپێی لێدوانی لێپرسراوانی ئەمریکایی، هەر لەدوای رووخانی رژێمی سەدامەوە ئێران تادێت نفوزی لەناو عێراقدا زیاتر دەبێتو ئەوەی ئاسانکاریی بۆئەوە کردووە، بوونی سنوورێکی دووروودرێژە لەنێوان هەردوو وڵاتدا کە ١٤٥٨ کلیۆمەترەو پتر لە ٦٠٪ی دانیشتوانی شیعە مەزهەبن.

جگەلەوەش بەشێک لەو هێزانەی ئێستا حوکمڕانی عێراق دەکەن، ماوەیەکی زۆر لەلایەن ئەو وڵاتەوە داڵدەدراون، ئەمە جگەلەوەی داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە، ئێران بەهەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی لێکیدەداتەوەو ئەو وڵاتە هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدایە کێشە بۆ ئەمریکا دروستبکات، بەجۆرێک ئارامی عێراق بکاتە کارتێکی فشار بۆ سەر واشنتۆن لەهەر دانووستاندنێکی تایبەت بەچەکە ئەتۆمییەکانی.

بەشێکی زۆری ئەو هێزانەی لەهەڵبژاردندا دەنگیان بەدەستهێناوە لەئێرانەوە نزیکن کە بریتین لەهاوپەیمانێتی دەوڵەتی یاسای مالیکیو رەوتی سەدرو هەندێک لەحیزبە کوردییەکانو تەنانەت بەشێک لەناوەندەکانی ئەمریکا ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی کە یەکێکە لەهێزە سەرەکییەکانی ئیئتلافی نیشتمانی بە بەکرێگیراوی ئەو وڵاتە دەزانن.

هەردوای راگەیاندنی ئەنجامی بەرایی هەڵبژاردنەکە، ئێران بانگهێشتی نوێنەرانی حیزبە شیعەکانو دوو حیزبە سەرەکییە کوردییەکەی بۆ تاران کرد.

بەگوێرەی توێژینەوەیەکی ناوەندی ئەهرامی میسری، ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمان شۆکێک بووە بۆ ئێران لەبەرئەوەی ناوەڕۆکەکەی شکستی ئەو وڵاتە دەگەیەنێت لەوەی ببێتە ژمارەیەکی گرنگ لەناو پرۆسەی سیاسی عێراقو ئێستا رووبەڕووی چەند ئاستەنگێک بووەتەوە کە دیارترینیان شکستهێنانییەتی لەوەی حیزبە شیعە مەزهەبەکان یەکبخاتو بەیەک لیست بەشدارییان لەهەڵبژاردنەکەدا نەکرد.

ئاماژەی دووەمیش بەڕای ناوەندەکە بەدەستهێنانی ژمارەیەکی زۆری کورسییە لەلایەن هێزە "نیشتمانی"و عەلمانییەکانەوە کە بەدوژمنایەتیکردنی ئەو وڵاتە ناسراون.

لەبەشێکی راپۆرتەکەی ناوەندی ئەهرامدا هاتووە "دوای ئەوەی ئێران لەشۆکی ئەنجامی هەڵبژاردنەکە بەئاگاهاتەوە، دەستبەجێ کەوتووەتە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان دەوڵەتی یاساو ئیئتلافی نیشتمانی لەپاڵ هاوپەیمانی کوردستانی بۆئەوەی هاوپەیمانەکانی حکومەتێکی زۆرینەی بەهێز پێکبهێننو ئێران هەژموونی بەسەر ناوەندی بڕیاربەدەستی بەغداد بەتەواوی هەبێت".

حەمید کافائی نووسەری عێراقی لەوتارێکدا، لەبارەی نفوزی ئێران لەمەسەلەی پێکهێنانی حکومەت دەڵێت دوای چەند سەعاتێک لەراگەیاندنی ئەنجامی بەرایی هەڵبژاردنی پەرلەمان، سەرۆک کۆمار جەلال تاڵەبانی وەکو نوێنەری لیستی هاوپەیمانی کوردستان، جێگرەکەی عادل عەبدولمەهدی وەکو نوێنەری لیستی ئیئتلافی نیشتمانی چوون بۆ تارانو دواتر نوێنەرانی دەوڵەتی یاسا چوونو لەوێ هەموویان کۆبوونەوە، موقتەدا سەدریش کە ماوەی دوو ساڵە لەئێرانە بۆ خوێندنی ئایینی، ئامادەبوو.

هەرچەندە ئامانجی راگەیاندراوی سەردانەکە ئاهەنگگێڕان بوو بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە، بەڵام سەردانەکە دوای پێنج رۆژبوو لە٢١ی ئادارو ئامانجی راستەقینەی سەردانەکە بۆ گفتوگۆو راوێژکردن بووە لەبارەی پێکهێنانی حکومەتەوە.

کەفائی نووسیویەتی "وادەی سەردانەکە قەبارەی هەژموونی ئێران لەسەر سەرجەم هێزە سیاسییەکان دەردەخات جگە لەلیستی ئەلعێراقییە کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبیو خۆرئاوادا گەرمە، لەگەڵ ئەوەشدا لیستەکە لۆمەی ئەو وڵاتەی کرد کە بانگهێشتی نەکردووە".

دواتر لیستی عێراقییە وەفدێکیان بەسەرۆکایەتی رافیع ئەلعیساوی جێگری مالیکی رەوانەی تاران کردو گەرچی بەوتەی خۆیان بۆ ئاگادارکردنەوەی ئەو وڵاتە لەهەڵویستی لیستەکەیانو پەیوەندییەکانی هەردوو وڵات بووە، بەڵام بەڕای چاودێران دوژمنایەتی ئەلعێراقییەو هێزەکانی ناوی بۆ ئێران هەرچەندێک بێت، ناکرێت هەژموونی ئەو وڵاتەو رۆڵی لەپێکهێنانی حکومەت نادیدە بگرن، بۆیە رێگای دیالۆگیان گرتووەتەبەر.

### سعودیە بەپەلە خۆی گەیاندە گۆڕەپانەکە

لەبەرامبەر هەوڵە سەرەتاییەکانی ئێران، سعودیە کە بەڕای چاودێران دوای پاشەکشەی میسر، ئێستا رابەرایەتی ئەو وڵاتە عەرەبیانە دەکات کە لەبەردەم هەژموونی ئێراندا لەناو لوبنانو عێراقدا دەوەستنەوە، دوای ئەوەی بەر لەهەڵبژاردن پێشوازی لەئەیاد عەلاوی سەرکردەی لیستی ئەلعێراقییە کرد، ئەم مانگە میوانداری هەریەک لەجەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق، مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، عەممار حەکیم سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای کردو هەردوو سەرکردە کوردەکەیشی خەڵات کرد.

بەڕای چاودێران، عەرەبستانی سعودیە دوای چەند ساڵێک لەدوورەوە چاودێریکردنی رەوشی عێراق، ئێستا شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەو وڵاتەی دراوسێیدا گۆڕیوەو دەیەوێت یاریزانێکی کاریگەربێت لەسەر گۆڕەپانی عێراق، ئەوەش بەپیرۆزبایی ئەمریکاو سوریای هاوپەیمانی ئێرانە.

ئاژانسەکانی هەواڵ باس لەوەدەکەن کە سوریاو سعودیە سیناریۆیەکیان گەڵاڵەکردووە بۆ لادانی مالیکی لەسەر کورسی دەسەڵاتو بۆئەوەش تیشکی سەوزی ئێرانیان وەرگرتووە.

ئیبراهیم سومەیدەعی شیکەرەوەی سیاسیی عێراقی پێیوایە، رۆڵی نوێی عەرەبەکان بەشێکە لەدیدگای ئەمریکا بۆ عێراقو ئاماژە بۆئەوەدەکات دوای وتارەکەی شا عەبدوڵڵای دووەمی شای سعودیە، ئەمریکییەکان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی پشتیوانی لەرۆڵی وڵاتە عەرەبییەکان لەشانۆی سیاسیی عێراقدا بکەن بۆئەوەی لەبەرامبەر نفوزی ئێراندا بوەستنەوە.

### ترسە گەورەکە لەسوریایە

ئەگەرچی سوریا رۆڵێکی گەورە لەسەر رەوشی ئارامی عێراق دەگێڕێت لەبەرئەوەی هەر دوای رووخانی رژێمی سەدام ئەو وڵاتە بووە لانکەی بەعسییەکانو ئەو پەنابەرە عێراقیانەی کە بەشێکی زۆریان لەترسی تۆڵەکردنەوەی لایەنە سیاسییە عێراقییەکان پەنایان بۆ ئەو وڵاتە بردووە.

دیمەشق هەر لەسەرەتای رووخانی بەعسەوە، سیاسەتێکی تاڕادەیەک ئاشکرای بەرامبەر بەغداد گێڕاوە، بەوەی پێیوایە بوونی ئەمریکا فشارە بۆ سەر ئەو لەبەرامبەر هەر پێشهاتێک بەرامبەر بەلوبنانو تەلئەبیب.

تەقینەوەکانی مانگی ئابی ساڵی ٢٠٠٩ی بەغداد، رۆڵبینینی ئەو وڵاتەی لەمەسەلەی پێکهێنانی حکومەتدا کاڵکردووەتەوەو هیچ لایەنێکی شیعەو کورد رووناکەنە دیمەشق بەپێچەوانەی تارانو بەم دواییانەش ریاز.

بۆیە رەنگە رۆڵی سوریا جگە لەوەی کە دەتوانێت لەڕێی ئاسانکاریکردن بۆ بەعسییەکانو رێکخراوی قاعیدە کار بۆ تێکدانی رەوشی ئەمنی بکات تەنیا چاودێریکردنی هەلومەرجەکەو بینینی رۆڵێکی لاوەکی بێت لەهەر سیناریۆیەکی جێبەجێکراوی عەرەبی یان ئێرانی.



### ئەمریکا لەعێراق، سێ بژارە

گەرچی تائێستا واشنتۆن پشتیوانی راستەوخۆی بۆ هیچ لایەنێکی عێراقی بەئاشکرا دەرنەبڕیوە، بەڵام بەڕای چاودێران سەقامگیرکردنی رەوشی عێراقو بەرگرتن لەنفوزی ئێرانو بوارنەدان بەوەی ئەو وڵاتە ببێتە هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا لەئەولەویەتی ستراتیژی ئەمریکایە لەپاڵئەوەی کە عێراق ببێتە ئەزموونێکی دیموکراسی سەرکەوتوو.

بەڕای هەندێک لەچاودێران ئەو بژارەی دوایيان بەهۆی رۆیشتنی ئیدارەی کۆمارییەکانو هاتنی ئیدارەی دیموکراتەکان رەنگە کاڵبووبێتەوەو ئێستا واشنتۆن هێندە بایەخ بەعێراقێکی سەقامگیر دەدات رەنگە هێندە بە بەهێزکردنی کاروانی دیموکراسی نەدات.

چاودێران دەڵێن ئەمریکا لەگەڵ ئەوەدایە کە حکومەتێکی تەوافوقی نیشتمانی پێکبهێنرێتو نایەوێت هەمان پێشهاتەکانی دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی ٢٠٠٥ دووبارە ببێتەوە کە بەشێکی زۆری سوننەکان بایکۆتی هەڵبژاردنو پرۆسەی سیاسییان کردو ساڵی ٢٠٠٦و ٢٠٠٧ عێراق جەنگێکی تایەفی گەورەی بەخۆیەوە بینی کە ئەگەر ستراتیژی نوێی ئەمریکا نەبوایە رەنگە ئارامی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی بخستایەتە مەترسییەوەو عێراق نقومی جەنگێکی ئەهلی ببوایە.

بەپێی راپۆرتێکی پەیمانگای بروکینز، پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت لەبەر چەند هۆکارێک قورس دەبێت کە دیارترینییان ئەوەیە سەرکردە عێراقییەکان رقیان لەیەکترەو سیستمی نوێنەرایەتی رێژەیی لەعێراق پێویستی بەسەودای زۆرەو وایکردووە سەنگی حیزبە بچووکەکانی لەچاو حیزبە گەورەکان قورسکردووە.

راپۆرتەکە دەڵێت: ئەمریکا پاساوی خۆی هەیە بۆ پەلەکردن لەپێکهێنانی حکومەتی نوێ، سەرۆک ئۆباما بەڵێنیداوە بەکەمکردنەوەی ژمارەی هێزەکانی وڵاتەکەی بەجۆرێک لەماوەی پێنج مانگداو تا مانگی ئاب ٥٠ هەزاری سەربازی بمێنێتەوە.

لەکۆتاییدا، بروکینز دەڵێت: واشنتۆن سێ بژارەی لەبەردەمدایە بۆ پێکهێنانی حکومەت کە ئەوانیش: بەکارهێنانی نفوزی خۆیەتی بۆ پێکهێنانی حکومەتێک کە بەلای عێراقییەکانەوە شەرعیەتی نییەو ئەمەش هەڵوێستی ئەمریکا لەگێڕانی رۆڵی بنیاتنەرانە لەسیاسەتی عێراقدا لاوازدەکات، یان بەکارهێنانی ئەو نفوزەیە بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی یەکێتیی نیشتمانی لاواز، دوابژارەشیان بەلای پەیمانگاکەوە ئەوەیە کە واشنتۆن دانبەخۆیدا بگرێتو بەمەش سەرۆک ئۆباماو حیزبەکەی باجەکی لەهەڵبژاردنی نیوەی ئەندامانی کۆنگریس لەساڵی داهاتوودا دەدەن.

هەر لەبارەی رۆڵی ئەمریکاوە، شیکەرەوەو نووسەرە ئەمەریکییەکان جەخت لەوەدەکەنەوە کە سەرەڕای ئەوەی سەرۆک ئۆباما جەخت دەکاتەوە لەسەر پابەندبوونی بە بەڵێنی کەمکردنەوەی هێزەکان، بەڵام ئەمە نابێت لەسەر حسابی چۆڵکردنی گۆڕەپانەکە بێت بۆ تارانو لەوتارێکدا دێڤید ئیگناتیۆسی گەورە نووسەری ئەمریکی دەڵێت: پێویستە ئەمریکا ئەوە پیشانبدات کە ئامادەگی لەسیاسەتی عێراقدا هەیە.

### تورکیا پشکی لەکێکی چەور دەوێت

تورکیا دراوسێیەکی تری عێراقەو بەرای چاودێران زیادبوونی نفوزی ئەم وڵاتە لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا لەژێر سایەی دەسەڵاتی پارتی دادوگەشەپێدانی ئیسلامی دەکرێت لەناو عێراقو بۆ بەرەنگاربوونەوەی نفوزی زۆروزەوەندی تاران بەکاربهێنرێت.

بەڕای چاودێران ئەنقەرە دەیەوێت رۆڵی لەپێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراقدا بگێڕێت، لەبەرئەوەی نایەوێت کێکی چەوری ئەم وڵاتە بۆ تاران بەجێبهێڵێتو دەیەوێت پشکی لەو کێکەدا هەبێت جائەوەش لەڕێی کارکردنی کۆمپانیاکانی بێت یاخود پەرەدان بەئاڵوگۆڕی بازرگانیو ئەمەش بەشێکی زۆری بەپشتیوانیو پیرۆزبایی واشنتۆنە.

ئەنکەرە لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا، بەبیانووی پشتیوانیکردن لەتورکمانەکان دەست لەکاروباری ناوخۆی عێراق وەردەدات، بەڵام دەیەوێت لەڕێی باشکردنی پەیوەندیی لەگەڵ پێکهاتەکانی عێراق بەتایبەتی هەرێمی کوردستانو سوننەکان بوار بۆ زیادبوونی نفوزی خۆی لەعێراق برەخسێنێتو کردنەوەی کونسوڵخانەکانی لەهەولێرو موسڵو بەسرە باشترین بەڵگەن لەسەر هەوڵی ئەو وڵاتە بۆ درێژەدان بەنفوزی خۆی لەناو عێراقدا.

بەرای چاودێران، ئەم وڵاتانەو تەنانەت لایەنە سیاسییە عێراقییەکانیش جگە لەکورد بەسەردوو بەرەدا دابەشبوون کە بریتین لەبەرەی ئێرانو لایەنە شیعەکانی ناو عێراقو تا رادەیەک دیمەشق، لەبەرامبەر بەرەی ئەمریکاو وڵاتە عەرەبییەکانو تورکیاو لایەنە سوننەکانو ئەنجامی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەش رۆڵو قورسایی هەریەکەیانی لەپرۆسەی سیاسی عێراقدا زیاترکردووە، بۆیە رەنگە سەرجەم لایەنە ئیقلیمیو نێودەوڵەتییەکان لەدواجاردا لەسەر سیناریۆی حکومەتی تەوافوشی نیشتمانی رێکبکەون.

ئەوەی جێی سەرنجە لایەنە عێراقییەکان هەر لەدوای راگەیاندنی ئەنجامی بەرایی هەڵبژاردنەکەوە کەوتنە گەشتو گەڕان بەوڵاتانی دراوسێیو تا ئێستا وەفدو نوێنەرانیان تارانو ئەنکەرەو ریازو قاهیرەو دوبەی گەڕاون بەمەبەستی کۆکردنەوەی پشتیوانی بۆ لیستەکانیان بەر لەوەی پەرلەمان هیچ لایەنێک بەپێکهێنانی حکومەت رابسپێرێت.

> لەیەکەوە نزیکی ژمارەی کورسییەکانی هەردوو لیستی یەکەمو دووەمو ئەگەریی هاوپەیمانینەکردنیان بۆ پێکهێنانی حکومەت، قورسایی لیستەکانی سێیەمو چوارەمی زیاتر کردووە

> بەپێی راپۆرتێکی پەیمانگای بروکینز، پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت لەبەر چەند هۆکارێک قورس دەبێت کە دیارترینییان ئەوەیە سەرکردە عێراقییەکان رقیان لەیەکترە



# ماراسۆنی گۆڕینی دەستوور ئاکەپە ماندوو دەکات

## پرۆژەی هەموارکردنەوەی دەستووری تورکیا هیچی بۆ کورد پێنەبوو

ئا: محەمەد عەلی خەفاف

ماراسۆنی گۆڕینو هەموارکردنەوەی دەستووری تورکیا درێژەی هەیەو هەڵوێستی زۆرینەی پارتەکان بەتەواوەتی روونبووەتەوە، ئاکەپە هەرچۆنێک بێت دەیەوێت ئەو رەشنووسەی خۆی ئامادەیکردووە بەکەمترین دەستکارییەوە ببرێتە پەرلەمانو پەسەندبکرێ، پارتە ئۆپۆزیسیۆنەکانیش ناڕازین لەرەشنووسەکەو رەتیدەکەنەوە.

**مەهەپە: هەموارکردنەوەی دەستوور دەبێتە هۆی پارچە پارچە بوون**

دەوڵەت باخچەلی سەرۆکی پارتی بزووتنەوەی نەتەوەپەرستی (مەهەپە)، هەڵوێستی پارتەکەی سەبارەت بەهەموارکردنەوەی دەستوور روونکردەوەو لەدوا کۆبوونەوەی فراکسیۆنی پارتەکەیدا لەپارلەماندا وێرای بەسووک تەماشاکردنی گۆڕانکارییەکان رایگەیاند هەموارکردنەوەی دەستوور میللەتەکەمان پارچە پارچە دەکاتو هەڕەشەیەکە بۆ سەر بەردەوامیی دەوڵەتی تورکیا. باخچەلی وتی "ئەو پەرلەمانتارانەی دەنگ بۆ ئەم هەموارکردنەوەیە دەدەن پەڵەیەکی رەش دەکەوێتە سەر ناوچەوانیان". پەرلەمانتارەکانیشی تۆمەتبارکرد بەخیانەت لەبەرامبەر میللەتو مێژوو و دەوڵەتدا. پێشتر سەرۆکی مەهەپە هەڵوێستی ئەوەندە توندی بەرامبەر بەڕەشنووسەکە نەنواندووە، دووپاتیشیکردەوە کە ئەوان لەبەرنامەیاندا نییە بەهیچ جۆرێک پشتیوانی لەهەموارکردنەوەی دەستوور بکەن.

**جەهەپە: یانزە ماددەی رەشنووسەکە لابەرن بۆئەوەی پشتیوانی لێبکەین**

پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە) بەسەرۆکایەتی دەنیز بایکاڵ داوای لابردنی یانزە ماددەی نێو ئەو رەشنووسە دەکات، بەڵێنیش دەدات لەحاڵەتی لابردنی ئەو (١١) ماددەیەدا ئەوان پشتگیری لەپرۆژە یاساکە بکەنو دەنگی بۆ بدەن.

جەهەپە کە خاوەنی (٩٧) کورسی پەرلەمانە فشارێکی زۆری خستووەتە سەر ئاکەپە. پێشتریش داوای دەکرد تەواوی پرۆژەکە پێکەوە نەخرێتە دەنگدانەوە بەڵکو سێ ماددەی لێدەربهێنرێتو لەلایەن خەڵکەوە راستەوخۆ دەنگی لەسەر بدرێت.

لە ئێستاشدا داوا دەکەن یانزە ماددە بەو جۆرە بخرێتە ریفراندۆمەوە، پارتەکە لەسەر زاری سەرۆکی فراکسیۆنەکەشیانەوە رایانگەیاند ئەگەر برگەی ریفراندۆم لەرەشنووسەکەدا نەبوایە ئەوا رێککەوتن لەسەر هەموارکردنەوە ئاسانتر دەبوو، چونکە ماددەکە باس لەدەنگدانی تەواوی رەشنووسەکە دەکات لەلایەن خەڵکەوەو ئەوانیش دەیانەوێ ئەو ماددانەی دیارییانکردووە یەک یەک دەنگی لەسەر بدرێت. جەهەپە ئەم داوایەی پێشکەش بەسەرۆکایەتی کۆمارو عەبدوڵڵا گیول کردووە.


**عەبدوڵڵا گیول: پۆستەکەم رێگەم نادات قسە لەبارەی گۆڕانکارییەکانەوە بکەم**

عەبدوڵڵا گیول سەرکۆماری تورکیا سەبارەت بەو بانگەوازەی پارتی گەلی کۆماری لەبارەی لابردنی (١١) ماددەی دەستورەوە وتی "ئەوە کاری من نییەو کاری پەرلەمانە، دوای ئەوەش من لەپۆستێکدام رێگەم پێنادات قسە لەسەر ئەو بابەتانە بکەم"، وتیشی "هەرکاتێک رێککەوتنێک لەنێوان لایەنە جیاوازەکاندا هاتە ئاراوە ئەوکات هەڵوێستی خۆی روونددەکاتەوە".

سەرۆک کۆماری تورکیا لەبارەی خەمی هەندێک لایەن لەپرۆژەکە بەتایبەت لەرووی دادوەرییەوە رایگەیاند هەموو ئەو پێشنیارانە تەماشاکراونو هەندێکیان لەشوێنی خۆیاندانو بەجێن.

**ئەردۆگان چرای سەوزی هەڵکرد**

هەر لەبارەی داواکارییەکەی جەهەپەوە رەجەب تەییب ئەردۆگان سەرۆک وەزیری تورکیا چرای سەوزی بۆ راوێژکردن سەبارەت بەو بابەتە هەڵکرد، بەڵام مەرجەکانی پارتەکەشی روونکردەوە، سەرۆک وەزیری تورکیا وتی "ئێمە دژی هیچ یەک لەو داواکارییانە نین، باوەڕمان بەگەلی خۆمان هەیە،



کۆبوونەوە بێ دەرئەنجامەکان بەردەوامن!

بەڵام ئەوەی کە دەمێنێتەوە بریتییە لەدەنگدانی نهێنی لەسەر پرۆژەکان، کێ دەڵێ رەشنووسەکان ئەو ژمارە دەنگەی کە پێویستە دەتوانن بیهێنن". ئەردۆگان وتیشی "هەربۆیە لەگەڵ هاوڕێیانمان راوێژ لەسەر لابردنی ئەو ماددانە دەکەینو بڕیارێکی لەسەر دەدەین".

**بەدەپە دژی گۆڕانکارییەکانە**

سایتی زەمانی نزیک لەحکومەتی تورکیا بڵاویکردەوە پارتی ئاشتیو دیموکراسی (بەدەپە) تاکە پارتی کوردی رێگەپێدراو، دژی گۆڕانکارییەکانی نێو دەستووری تورکیایە، ئەوەش دوای ئەوەی ئەنجومەنی پارتەکە لەچەند رۆژی رابردوودا کۆبوونەوەیەکی لەوبارەیەوە ئەنجامداوەو بەیاننامەیەکیان بڵاوکردووەتەوە.

لەکۆبوونەوەکەدا باسی هەموارکردنەوەی دەستوورو پرۆژە یاساکەی ئاکەپە کراوە، لەبارەی رەشنووسەکەوە بەیاننامەکە تێیدا هاتووە "پارتی دەسەڵات یاری دیموکراسیچێتی دەکات، پارتەکەمان رێگەنادات لەژێر ناوی ریفۆرمی دەستووریدا ئاکەپە میللەت بخەڵەتێنێت، بڕیاردراوە لەسەر ئەوەی ئەو کارانەی ئاکەپە زۆر باش بۆ خەڵک روونبکرێتەوە کە مەبەست لێی ئازادییو بەدیموکراسیبوون نییە وەک بانگەشەی بۆ دەکات".

**لەکەناری جەنگێکداین**

ئایسەل توغلۆک پەرلەمانتاری یاساغ کراو لەسەر فراکسیۆنی دەتەپەی داخراو رایگەیاند "لە ئێستادا لەلێواری جەنگێکداین، پێویستە لەسەر دەسەڵات کە تەواوی ئەو کەسایەتییە سیاسییانەی لەزیندانەکانی توندکردوون ئازادیان بکات"، هەروەها وتی "پێویستە زمانو کلتورو تەواوی مافە کۆمەڵایەتییەکانیان لەدەستووردا جێگەی بکرێتەوە، متمانەی دەستووریی بدرێت بەمافەکانی میللەتی کورد".

توغلوک رایگەیاند دەسەڵاتداران ١٥٠٠ کەسیان لەوانە دەستگیرکردووە کە خۆیان تەسلیمی ئیرادەی ئەوان نەکردووە، وتی "ئەوانە هەڵبژێردراوی خەڵکو سیاسەتمەدارو سەرۆک شارەوانییەکانن، بەمەشەوە نەوەستان هێرشێکی فاشیستانەیان کردە سەر ئەحمەد تورک".

ئەو پەرلەمانتارە یاساغ کراوە ئاماژەی بە بەردەوامی خەباتی سیاسی گەلی کورد داو رایگەیاند ئەوانەی کە ناتوانن خەباتو بەرەنگاریی گەلی کورد پەکبخەنو رێگەی لێبگرن، دەیانەوێ لەڕێگەی ئەو هێرشانەوە ئەو کارە بکەن.

**جەهەپە داوای هاوکاری لەبەدەپە دەکات**

جەهەپە بەمەبەستی گەیاندنی بۆچوونەکانیان لەبارەی ریفراندۆمەوە بەپارتی ئاشتیو دیموکراسی، سەردانی بەدەپەیان کرد، جەهەپە پێش بەدەپە سەردانی هەریەک لەئاکەپەو مەهەپەی کردبوو، دوای کۆبوونەوەکەش هەریەک لە سەرۆکی فراکسیۆنەکانی هەردوو پارت روونکردنەوەیەکی هاوبەشیان پێشکەشکردو نوێنەرکەی بەدەپە رایگەیاند کارێکی باشە مشتومڕەکان لەسەر دەستوور ببنە هۆی ئەوەی پردی پەیوەندی لەنێون لیستەکاندا دروستبێت، وتی "پێشنیارەکانی لایەنی بەرامبەر تاوتوێ دەکەین".

**بەدەپە هەڕەشەی بایکۆتکردنی ریفراندۆم دەکات**

سەلاحەدین دەمیرتاش سەرۆکی بەدەپە هەڕەشەی بەشدارینەکردن لەریفراندۆمی کرد، چونکە بەبڕوای پارتەکەی کوردەکان مافەکانیانی خۆیان لەو هەموارکردنەوەیەدا نابیننەوە کە بڕیارە دوای ئەوەی لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەندکرا بخرێتە ریفراندۆمەوەو لەلایەن جەماوەرەوە دەنگی لەسەر بدرێت.

دەمیرتاش وتی "ئێمە ناچارنین ملکەچی سیاسەتە تاکڕەوی سەربازییەکانی ئاکەپەو نەتەوەپەرستەکانی جەهەپەو مەهەپە بین، پێویستە هەریەک لەو سێ پارتە واز لەدەمەقاڵێی کودەتاکەی ١٢ی ئەیلول بهێنن، ئێمە بەردەوام دەبین لەبەرەنگاریمان لەپێناو دەستوورێکی نوێدا، ئەگەر پێویستیشی کرد ناچین بۆ دەنگدان لەسەر دەستوورێک کە بەزۆر بەسەرماندا بسەپێنن".

**ئاکەپە رەشنووسەکە بەسەرجەمی شارەکاندا دەگەڕێنێت**

ئاکەپەی دەسەڵاتدار بەمەبەستی دەنگ کۆکردنەوە بۆ ریفراندۆمەکەی کە بڕیارە لەپەرلەمان دەنگی لەسەر بدرێت پرۆگرامێکی چڕوپڕی بۆ گەڕان بەسەرجەمی (٨١) شارەکەی تورکیاداو شیکردنەوەی هەموو برگەکانی رەشنووسەکە دەستپێکردووە.

وەک بڕیاریشی لێدراوە گەڕان بەشارەکانی تورکیادا لەسەرەتای مانگی ئایاری داهاتووەوە دەستپێبکات، هەموو ئەندامە باڵاکانی پارتەکە لەنمونەی وەزیرەکانو جێگرەکانی ئەردۆگانو پەرلەمانتارەکان سەرۆکی فراکسیۆنەکان بەشداری تێدا دەکەن.

پێشتریش ئاکەپە چەندین گەڕانی لەم جۆرەی بەمەبەستی روونکردنەوەی کرانەوەی دیموکراتی سازکردبوو، سەرەتای ئەو پرۆسەیەش لەسەر دەستی ئەردۆگانو وەزیری ناوخۆی ئەو وڵاتە دەستی پێکردبوو، دواتریش بەرپرسانی دیکەی پارتەکەو پەرلەمانتارەکان بەشدارییانکرد، لەو چوارچێوەیەشدا چەندین کۆنفرانسو کۆبوونەوەی کراوە ئەنجامدرا.

# پرەنسیپەکانمان بوونە مەرەکەبی سەر کاغەز


فەرایی تنج

لەکاتێکدا سەرکۆنەکردنی ئەو کەسانەی هێرشیانکردە سەر ئەحمەد تورک بتوانرێت بکرێت، گەڕان بەدوای بیانوویەکدا بۆ ئەو توندوتیژییە دەبێتە عوزر لەقەباحەت خراپترو ناچێتە هیچ عەقڵێکەوە، جگە لەوەش دژی پرەنسیپەکانی کارەکەی ئێمەیە، لەجیاتی لێکۆڵینەوە لەو هێرشەی لەشاری سامسون ئەنجامدرا، کەم نەبوون ئەو نووسینو گۆشانەی بەدوای پاساوێکدا بۆ هێرشەکە دەگەڕان، چەند رۆژێک پێش ئەوەو لەدوای پرۆتستۆکەی دژی دەنیز بایکاڵەوە لەشاری وان کە لەڕێی هێلکەباران کردنەوە ئەنجامدرابوو، گۆشەیەکم بینی کە مەبەست لێی "ئەم شتانە ئەوەندە گەورە مەکەنەوە" بوو، ئەمجارەش نووسەرێکی سەر بەئاکەپە نووسیبوی کە هێرش دەکرێتە سەر بایکاڵ بەرگری لێدەکەن، بەڵام کە هەمان کار بەرامبەر ئەردۆگان ئەنجام دەدرێت بەئازادی بیروڕای لەقەڵەم دەدەن، ئەگەر مەبەست لێی سەرنج راکێشان نییە بۆچی لەکاتێکدا دژایەتیکردنی توندوتیژی هەبێت، هەوڵ بۆ خۆشکردنی ئاگرەکە بدرێت، تەنانەت بگاتە ئەو ئاستەی وەک ئەوەی دادپەروەری شوێنی خۆی گرتبێت هێرشەکە نیشان بدەیت، ئەمەش لەگەڵ پرەنسیپەکانی کاری رۆژنامەگەریدا یەک ناگرێتەوە.

خوێنەری ئەو رۆژنامەنووسانەی هەست بە بەرپرسیارێتی ناکەن زۆرن، بەڵام لەو کاتانەشدا کە رۆژنامەنووسەکان لەبارەی ئازادی رۆژنامەگەرییەوە سەریان لێدەشێوێت، هەر ئەو خوێنەرانەن کە بەرەو نشێویو دووڕوویی هانیان دەدەن.

بڕوانو بزانن راگەیەندراوی کۆمەڵەی رۆژنامەنووسانی تورکیا سەبارەت بەمافو بەرپرسیارێتییەکان چی دەڵێت "رۆژنامەنووس بەرگریی لەپێش هەموو شتەوە لەئاشتیو دواتر لەدیموکراسیو بەها نێودەوڵەتییەکانی مرۆڤایەتیو فرەدەنگیو جیاوازییەکان دەکات، بەڕێزەوە تەماشای مافی هەموو گەلو نەتەوەو رەگەزو زمانو دینو بۆچوونی فەلسەفییەکان دەکاتو جیاوازی لەنێوانیاندا ناکات، دوور دەکەوێتەوە لەهەموو کینەیەکی نێوان مرۆڤو کۆمەڵگاو نەتەوەکانو ئەو شتانەش کە هانی ئەو رقو کینەیە دەدەن، هێرش ناکاتە سەر هیچ بەهایەکی کلتوری باوەڕی یان بێ باوەڕی هیچ یەکێک لە نەتەوەو کۆمەڵگەو یەکەکان".

سەرنجتان بۆ لای دوا رستەی ئەم راگەیەندراوە رادەکێشمو دەڵێم بەڵێ رۆژنامەنووس نابێت هێرشەکەی سەر ئەحمەد تورک بەشێوەیەک کە رەوایەتی ببەخشێتە هێرشبەرەکە رووداوەکە بگوازێتەوە، رۆژنامەنووس ناتوانێ بڵێت "هێلکەباران کردنی دەنیز بایکاڵ هەروەک ئەو هێرشە وابوو کە کرایە سەر ئەردۆگان، ئەی ئەو دەمە ئێوە لەکوێ بوون". رۆژنامەنووس ناتوانێ لەبەرامبەر توندوتیژیدا جیاوازی بکات،



ئەحمەد تورک

لەکاتێکدا شتێک بەرامبەر کەسێکی خۆشەویستی بکرێت بیکاتە هەڵاو لەبەرامبەر ئەو کارانەشدا کە دژی ئەو کەسانە دەکرێت کە خۆشی ناوێن چاوی بنوقێنێ، تەنها ئەوان پرەنسیپی کارکردنیان نییە، بەڵکو دەزگای دۆغان بۆ پەخشو رۆژنامەی حورییەتیش هەیەتی، جگە لەوە پێویستە خاوەنی ئەو وتانە بن کە کردوویانەو بانگەشەی بۆ دەکەن. ئێمە پێویستە بەدووربین لەجەمسەرگیریو جیاوازی دروستکردنی پەشێوی، خەمیشمان بێت کە لێیان نزیکنەبینەوە. لەکاتێکدا کە میللەت چاوەڕێی رێککەوتن دەکات لە سیاسەتمەدارەکان لەنێو خۆیاندا، لەکاتێکدا کە دەستیان بەهاواری ئەوە کردووە کە چیتر نایانەوێ کوڕەکانیان لەبەرەی جەنگەکانداو پێکدادانەکاندا ببینن، کە رۆژنامەنووسێک ناتوانێ ئاگرەکە بکوژێنێتەوە، لانیکەم با ئەوەندەی تر خۆشی نەکات، چونکە ئەوە ئەرکی سەرشانییەتی.

گەر رۆژنامەنووس لەنێو میدیایەکدا بێت کە شەڕەکانو گرژیو ئاڵۆزییو پێکدادانەکان وەک نمونەی رۆژنامەوانی باشو چالاک بگوازنەوەو بۆچوونێکی لەو جۆرە فەرمانڕەوایەتی میدیاکە بکات، ئەو کات ئەمە هیچ چارەیەکی دیکەی نامێنێ بێجگە لەوتنی "نا بۆ وتە نەفرەتئامێزەکانو بەڵێ بۆ زمانی ئاشتی" ئەگەرچی ئەمە وەک هەوڵێکی چکۆلەی نائومێدانەش بێتە بەرچاو، پرەنسیپەکان بۆ ئەوە نەنووسراون تەنها لەسەر کاغەزەکان بمێننەوە.

ئەحمەد تورک وتی "با من هێرشم کرابێتە سەرو بۆ یەکەم جاریش بێت کارێکی لەوجۆرە روویدابێت، بەڵام کاردانەوەی تەواوی چینو توێژەکانی کۆمەڵگە بەرامبەر بەهێرشەکە ئازارەکەی لەبیربردمەوە". بەڵێ، ئێستا کە هەموو چینو توێژەکانی ئەم کۆمەڵگەیە هەستدەکات چیدیکە توندوتیژی رێگایەک نییە بۆ چارەسەر، لەهەموویشی گرنگتر کاردانەوەی نوێنەرانی تەواوی پارتە سیاسییەکانی شاری سامسون بوو بەرامبەر ئەو هێرشەی کە کرایە سەر ئەحمەد تورک، ئەوەش تەنها رێگەی دڵدانەوەبوو بۆ ئەو.

**و. لەتورکییەوە: محەمەد عەلی کەمال**
**رۆژنامەی حورییەت**

# ئێران هەڵبژاردنەکانی عێراق بەنیشانەی سەرکەوتنی خۆی دەزانێ

**میترا فرنیک**
**و: سۆران خدری پوور**

دەرەنجامی هەڵبژاردنەکانی عێراق هەر ئاکامێکی لێبکەوێتەوە تاران رازی دەکات، مەگەر ئەوەی کەیارییە سیاسییەکانی عێراق بەرەو ئەو ئاراستە بڕوا کەپلانەکانی ئەمریکا بۆ کشانەوەی هێزەکانی لەعێراق تووشی کێشە بێت، پەرچەکرداری ئێران بەدەرەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی عێراق نیشاندەدا کەتاران دڵنیایە لەوەی کە لەداهاتووی سیاسیی عێراقدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چاودێرییەکی کاریگەری نامێنێ، هەر بۆیە ئێران هەوڵدەدا کە لەپێکهێنانی هەر هاوپەیمانییەک لەنێوان هەر چوار بلۆکە براوەکەی هەڵبژاردنەکاندا دەورێکی چالاک بنوێنێت.

تاران بەشێوەی فەرمی بەشداریکردنی ٦٢٪ی خەڵکی عێراق لەهەڵبژاردنەکان بەرەفتارێکی بوێرانە وەسفدەکات، رەفتارێک کە لەم روانگەوە بەبەرەوپێشچوونی دیموکراسی لەعێراق یارمەتی دەکاتو دەیکا بەخاڵی وەرچەرخانی دژایەتیکردن لەگەڵ داگیرکاریو دیکتاتۆری. بەڵام لەروانگەیەکی نافەرمییەوە دەتوانین ئاماژە بەسەردێڕی لاپەڕەی یەکەمی رۆژنامەی توندڕەوی کەیهان لەرۆژی ١٠ی مارس بکەین کە تەنانەت پێش راگەیاندنی دەرەنجامە سەرەتاییەکانی هەڵبژاردنەکان دەنووسێ: ئەمریکا بۆ جارێکی دیکەش شکستی خواردو لەدێڕێکی تردا دەنووسێت: ئیئتیلافی شیعەکان براوەی هەڵبژاردنەکانی عێراق کە لەراستیدا نیشاندەری ئاواتو ئەولەویاتەکانی تارانە بۆ وڵاتی عێراق.

ئەم دوو وڵاتە کە سنوورێکی هاوبەشی درێژیان هەیە، لەدەیەکانی ١٩٨٠، ئەو کاتەی کەسەدام حوسێن دەسەڵاتداری عێراق بوو، بۆ ماوەی ٨ ساڵ تووشی شەڕێکی قورس بوون، ئێرانی شیعە بەشێوەیەکی سوننەتی لەشیعەکانی عێراق کە زۆرینەن، پشتیوانی دەکات.

ئێران بەهەر ئاکامێک کە لەدەرەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی عێراق بەدەست بێ، رازییە، مەگەر ئەو ئاکامەی کە عێراق تووشی ناسەقامگیری بکاو پلانەکانی ئەمریکا بۆ کشانەوەی هێزەکانی لەعێراق تووشی کێشە بکات.

ئەولەویاتی سیاسیی ئێران، بەردەوامبوونی حکومەتی هاوپەیمانی ئێستایە کە پێکهاتووە لەدوو بلۆکی سەرەکی شیعەو دوو بلۆکی یەکگرتووی کورد، وادیارە ئێستا ئێران نیگەرانی پێکهاتەی جێگەی پشتیوانی سەرۆک وەزیرانی رابردوو، ئەیاد عەلاوییە، پێکهاتەیەک کە بەقەوارەی میللی عێراق یان ئەلعێراقییە ناوبانگی دەرکردووەو توانی عەرەبە سوننەکانو شیعە سیکۆلارەکان بۆلای خۆی رابکێشێو نیشانیدا کەخەبات بۆ بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆک وەزیری، کۆتایی پێهاتووە.

دڵخوازی ئێران مانەوەی بارودۆخی هەیی لەلایەن "یەکێتی میللی عێراق" لەپاڵ دەوڵەتی یاسایی مالیکیو بلۆکی کوردەکانە کە بەیەکگرتوویی خۆیان رێگربوون لەهاتنەناوەوەی یاریکەرانی دیکە بۆ ناو بواری دەسەڵات. بەڵام ئەنجامە بەدەستهاتووەکان بەهێز نییەو ئەو لاوازییە دەوری ئێران بۆ کێشمەکێشەکانی دوای هەڵبژاردن قایم دەکات، کێشمەکێشێک کە ئەم بابەتە بەگوێی ئیسلامگەرا شیعەکان دەدا کە ئەگەر دەتانەوێ ئەگەری هاتنە ناوەوەی سیکۆلارە سوننەو شیعەکان بۆ دەوڵەتی ئیئتیلافی لاواز بکەن، هەروا یەکگرتوو بمێننەوە. مەسەلەی جیاجیا بووەتە هۆکار بۆ ترسی ئێران لەهاتنەسەرکاری سەرلەنوێی عەلاوی وەک یاریکەرێکی بەهێزی سیاسی لەعێراق.

سیروسی بۆرنا بولداجی کە بۆ ماڵپەڕی ئیسلامخوازی "دیپلۆماسی ئێرانی" وتار دەنووسێ، خۆشەویستی روو لەزۆربوونی ئیئتیلافی ئەلعێراقییە بەرابەری عەلاوی بۆ هەڵکشانی هەستی نەتەوایەتیو سیکۆلار لەبەرامبەر مەیلە مەزهەبییەکان، دەگەڕێنێتەوە، ئەو دەنووسێ: هەمان هەڵەی کەئێرانو عێراقی سەردەمی حکومەتی سەدامی بۆ شەڕێکی درێژخایەن رێنوێن کرد، ئیمکانی هەیە بۆ جارێکیتر، بەڵام نەرمتر لەرابردوو، لەدایکبێتەوە.

جیا لەئیسلاحخوازە ئێرانییەکان، لەلای توندڕەوەکانیش لیستی ئەلعێراقییە قورسایی خۆی هەیە، بەڵام بەجێگەی ئەوەی جەخت لەسەر تایبەتمەندییە ناسیۆنالیستیو سیکۆلارییەکەی ئەم لیستە بکەنەوە، تۆمەتباری دەکەن بەوەی کەمۆری ئەمریکاو هاوپەیمانە سەرەکییە عەرەبەکەی لەناوچەکە، واتە سعودیەیە، بەپێی راپۆرتو زانیاری رۆژنامەکانی ئێران، عەرەبستان ١٠٠ تا ١٥٠ ملیۆن دۆلاری بەمەبەستی پشتیوانی لەعەلاوی خەرجکردووە.

"حسێنی ئومێدی" لەوتارێکدا کە لەهەفتەنامەی "صبح صادق" ئۆرگانی مەکتەبی سیاسیی سوپای پاسداران بڵاویکردووەتەوە، باس لەوە دەکا کە ئەمریکاو هاوپەیمانە عەرەبەکانی لەهەوڵی جێگیرکردنی ئیئتیلافەکەی عەلاویو بەعسییەکان لەجێگەی "حکومەتی ئایینی شیعە"ن، "حسێنی ئومێدی" لەسۆنگەی ئەم تێڕوانینەوەیە کە دەڵێ ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لەهەوڵدان تا لەژێر پەردەی دژایەتی لەگەڵ توندوتیژی، دەوڵەتی مالیکی لاواز بکەنو لەنێوان شیعەکان خۆیانو لەنێوان شیعەکانو کوردەکان دووبەرەکایەتی دروستبکەن، ئێستا کە هەوڵەکان بۆ بەدەسەڵات گەیاندنی عەلاوی وەک کاندیدێکی گرنگی پۆستی سەرۆک وەزیری شکستی خواردووە، ئەمریکا هەوڵدەدا گوشار بێنێ بۆ مالیکی تا لەجێگەی ئیئتیلاف لەگەڵ شیعەکانو کوردەکان، لەگەڵ ئیئتیلافی عێراقییە هاوپەیمانی دروستبکات."

تاران ئومێدی تەواوی بەوە هەیەو چاوەڕوانە کەمالیکی لەبەرامبەر ئەم فشارانەدا خۆڕاگر بێ، ئێران چاوەڕوانی ئەوەشی هەیە کە ئەنجومەنی نوێنەرانی نوێی عێراق لەبەرامبەر هەوڵەکانی تاریق هاشمی سوننە جێگری سەرۆک کۆمار، بۆ وەلانانی جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق، خۆڕاگری نیشانبدات.

ئێران یارییەکی ماوەدرێژی دەستپێکردووە بەر لەهەڵبژاردنەکان، لەکاتێکدا کە ئەمریکا سەرقاڵی رازیکردنی ئەنجومەنی عێراق بۆ کۆتاییهێنان بەیاسای هەڵبژاردنەکان بوو، حکومەتی ئێران بیری لەناکۆکیو کێشەکانی دوای هەڵبژاردنەکان دەکردەوەو زوومی کردبووە سەر چۆنیەتی یارمەتیدانی داهاتوو بۆ کۆتاییهێنان بەناکۆکییەکانی نێوان لایەنە شیعەکان بۆ پێکهێنانی ئیئتیلافو هاوپەیمانییەک.

ملکەچ نەبوونی مالیکی بۆ چوونە ناو بلۆکێکی شیعەی یەکگرتوو، وەک بەربەستێک لەبەردەم سەرکەوتنی یەکجارەکی ئێران، دەوری نواند، پێدەچێ "یەکێتی میللی عێراق" ئێستاش باجی نرخی ئەو بەرەنگارییە بداتو بەپێی راپۆرتەکان، مالیکی بەشوێن هاوبەشێک بۆ پێکهێنانی ئیئتیلاف دەگەڕێ، بێ دروستبوونی ئەو بلۆکە، هاوپەیمانی سەرەکی ئێران، واتە ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی، لاوازتر لەوەیە کە بتوانێ بچێتە ناو ئیئتیلافی دەسەڵات.

ئامانجی کۆتایی ئێران لەگەمە سیاسییەکانی عێراق، پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی ستراتیژییە بۆ دروستبوونی ئارامیو هەروەها رەخساندنی دەرفەتە ئابووریو فەرهەنگییەکانە، هەروەها دانانی نەوەیەکی نوێ لەبژاردەی دۆست لەپۆستە جیاجیاکانی عێراق کەدوژمنی ئێران نەبن، بەشێکی دیکە لەو ئامانجە کۆتاییانەی ئێران پێکدێنێ.

ئێران ئەوەش بەباشی دەزانێ کەجێگیربوونی دەسەڵاتی شیعەکانو ناساندنی رۆڵێکی نوێ لەناوخۆی عێراق بۆ ئەوان، لەگرەوی یەکڕیزیو یەکگرتووی ئەوانو پشتیوانیی هێزێکی ناوچەیی وەک ئێرانە.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی میانە**



# نیگەرانی لەکشانەوەی ئەمریکا، عێراقو ئەفغانستان بۆ باوەشی ئێران دەبات

**ئێستیۆ هانتلی**
**و: هیوا سەلیمی**

شەڕی دوولایەنەی ئێمە (ئەمریکا) لەعێراقو ئەفغانستان تووشی کێشەو نیگەرانی بووەتەوەو هیچ پەیوەندییەکی بەچوونە دەرەوە لەستراتیژی لەپێش دارێژراودا نییە.

سەرچاوەی کێشەکانی ئێمە ئێرانە کە هەوڵدەدات لەهەر دوو وڵاتدا دەستتێوەردان بکاتو ئەو دەستتێوەردانانە دەتوانێ دەرەنجامی درێژخایەنی لێبکەوێتەوە.

دەربارەی کێشەی ئەفغانستان خۆمان تاوانبارین، یەکێک لەو هۆکارانەی کە ئۆبامای هاندا لەمانگی رابردوو سەردانی ئەفغانستان بکا، هۆشداریدان بەحامید کارزای بوو بەهۆی گەندەڵی دارایی دەوڵەتەکەی، تا ئێرە هەوڵێکی گونجاوو شیاوە، لەبەرئەوەی کەسەرکەوتنی ستراتیژی ئەمریکا لەئەفغانستان پێویستی بەهاوکارییەکی جێگەی متمانەو پتەو لەگەڵ خەڵکی ئەفغانستان هەیە.

بەڵام کێشەکە لەوێوە دەستپێکرد کە دەوڵەتی ئەمریکا لەجێگەی ئەوەی کەرەخنەکەی بەشاراوە بهێڵێتەوە، لەکەناڵەکانی راگەیاندنەوە بڵاویکردەوە، کارزایش وەک زۆربەی رێبەری بەرزەفڕی دیکە، کاردانەوەی نیشانداو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی وەک بەشێک لەسیستمی ساختەکارییەکان راگەیاند، لەبەرئەوەی کە ئەو سیستمە چاودێری هەڵبژاردنەکانی ئەفغانستانی دەکرد، تەنانەت باس لەوەکرا کەپێدەچێ کارزای پەیوەست بەهێزەکانی تاڵیبان ببێت.

یەکێک لەوتەبێژەکانی کۆشکی سپیش وەڵامی ئەم هێرشانەی دایەوەو رایگەیاند کە ئەگەری ئەوە لەئارادایە کە سەفەرەکەی کارزای بۆ واشینتۆن کە بۆ مانگی ٥ پلانی بۆ دارێژرابوو، هەڵبوەشێتەوە، یەکێک لەدیپلۆماتە کۆنەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش ئاگرەکەی خۆشتر کردو دەنگۆیەکی بڵاوکردەوە کە کارزای لەقاچاخکردنی مادەهۆشبەرەکاندا دەستی هەیە.

بارودۆخەکە بەشێوەیەک لەکۆنترۆڵ دەرچوو کە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، هیلاری کلینتۆن هاوڕێ لەگەڵ وەزیری بەرگری، رۆبەرت گەیتس لەبەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا دەرکەوتنو تا رادەیەک کۆتاییان بەکێشەکە هێنا، ئەوان کارزایان بەهاوکارێکی جێگەی متمانە وەسفکردو دەنگۆی قاچاخی مادەهۆشبەرەکانیان بەگەمژەیی ناوبردو جەختیان کردەوە کە کارزای پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ جەنەڕاڵ مەک کریستاڵ، فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی ئەمریکا لەئەفغانستان هەیە.

بەڵام نائارامییەکانی عێراق چاوەڕوانکراو بوو، ئەو هەڵبژاردنەی کە بەڕێوەچوو، سەرکەوتووی کۆتاییو جدی نەبوو، چاوەڕوان دەکرا کە ئەلقاعیدە ئاگری توندوتیژییە ناوچەییەکانی لەعێراق خۆشتر بکاتو ئایندەی سیاسی لێڵو تاریک بکات، بەڵام سیاسەتمەداران بەیەک دەنگ رەتی توندوتیژیان کردەوەو گفتوگۆکان بۆ پێکهێنانی حکومەت هەروا بەردەوامە.

کێشە لێرەدایە کە هەردوو کێشەکە لەم دوو وڵاتە، واتە عێراقو ئەفغانستان لەگەڵ هەوڵەکانی ئێران بۆ بردنە سەرەوەی نفوزی زیاتر لەو دوو وڵاتە رووبەڕووبۆتەوە.

کارزای کە هەر لەپێش هەڵبژاردنەکانەوە تۆمەتی گەندەڵی ماڵی لێدرابوو، لەبەرامبەردا مەحمودی ئەحمەدی نەژادی بۆ کابول باگهێشتکرد، هەر دوو وڵات خۆیان وەک نەتەوەکانی برا پێناسەکردو باسیان لەوە کرد کە بەرژەوەندیو کلتوری هاوبەشیان هەیە، رۆبەرت گەیتسیش بەپەلە ئەحمەدی نەژادی بەهۆی بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ کابول، بەئەنجامدانی یاری دوولایەنە تۆمەتبارکردو رایگەیاند کەئێران خەریکی مەشقپێکردنو ناردنی چەک بۆ تاڵیبانە.


بەڵام دەربارەی عێراق، ئێران راپۆرتی زۆری بڵاوکردووەتەوە کەباس لەوە دەکات خەریکی دیالۆگو راوێژ بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتو هێز لەعێراق، بەرپرسانی هەردوو حیزبی سەرەکی شیعە بۆ راوێژ بەرەو ئێران سەفەریانکرد، تەنانەت ئیئتیلافی سیکۆلاری سوننەکانیش وەفدێکیان بۆ تاران نارد.

بۆچی عێراقو ئەفغانستان کە ئەو هەموو هەزینە مادیو گیانیەیان بۆ ئەمریکا بووە، دەرگاکانی خۆیان بەرەو رووی دوژمنەکەی ئەمریکا دەکەنەوە؟ پێدەچێ هۆکارەکەی ئەوە بێ کە کابولو بەغداد رۆژەکانی کۆتایی بوونو پشتیوانی ئەمریکا دەبیننو وابیردەکەنەوە کە ئێران هێزی ناوچەکە دەبێت، ئەمریکا رایگەیاندووە کە گەڵاڵەکانی بۆ بردنە دەرەوەی هێزکانی ئامادەیەو تەنانەت دەربارەی عێراق، خشتەی کاتی کشانەوەی هێزەکانی لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان راگەیەندرا.

هەڵبەتە ئەمریکا ناتوانێ بەشێوەی بەردەوامو بۆ هەمیشە بوونی سەربازی لەو وڵاتانە رابگرێ، بەڵام شێوەیەک کە ئێمە بۆ ئەم مەسەلە هەڵیدەبژێرین، بەوردیو بەتوندی لەلایەن کابولو بەغدادو پایتەختەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە چاودێری دەکرێ، لەبەرئەوەی کە ئێران لەهەوڵی دەسراگەیشتن بەچەکی ئەتۆمییەو خەیاڵی گۆڕان بۆ هێزێکی ناوچەیی لەمێشکیدایە.

**سەرچاوە: شیکاگۆ سان تایمز**





# کیژان: کەسێك بەناوی منەوە لەفەیسبووکە

ژەنیار لەهەولێر

خانمە گۆرانیبێژ کیژان ئیبراهیم خەیات، رایگەیاند "هیچ لاپەڕەیەکم لەماڵپەڕی فەیسبووک نییە، بەڵام کەسێک بەناوی منەوە لاپەڕەیەکی کردووەتەوەو بەناوی منەوە قسە دەکات".

کیژان ئیبراهیم خەیات لەروونکردنەوەیەکدا کەکۆپییەکی دەست دەستوور کەوتووە، تیایدا ئاماژەی بەوەکردووە کە کەسێک بەناوی ئەوەوە لاپەڕەیەکی تایبەتی لەماڵپەڕی "face book" کردووەتەوەو خۆی بەکەسایەتی ئەو دەناسێنێت.

لەبەشێکی دیکەی ئەو روونکردنەوەیەدا، ئاماژەی بەوەکردووە کە رۆژانە ئەوانەی لای ئەو ئاد کراون پەیامی بۆ دەنێرنو بەناوی کیژان وەڵام دەدرێنەوە.

کیژان لەدرێژەی روونکردنەوەکەیدا، هەوادارانو دۆستانی خۆی ئاگاداردەکاتەوە کە ئەو هیچ پەیوەندییەکی بەو لاپەڕەیەوە نییە، بەڵکو ئەوە کەسێکی ترە.

ماوەیەکە ژمارەیەک هونەرمەندو شاعیرو کەسانی ناسراو گلەیی ئەوە دەکەن کە بەناوی ئەوانەوە دەچنە فەیسبووکو هەر بەناوی ئەوانیشەوە قسە دەکەنو وەڵامی خەڵکی دەدەنەوە، ئەوەش نیگەرانی لای هونەرمەندانو شاعیران دروستکردووە.



# ٤٢ فیلم لەفێستیڤاڵێکی هەولێردا پێشبڕکێ دەکەن

ژەنیار لەهەولێر



بە بەشداری فیلمی هەرچوار پارچەی کوردستان، سێیەمین خولی فێستیڤاڵی کورتە فیلمی هەولێر، لە ٢-٦ی مانگی ٥ بەڕێوەدەچێت.

فێستیڤاڵی کورتە فیلمی هەولێر، ئەمساڵ بە بەشداری (١٥) فیلمی بەرهەمی بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێرو (٦) فیلمی دیکۆمێنتی ئەو بەڕێوەبەرایەتییەو (٢١) کورتە فیلمی دیکە لەپارچەکانی دیکەی کوردستانو لەدەرەوەی کوردستان، بەڕێوەدەچێت.

شاخەوان ئیدریس بەڕێوبەری سینەمای هەولێر، لەلێدوانێکیدا بە دەستووری وت "ئێمە لەمانگی ئەیلولی ساڵی ٢٠٠٩دا سەرقاڵی خۆ ئامادەکردنین بۆ سازکردنی خولی سێیەمی فێستیڤاڵی کورتە فیلمی هەولێر".

وتیشی "بەڕێوەبەرایەتییەکەمان (١٥) فیلمی بۆ ئەو فێستیڤاڵە بەرهەمهێنا، ئەمەش دوای ئەوەی (٦٠) سیناریۆ پێشکەش بەئێمە کراو لیژنەیەک بەسەرپەرشتی د. فەرهاد پیربال، مەوجود سامانو فەرزین کەریم هەڵسەنگاندنیان بۆ کرد، تەنها بیست سیناریۆ دەستنیشانکرانو هەریەک لەوانە پێنج ملیۆن دینارمان پێیان بەخشی بۆئەوەی کورتە فیلم بۆ ئەو فێستیڤاڵە بەرهەمبهێنن".

شاخەوان ئاماژەی بەوەشکرد کە جگە لەو (٢٠) فیلمە کە بەرهەمی ئەوانە، (٦) فیلمی دۆکیۆمێنتی دیکەی بەرهەمی ئەوان لەبارەی بابەتی جیاجیاوە بەشداری لەو فێستیڤاڵەدا دەکەن.

بەڕێوبەری سینەمای هەولێر لەبارەی فیلمەکانی دیکەی بەشداربووی فێستیڤاڵەکە، وتی "(٦٥) فیلمان بەدەستگەیشت بۆ بەشداریکردن لەفێستیڤاڵەکەدا کە بەرهەمی سینەماکارانی کوردی هەندەرانو پارچەکانی دیکەی کوردستانو فیلمی وڵاتانی دیکەن، دوای دەستنیشانکردنی لیژنەیەک کە پێکهاتبوون لەناسر حەسەن بەڕێوبەری گشتی سینەماو سەلاح حەسەنو خۆم، (٢١) فیلمان بۆ بەشی دەرەکی فێستیڤاڵ دەستنیشانکرد".




دەرهێنەر شاخەوان ئیدریس لەبارەی خەڵاتی فێستیڤاڵەکە، ئاشکرایکرد "فیلمەکانی بەڕێوەبەرایەتی سینەماو فیلمە دەرکییەکان بەجیا خەڵات دەکرێن، خەڵاتەکەش ١٠٠٠ دۆلاری ئەمریکیو خەڵاتی چڵەبەڕووی زێڕینە".

هەروەها ناوی لیژنەی دادوەری فێستیڤاڵەکەی بۆ "دەستوور" ئاشکراکرد، کە لەهەریەک لەشەوکەت ئەمین کورکی سینەماکاری باشووری کوردستان، شەهریار ئەسەدی وێنەگری سینەمایی ئێرانی، محەمەد ئەحمەدی سینەماکاری ئێرانی، کازم ئۆس سینەماکاری باکووری کوردستانو مەمەد ئەکتاش خاوەنی کۆمپانیای میتۆس فیلمو پسپۆڕ لەبواری سینەما، پێکهاتوون.

ناوبراوی ئەوەشی روونکردەوە کە هەندێک فیلم دوای تەواوبوونی ماوەی وەرگرتنی فیلمەکان، فیلمەکانیان بۆ ئەوان ناردووەو گلەیی ئەوە دەکەن کە رێگەیان نەداوە بەشدار ببن، هەرچەندە فیلمی باشی تێدابووە، بەڕێوبەری سینەمای هەولێر هۆیەکەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە ئەوان ناتوانن دوای هەڵسەنگاندنی فیلمەکانو تەواوبوونی ماوەی دیاریکراوی فێستیڤاڵ هیچ فیلمێکی دیکە وەربگرن.

# تەها خەلیل: کە خۆشەویستەکەم دەبینی گێژدەبووم

موحسین یاسین

هونەرمەندو شانۆکاری بەئەزمون تەها خەلیل دەڵێت کاتێک کە خۆشەویستەکەم دەبینی گێژدەبووم، چونکە نەمدەزانی چی پێ بڵێم، ئەوەش بەهۆکاری شکستی لەخۆشەویستیدا دەزانێت.

هونەرمەند تەها خەلیل لەساڵی ١٩٦٥دا ژیانی هاوسەری پێکهێناوەو سێ کچو چوار کوڕی هەیە، تاکو ئێستا بەشداری لە ١٢٠ شانۆگەریو ٩٠ درامادا کردووە، هەروەها بەشداریشی لە ٨٠ تەمسیلی ئێزگەیی کردووەو ئێستاش خانەنشینە.

هونەرمەند تەها خەلیل دەڵێت "هەموو ئەو ناوبانگەی کە من هەمە نواندنی هونەرەکەیە بەسەرکەوتوویی، جەماوەریش بەگشتی لێی رازییە".

تەها خەلیل وتی "هیچ لایەنێکی سیاسی، یان هونەری پاڵپشتم نەبوون بۆئەوەی ناوبانگ بدەن بەمن، من کارەکانم بۆم بوون بەناوبانگ".

هەروەها ئاماژە بەوەشدەکات کە دەستبداتە هەر کارێکی هونەریو بیکات هەموو هەوڵو تەقەلایەکی ئەوەیە کە دەبێت لەوەی پێشووی باشترو سەرکەوتووتربێت.

هونەرمەند تەها خەلیل وتی "زۆر رقم لەدرۆکردن، قۆڵبڕین، ساختە چێتییە". لەبارەی بەشداریکردنیشی لەدراماکاندا تەها خەلیل وتی "من زیاتر کارە هونەرییەکانم بەلاوە گرنگە لەرووی دەرهێنانو سیناریۆوە".

ئەو هونەرمەندە لەگەڵئەوەی لەکارە هونەرییەکانیدا سەرکەوتووبووە، بەڵام لەڕووی دڵدارییەوە لەتەمەنی لاوێتیدا شکستیهێناوەو نەیتوانیوە بگات بەخۆشەویستەکەی.

تەها خەلیل وتی "خۆشەویستیم کردووە، بەڵام کاتێک کە خۆشەویستەکەم دەبینی گێژدەبووم، نەمدەزانی چی پێ بڵێم". هەروەها وتی "خۆشەویستییەکەی هەموو گیانمی داگیرکردبوو، حەزم بەقسەکردن دەکرد لەگەڵیدا، نەمدەزانی چی پێ بڵێم، زۆرجار کە یەکتریمان دەبینی هەستم دەکرد کە بەرامبەرەکەشم هەمان هەستی هەیە بۆ منو ماوەی حەوت ساڵ یەکترمان خۆشدەویست، بەڵام تەنها لەدوورەوە لەگەڵ خۆشەویستەکەمدا سەیری یەکترمان دەکرد".

هونەرمەند دەچێتە داوای، بەڵام کەسوکاری رازی نەبوون خۆشەویستەکەی پێبدەن.

هونەرمەندو شانۆکاری بەئەزمون تەها خەلیل، لەساڵی ١٩٤٠دا، لەگەڕەکی مەڵکەندی شاری سلێمانی لەخێزانێکی مامناوەند لەدایکبووە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتاییو ناوەندی لەشاری سلێمانی تەواوکردووە.

ساڵی ١٩٥٨ لەپەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغداد وەرگیراوەو دواتر لەساڵی ١٩٦٤دا بەشی شانۆو دەرهێنانی بەپلەی یەکەم لەسەر ئاستی عێراق تەواوکردووە.

ساڵی١٩٦١ لەیەکەم شانۆی بەناوی (قوربانییەک لەرێی داوێن پاکیدا) بەشداریکردووە کە لەنووسینو دەرهێنانی عەبدولقادر خەلیل بووەو لەقوتابخانەی چوارتا نمایشکراوە بۆ یارمەتی قوتابییە هەژارەکان، هەرهەمان ساڵ لەقەزای هەڵەبجە بەمامۆستای هونەر دامەزراوە.



# میراو لۆکەو دەشنێو نیلیسا،
# لەسلێمانی ئاهەنگێک سازدەکەن

سازدانی: موحسین یاسین

بڕیارە ڕۆژی ٢٥ی ئەم مانگە لەشاری سلێمانیو لەهۆڵی ئۆسکار، گۆرانیبێژانی لاو (لۆکەو میراو دەشنێو نیلیسا) بەهاوکاری ڕێکخراوێکی تایبەت بەبواری گەنجان بۆ یەکەمجار ئاهەنگێک پێکەوە لەسلێمانی سازبکەن.

لەلێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی دەستوور گۆرانیبێژ دەشنێ موراد، ڕایگەیاند "ئەو ئاهەنگە بێ بەرامبەرەو ئاماجیشمان خزمەتکردنی گەنجانەو حەزدەکەین گەنجان دڵخۆش بکەین".

بڕیارە لەئاهەنگەکەدا هەریەکە لەو چوار گۆرانیبێژە لاوە، چەند گۆرانییەک بچڕنو ئاهەنگەکە بۆ لاوانو گوێگرانیان برازێننەوەو دەشنێ وتی "دەمانەوێت دڵی ئەو گەنجانەی کە گوێگرمانن خۆشبکەین".

دەستوور چەند جارێک پەیوەندی بەگۆرانیبێژ "لۆکە زاهیرەوە" کرد، بەڵام پەیوەندییەکە وەرنەگیرا.

دەشنێ موراد ئامادەنەبوو ناوی ئەو ڕێکخراوە گەنجانە ئاشکرا بکات کە ڕێکخستنی ئاهەنگەکە لەئەستۆدەگرێت.



# هێرش هەورامی:
# سایتەکەیان تێکداوم

دەستوور



گۆرانیبێژی لاو هێرش هەورامی کە یەکێکە لەگۆرانیبێژە لاوەکانی ناوچەی هەورامانو ئێستا لەوڵاتی نەرویج لەگەڵ خێزانەکەیاندا ژیان بەسەردەبات، دەڵێت سایتەکەیان تێکداومو هەڕەشەی تۆمارکردنی سکاڵا دەکات.

هێرش هەورامی کە سایتێکی تایبەت بەخۆییو کارە هونەرییەکانی هەیە، ماوەیەکە سایتەکەی تێکدراوەو کاتێک دەیکەیتەوە لەبری نیشاندانی بەرهەمە هونەرییەکانی چەند وێنەو ئاماژەیەکی دوور لەکاری هونەری دەبینرێت، ئەوەش هونەرمەندی ناوبراوی نیگەرانکردووە.

گۆرانیبێژ هێرش هەورامی لەپەیوەندییەکی تەلەفونیدا بەدەستووری وت "بێ ئاگام لەوەی کێ ئەو کارەی کردووە، ئەوە کارێکی خراپو ناشایستەیە".

هەروەها وتی "لەگەڵ بەڕێوبەری ئەو سایتەدا قسەدەکەم بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەو ڕێگای یاسایی دەگرمەبەر".

# دەشنێ (شیکەواوا)ی
# لەلوبنان کلیپکرد

دەستوور

کچە گۆرانیبێژ دەشنێ موراد گۆرانی (شیکەواوا)ی لەلوبنان کلیپکردو بڕیارە لەئایندەیەکی نزیکدا بڵاویبکاتەوە، ئەم کلیپە هونەرمەند فادی حەداد کاری دەرهێنانی بۆ کردووە.

لەدوای بڵاوکردنەوەی ئەلبومی (شیکەواوا) کە پانزە گۆرانی لەخۆگرتووەو سەرجەم ئاوازەکانی لەلایەن مۆزیسیان هەڵکەوت زاهیرەوە دانرابوو، کچە گۆرانیبێژ دەشنێ موراد لەئێستادا بەنیازی کلیپکردنی چەند گۆرانییەکی ئەو ئەلبومەیەتی.

لەلێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی دەستوور دەشنێ موراد ڕایگەیاند گۆرانی (شیکەواوا) کە تێکستی حەمەسەعید ئیبراهیمو میلۆدی هەڵکەوت زاهیرە لەوڵاتی لوبنان کلیپکردووەو لەلایەن دەرهێنەر فادی حەدادەوە کاری بۆ کراوەو لەئایندەیەکی نزیکدا بڵاویدەکاتەوە.

گۆرانی شیکەواوا یەکێکە لەگۆرانییەکانی ئەلبومە نوێیەکەی دەشنێ موراد و وتیشی "هەروەها بەنیازم گۆرانی (کوردستان) کلیپ بکەم، لەگەڵ گۆرانییەکی هەورامی".

# هەموو خەڵاتەکان بۆ فیلمەکەی شەوکەت ئەمین بوو

ژەنیار لەهەولێر

فیلمی سینەمایی "شوێنێک بۆ یاری" لەدەرهێنانی شەوکەت ئەمین کورکی، توانی خەڵاتی یەکەمی فێستیڤاڵی سینەمایی کەنداو لەدوبەی لەوڵاتی ئیمارات بەدەستبهێنێتو ئەو خەڵاتەشی کردە سەر خەڵاتەکانی تری.

"شوێنێک بۆ یاری" دوای بەشداریکردنی لەبەشی پێشبڕکێی فیلمە درێژەکانو دوای سێ جار نمایشکردنی لەخولی سێیەمی فێستیڤاڵی سینەمایی کەنداو، توانی خەڵاتی یەکەم بەدەستبهێنێت.

نارین فیلم کۆمپانیای بەرهەمهێنەری ئەم فیلمە ڕایگەیاند، "شوێنێک بۆ یاری لەدەرهێنانی کورکی، "KICK OFF" بەنوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان بەشداری لەفێستیڤاڵەکەدا کردو توانی ئەو خەڵاتە بەدەستبهێنێت".

"KICK OFF" بەرهەمی حکومەتی هەرێمو وڵاتی ژاپۆنە، تائێستا بەشداری لەچەند فێستیڤاڵێکدا کردووەو چەند خەڵاتێکی بەدەستهێناوە. خولی سێیەمی فێستیڤاڵی سینەمایی کەنداو Gulf بە بەشداری (١٩٤) فیلم لە (٤١) وڵات لەرۆژانی ٨ تا ١٤ی نیسان لەئیمارەتی دوبەی لەوڵاتی ئیمارات بەڕێوەدەچوو.

هەر لەو فێستیڤاڵەدا هەردوو کورتە فیلمی کوردی "هژبە..ئەڤە شەرەمە" لەدەرهێنانی حسێن حەسەنو "کوێستانی سپی" لەدەرهێنانی تەها کەریمی، نمایشکران.






## کاوڕ

(٢١ مارس - ٢٠ نیسان)

لەوانەیە ببیتە قوربانی ئەو کارانەی بیریان لێناکەیتەوە،ئاگات لەوتەکانت بێت لەبەرامبەر کەسانی دەورووبەرت،سەرەڕای کێشەکانت لەبارەی کارەکەتەوە، بەڵام واز لەخۆشییەکانت ناهێنیت،پێویستە ژیانی تایبەتو گشتیت تێکەڵاو نەکەیت.



## گا

(٢١ نیسان - ٢٠ ئایار)

حەز بەو ژیانە دەکەیت کە کەمێک جۆشو ناڕوونی پێوە دیارە،لەم هەفتەیەشدا زۆر بەدوای ئەو دوو لایەنەوە دەبیت، کەسێک ڕاتدەکێشێت بەلای خۆیدا کە زۆر حەزی لێ ناکەی، ڕزگاربوون لەو کەسەش ئاسان نابێت.



## دووانە

(٢١ ئایار - ٢٠ حوزەیران)

ئەم هەفتەیە جیاواز دەبێت، سۆزت دەست بەزاڵبوون دەکات بەسەرتداو بەو هۆیەشەوە هەست بەباشبوونێکی ڕۆحی دەکەیت، هاوڕێیەکی دێرینت یان کەسێکی خێزانەکەت لەپشت هەموو خۆشییەکانتەوە دەبێت.



## قرژاڵ

(٢١ حوزەیران -

کەسێک لەدەوروبەرت بەشێوەیەکی زۆر ناخۆش باستدەکات، ئەوەش دەبێتە هۆی بێزاربوونت، دۆخی داراییت مایەی ڕەخنەلێگرتنە، ورەو باری دارایت پێکەوە بەرزبوونەوە بەخۆیانەوە دەبینن.



## شێر

(٢٣ تەمموز - ٢٢ ئاب)

ئەگەر دەتەوێت کۆتایی بەپەیوەندییەک بهێنیت ڕەوتی هەسارەکان ئامۆژگاریت دەکەن کە پەلە نەکەیت لەجیابوونەوەو هەڵبژاردنی کەسێکی دیکە، لەوانەیە پەیوەندییە نوێیەکەت هیچ ئەنجامێکی نەبێت.



## فەریک

(٢٣ ئاب - ٢٢ ئەیلول)

فشارێکی زۆرت لەسەرە لەڕووی کارەوە، وەک ئەوە وایە ژیانی چەندین کەس بەتۆوە بەند بن، تۆ دەتوانی بەردەوامبیت لەبەر ئەوەی ئەو وزەیەی کە هەتە نمونەییەو خۆشت بەوە سەرسامیت.



## تەرازوو

(٢٣ ئەیلول - ٢٢ تشرینی یەکەم)

سەرەڕای هەموو دڵەڕاوکێکانت ئەم هەفتەیە وەک هەفتەی خۆشەویستیو شادی دەچێتە نێو بیرەوەریتەوە، لەبواری کاردا شتەکان وەک ئەوە بەڕێوەناچن کە پێویستن، پێویستە ئاگات لەئیشەکەت بێتو نەهێڵی هەڵە بەسەرتدا تێپەڕێت.



## دووپشک

(٢٣ تشرینی یەکەم - ٢١ تشرینی دووەم)

ئەو کارانە مەکە کە خووت پێوە گرتوونو هەموو هەفتەکانت لەیەک دەچن، چوونە دەرەوە بۆ گەشتێکی کورت سوودی زۆری دەبێت بۆت، بەتایبەت لەم کاتەدا کە کەشوهەوا لەبارە، پێویستە لەو ژیانی ڕۆتینییە دووربکەویتەوە کە تێیدایت.



## کەوان

(٢٢ تشرینی دووەم - ٢٠ کانونی یەکەم)

چەند ڕۆژێکی زۆر خۆش چاوەڕێتن،لەهەموو لایەنەکانی ژیاندا هەست بەنوێبوونەوە دەکەیت، هەوڵبدە پەلە نەکەیتو هەموو دیمەنە جوانەکان ببینیو چێژیان لێوەربگریت، هاوکات کەسێک بەشێوەیەکی گونجاو لێت نزیکدەبێتەوە.



## گیسک

(٢١ کانونی یەکەم - ١٩ کانونی دووەم)

هەندێک لەقسەکانت دەبێتە هۆی ئەوەی بەرامبەرەکانت دڵیان لێت بیەشێ، هەمووان وا هەستدەکەن کە هۆکارێکی تایبەت بۆ ئەم کارەت لەئارادا بێتو ڕاستیش دەکەن، هەستەکانت بەسەر عەقڵتدا زاڵن.



## سەتڵ

(٢٠ کانونی دووەم - ١٨ شوبات)

زۆر باشیت لەکارەکەتداو جێگەی دەستت دیارە، پێویست ناکات خەم لەبارەی هاوکارەکانتەوە بخۆیت، لەژیانتداو بەهۆی حەزەکانتەوە تووشی هەندێک ناڕەحەتی دەبیت، ئاگات لەکێشەکانت بێتو زوو چارەسەریان بکە.



## نەهەنگ

(١٩ شوبات - ٢٠ ئازار)

ئاگات لەئیمزاکردنی ئەوگرێبەستانە بێت کە ئەم ماوەیە پێیانەوە سەرگەرمیت، چونکە هەسارەکان پێیان باشە ماوەیەکی کەم دوایانبخەیت، لەهەر هەنگاوێکتدا هەموو ئەگەرەکان لەبەرچاوبگرەو ئاگاداری کەسانی دەوروبەرتبە.



# لەبەشەناوخۆییەکاندا پێشبڕکێیە لەسەر چێشتلێنان

فەرحان حەمەخان لەسلێمانی



دوای نۆژەنکردنەوەی بەشەناوخۆیی ئیسکان بەکۆمەڵێک کەموکوڕییەوە جێدەهێڵرێت.

ئیکرام زۆربەی رۆژەکانی لەناو بەشەناوخۆیی دوای نوێژکردنی بەیانی سەرە بۆ مەنجەڵی چێشتلێنان دەگرێت، بۆئەوەی بتوانێت ژەمێک خواردن بۆ خۆیو هاوڕێیەکانی ئامادەبکات.

هەرچەندە بەشەناوخۆییەکەی ئیکرام کە بەبەشەناخۆیی ئیسکان ناسراوەو دەکەوێتە نزیک زانکۆی سلێمانی، ئەمساڵ هەندێک کاری نۆژەنکردنەوەی تێداکراوە، بەڵام مایەی دڵخۆشی نییە بۆ ئیکرام، "خوێندکاران گرفتە ریشەییەکانیان بەتەواوەتی چارەسەر نەکراوە کەنەبوونی خزمەتگوزارییە"، ئیکرام وای وت.

ئیکرام وتی "دەبێت راستەوخۆ دوای نان خواردنی ئێوارە یان نوێژی بەیانی مەنجەڵەکان لەسەر تەباخەکان دابنێیت، ئەگینا دەبێت لەدوای بانگی عیشاوە نان بخۆیت".

کەمی تەباخو سەلاجەو گرفتی حەمامو تەوالێتەکان کێشەی رۆژانەی بۆ خوێندکارانی بەشەناوخۆییەکان دروستکردووەو بەرپرسانی کارگێڕی زانکۆش دان بەکەموکوڕییەکاندا دەنێنو دەڵێن ئەمساڵ پێداویستی کەم کڕدراوە بۆ بەشەناوخۆییەکان.

ئیکرام ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کەزۆرجار بەو هۆیەی زوو مەنجەڵەکان دادەنێن، مەنجەڵەکان ون دەبن، بەهۆی زۆری رێژەی خوێندکاران لەبەشەناوخۆییەکەیاندا.

بەشەناوخۆیی ئیسکان لەدوو بەش پێکهاتووەو زیاتر لە٦٠٠ خوێندکاری تێدایە، بۆ چوار ژوور کە ٢٤ خوێندکاری تێدایە، تەنها یەک سەلاجە دانراوە، سەرەڕای گرفتی تەوالێتو حەمام کە بووەتە کێشەی رۆژانەیان.

ئەحمەد قادر خوێندکاری قۆناغی دووەم لەبەشی راگەیاندنی زانکۆی سلێمانی وتی "ئێمە شەش کەسین لەژوورێکدا، بەهۆی نەبوونی سەلاجەوە نانەکانمان خراپ دەبێت، دۆشاو یەکجار بەکاری دەهێنین خراپ دەبێت".

سەفەر مستەفا خوێندکاری کۆلێژی زمان بەشی کوردی ئاماژە بەگرفتێکی تر دەکات کە لەگەڵ هاتنی وەرزی گەرمادا رووبەڕوویان دەبێتەوە، وتی "ئێمە بەرەو وەرزی هاوین دەچین، بەڵام ئامێرەکان هێندە نوێ نین، ئەمە یەکێک دەبێت لەکێشەکان، سەرەڕای پیسی تەوالێتەکان کە بۆگەنی کردووە".

د. ئاراس یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری خوێندکاران بەدەستووری راگەیاند "ئەمساڵ هەندێک لەشتەکانمان نۆژەنکردووەتەوە وەک سۆبەو بەتانی هەروەها بە٤ ژوور سەلاجەیەکمان پێداون، منیش دەزانم ئەمە گرفتە بەرنامەمان هەیە بۆ ساڵی ئایندە سەلاجەی بچوک بکڕینو هەر ژوورێک سەلاجەیەکی بدەینێ".

یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری خوێندکاران وتی "ئەو شتانەی ئەمساڵ کڕیومانە کەمن".

دەربارەی کێشەی کەمی تەباخو سەلاجە د. ئاراس ئاماژەی بەوەدا لەبەرئەوەی بیناکە نیزامی ئوتێلە، مەتبەخەکان تەباخی زۆر ناگرێت، لەبەرئەوە شوێنی ئەوەندە تەباخ دەبێتەوە. هەروەها وتی "ئەم سیستمە پێش من دانراوە کە بە(٤)ژوور سەلاجەیەک دانراوە ئەوە نییە کەئێمە ئیمکانیاتمان نییەو ناتوانین، بەرنامەمان هەیە ئەمساڵ بێتەوە هەوڵبدەین هەرژوورەو سەلاجەیەکی بۆ دابین بکەین، ئەگەر ئەوەشمان پێ نەکرا سەلاجەی گەورە بۆ دوو ژوور دابین دەکەین".

کێشەیەکی تری بەشەناوخۆیی ئیسکان خراپی تەوالێتو حەمامەکانیەتی بەجۆرێک لەبەشی یەک، قاتی دووەم ئاوی زێرابی قاتی سێی بەسەردا دێتەخوارەوە، دوای ئەوەی ئەمساڵ نۆژەنکراوەتەوە، ئەو حاڵەتە بەپێی وتەی ئەو خوێندکارانەی کە لەساڵانی پێشوودا لەو بەشە ناوخۆییە بوون بەهەمان شێوە بووە. د. ئاراس وتی "ئەو بینایە پێویستی بەوە هەیە کە بۆ ئەمساڵ ئەگەر کێشەی شوێنی نیشتەجێ بوون نەبوو بخرێتەوە سەر پلێتو نۆژەنبکرێتەوە لەبەرئەوەی کۆنە".

یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری خوێندکاران رەخنە ئاراستەی خوێندکاران دەکاتو دەڵێت "خوێندکاریش کەمتەرخەمە بۆنمونە بۆ سەری ساڵ زۆربەی سیفۆنەکانیان بەبلۆک شکاندووە، یان پێڵاو دەخرێتە ناو زێرابەوە ئەم شتانە وادەکات زێرابەکان بگیرێن".

د. ئاراس بەڵێنی چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی بەخوێندکارانداو وتی "هەوڵدەدەین ئەو بینایە بۆ ساڵی ئایندە نۆژەنبکەینەوە، ئەگەر ئەوەشنەکرا چارەسەری تر هەیە، یان ژمارەی خوێندکاران کەمدەکەینەوە لەو بەشە، یان بینای تر دەگرین".

# پەیمانگایەك سێ ساڵە خوێندکاری وەرنەگرتووە

## بەهۆی بچوکی بیناو کەمی مامۆستای پسپۆڕەوە، چەند ساڵێکە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی کفری خوێندکاری وەرنەگرتووە

فەرمان خێڵانی لەکفری

بەهۆی نەبوونی شوێنو مامۆستای پسپۆڕەوە، ماوەی ٣ ساڵە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی کفری خوێندکاری وەرنەگرتووەو بەڕێوبەری پەیمانگاکەش داوادەکات بینایەکی گونجاو بۆ پەیمانگاکەیان دروستبکرێتو مامۆستای پسپۆڕیان بۆ دابمەزرێنرێت، خوێندکارانی ئەو پەیمانگایەش باس لەوە دەکەن کەمامۆستای پسپۆڕیان نییەو بینای پەیمانگاکەیان لەبینای پەیمانگا ناچێت.

هەروەها ئاماژە بەخراپی مامەڵەی ئیدارەی پەیمانگاکەیان دەکەن لەگەڵیاندا، ئیدارەی پەیمانگاکەش هەندێک لەقسەی خوێندکاران رەتدەکەنەوە.

خوێندکارێکی بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی کفری ئاماژەی بەوەدا کەئەوان کێشەی بینایان هەیە، لەبەرئەوەی بینای پەیمانگاکەیان بچوکەو بۆ پەیمانگایەکی هونەری ناگونجێت.

ئەو خوێندکارە کە لەترسی دەرکردنیان نەیویست ناوی خۆی بڵێت، بەدەستووری وت "مامۆستای پسپۆڕیشمان زۆر کەمە، تەختو هۆڵی شانۆمان نییە، لەکاتێکدا ئەگەر تەختی شانۆمان هەبێت بەشی مۆزیکاش سودی لێوەردەگرنو بەکەڵکیان دێت، پێداویستیو کەرەستەو ئامێری هونەرییمان نییە".

ئەو خوێندکارە هەروەها وتی "پەیمانگاکەمان سیمای پەیمانگایەکی هونەری پێوە دیار نییە، بەڵکو زیاتر لەخوێندنگەیەکی ناوەندی یان ئامادەیی دەچێت".

پەیمانگای هونەرە جوانەکانی کفری ساڵی ٢٠٠١ دامەزراوەو هەر سێ بەشی شانۆو شێوەکاریو مۆزیکای تێدایە، پەیمانگاکە ئێستا ٢٠٠ خوێندکار وانەی تێدا دەخوێنن.

خوێندکارێکی تری پەیمانگاکە کە لەبەشی شێوەکاری دەخوێنێت، وتی "ئیدارەی پەیمانگاکەمان وەک منداڵ مامەڵەمان لەگەڵدا دەکەن، مامەڵەیان خراپە لەگەڵماندا، بۆنمونە ئەگەر ٢ کاتژمێر رێستمان هەبێت قبوڵناکەن ٥ خولەک بچینە دەرەوەی پەیمانگا".

ئیهان نەجمەدین بەڕێوەبەری پەیمانگای هونەرە جوانەکانی کفری رایگەیاند "بیناو تەختی شانۆو پێداویستی رێکوپێکو تەواوی هونەریمان نییە، بەهۆی کەمی خوێندکاری دەرەوەی شارەوە ئێستا بەشە ناوخۆییشمان نییە، لەئێستادا گەورەترین کێشەمان کەمی مامۆستای پسپۆڕە، بەبیانووی نەبوونی دامەزراندنەوە مامۆستای پسپۆڕمان بۆ دانامەزرێنن".

بەڕێوەبەری پەیمانگای هونەرە جوانەکانی کفری وتی "ئێمە چەند ساڵێک خوێندکارمان وەرنەدەگرت، لەبەرئەوەی بیناکەمان بچوک بوو، مامۆستای پسپۆڕیشمان نەبوو، بۆیە داواکارین لەلایەنە پەیوەندیدارەکانو وەزارەتی پەروەردە کە لەئێستادا خوێندکارانی دەرچووی ساڵی پاری پەیمانگاکەمانو چەند مامۆستایەکی پسپۆڕمان بۆ دابمەزرێنن، لەداهاتوویەکی نزیکیشدا بینایەکی شیاوو مۆدێرنمان بۆ دروستبکەن".

سەبارەت بەمامەڵەی خراپی ئیدارەی پەیمانگاکە لەگەڵ خوێندکارەکانیاندا ئەو بەڕێوەبەرە وتی "ئەو قسانە هیچ راست نین، ئێمە وەک منداڵو هاوڕێی خۆمان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەین".



مامۆستاو خوێندکاران داوای چارەسەری کێشەکانیان دەکەن. فۆتۆگراف: سوارە محەمەد

# جیهانبینی پەروەردە

فایەق سەعید

# خۆپیشاندانی خوێندکارانو ئەرکی ئێمە

ناشیرینترین رستە ئەو دێڕەیە کەدەسەڵاتی کوردی فێری بووەو لەدوای هەموو خۆپیشاندانێکدا دووبارەی دەکاتەوە، "ئەم خۆپیشاندانە دەستی لەپشتەوەیە"، ئەم رستەیە بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانی لەداوی خۆپیشاندانی خوێندکارەکانی سلێمانییەوە رایگەیاند.

دەبێ چ دەستێک لەپشت هەستی ناسکو دڵسۆزانەی ئەو خوێندکارە لاوانەوە بێت کە بۆ دەربڕینی رای خۆیان رژانە سەرشەقامەکان بۆئەوەی وەزارەتی پەروەردە لەبڕیاری دابەشکردنی کۆنمرەی پۆلی شەشەمی ئامادەیی بەسەر پۆلەکانی ١٠-١٢دا، پەشیمان بێتەوە.

ئازاردانی خوێندکارانو بەندکردنیانو هێرشکردنە سەر رۆژنامەنووسان بەهەموو شێوەیەک مەحکوم دەکەم، چونکە تا بڵێی رەفتارێکی تۆلیتارانەیە، دواتر دەبووایە خوێندکارە زۆر خۆشەویستەکانی ئێمە زۆر لەوە وریاتر بوونایە کەپەنجەرە بشکێننو زیان بەماڵی گشتی بگەیەنن، من پشتی تەواو بەوان دەبەستمو لێیان رادەبینم ماڵی گشتی بپارێزن، بۆیە زۆر نیگەران بووم لەوەی ئەوان وەکو هێزەکانی پۆلیس توندوتیژی بەکاربێننو پەنجەرە بشکێنن، با لەبری ئەوە تا دەتوانن تەماتەو هێلکەمان تێبگرنو دەبێ ئێمەش وەکو پەروەردەکاران هێندە دڵمان فراوان بێت کەبتوانین بەرگەی پەستیو تووڕەیی ئەو توێژە ئازیزە بکەین، دەسەڵاتی کوردیش پێویستی بەیاسایەکی هاوچەرخ هەیە بۆ خۆپیشاندانو پارێزگاریکردن لەگیانی خۆپیشاندەران لەکاتی خۆپیشاندانەکاندا، نەک پیادەکردنی توندوتیژی.

پێش هەموو شتێک هەموو ئەو کچو کوڕە نازدارانەی ئێمە کەناڕەزایی دەردەبڕن وەکو هەموو خوێندکارەکانی دیکە بەردی بناغەی ئەم وڵاتەنو پاراستنی گیانیان ئەرکی ئێمەیە، ئەوان چەندین ساڵە ژیانی خوێندکارانەیان بەناخۆشی بەسەر بردووە، بۆیە لەیەکەمین رۆژەوە کەکارم لەپەروەردەدا کردووەو بەشداربووم لەگۆڕانکارییەکاندا، پێش هەموو یەکێک بیرم لەبەرژەوەندی ئەوان کردووەتەوە، بۆیە یەکێک لەو بڕیارانەی کەراوێژم تیادا کردووەو بەجدی لەگەڵ پەروەردەکارەکانی دیکەدا هانی وەزارەتی پەروەردەمان داوە کەبیکاتە بڕیار، ئەم بڕیارەبوو کەئێستا خوێندکاران لەدژی خۆپیشاندان دەکەن، بەڵام منو ئەوانی دیکەش بۆ ئەم کارەمان کرد؟

هەمیشە خەمو ئازاری خوێندکارەکانم لەگەڵ خۆمدا هەڵگرتبوو، دەمبینی ئەوان ١٢ ساڵ دەخوێننو ماندوو دەبنو دواتر لەیەک تاقیکردنەوەی بەکەلۆری ٣ سەعاتیدا، وەک قومار هەندێکیان نمرە دێننەوەو ئەوانی دیکەش کەنەخۆش بوون، پرسەیان هەبووە، لەگەڵ خۆشەویستەکانیاندا تێکچوون، ... هتد، باری دەروونیان تێکچووەو نمرەیان نەهێناوەتەوەو ئیدی تا ژیانیان ماوە نەیانتوانیوە ئاواتەکانیان بهێننە دی، من لەپێناوی کۆتاییهێنان بەو مەینەتیانە بەلایەنی کەمەوە سەدەها لاپەڕەی توێژینەوەو کتێبیم خوێندۆتەوە کە لەناوەندە گرنگەکانی رۆژئاوادا نووسراونو بەراوردی هەندێک لەسیستمە پێشکەوتووەکانم کردووەو چەندین ساڵیشە کار بەسیستمێکی هاوشێوە دەکەمو چەندین جار لەگەڵ پەروەردەکارەکانی کوردستاندا راوێژمان کردووەو بەلای هەموومانەوە گرنگ بووە کەکارێک بکەین بۆئەوەی چارەنووسی خوێندکار نەبەستینەوە بەیەک تاقیکردنەوەوەی ١٥ رۆژییەوە.

دواتر پێویستە خوێندکارەکان لەگەڵمداو لەروانگەی مەعریفییەوە بیر لەوە بکەنەوە کە ئەمە دروست نییەو واباشترە ئەوان لەماوەی سێ ساڵدا هەوڵبدەنو پرۆسەی مەعریفی خۆیان دەوڵەمەند بکەن بۆئەوەی نمرەیەکی باش بێننەوە.

بەدەرلەوەی ئەم بڕیارە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەرچووەو تەنها ئەو ئەنجومەنە دەتوانێت بیگۆڕێت، بەڵام لەم حاڵەتەشدا ئەگەر ئەو ئەنجومەنە ئەم بڕیارە بگۆڕێت، من پێموایە گەورەترین هەڵەی مێژوویی دەکات، چونکە بەزیانی خودی خوێندکاران دەشکێتەوە، لەلایەکی دیکەوە ئەوەی من لەناوەندەکانی پەروەردەو میدیاکانەوە تێگەیشتم ئەوەیە کەهەندێک خوێندکار لەبەرئەوەی لەدوو ساڵی رابردوودا نمرەی باشیان نەهێناوە، بۆیە خۆپیشاندانیان کردووە، من لەمە تێدەگەم، بەڵام ئەمە بەپلەی یەکەم کەمتەرخەمی خۆیانی تێدایە، من دەزانم هەڵەی زۆر هەیە، بەڵام نەک لەبڕیارەکەدا، بەڵکو لەپیادەکردنی بڕیارەکەدا، ئەگەر هەندێک قوتابخانەو مامۆستا نمرەی زۆر بدەنو هەندێکی دیکە کەم، ئەوە بەشێوەیەکی خراپ کار دەکاتە سەر کۆنمرەی خوێندکارەکانو لێرەدا مافی خۆیانە خۆپیشاندان بکەن بۆ چاککردنی ئەم هەڵەیە، خاڵێکی دیکە هەیە کەمن لەدەرچوونی کۆبڕیارەکانی وەزارەتی پەروەردەوە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئەمەم بەوەزارەت راگەیاندووەو کەدەبێ وەزارەت تیمێکی گەڕۆکی شارەزا لەهەموو ناوچەکاندا پێکبهێنێت کە بەبەردەوامی گەڕان بەناو قوتابخانەکان، خوێندکارانو مامۆستایاندا بکاتو ماهیەتی ئەم سیستمەو میکانیزمی کارکردن بەم سیستمە روونبکاتەوەو ئامادەش بێت گوێ لەرەخنەو پێشنیارەکانیان بگرێت.

دوا خاڵ کەدەمەوێ یاداشتی بکەم ئەوەیە بەرای مامۆستاو خوێندکارەکان وەزارەتی پەروەردە تا بڵێی خەمساردەو لەگەرمەی هەموو ئەم بگرەو بەردەیەدا وەڵامێکی روونی نییەو جەنابی وەزیریش بەڕێز کاک سەفین زەحمەتی ئەوەی نەکێشاوە بێتە سەر تەلەفزیۆنو قسەیەک بۆ خوێندکارەکان بکات.

دەبێ وەزارەت تیمێکی گەڕۆکی شارەزا لەهەموو ناوچەکاندا پێکبهێنێت کە بەبەردەوامی گەڕان بەناو قوتابخانەکان، خوێندکارانو مامۆستایاندا بکاتو ماهیەتی ئەم سیستمەو میکانیزمی کارکردن بەم سیستمە روونبکاتەوە

# گەنجانو بەساڵاچووان سکاڵا لەیەکتر دەکەن

عەلی بانیشاری لەهەولێر

بەساڵاچووان گەنجان بەنەفامو گەنجانیش بەساڵاچووان بەدواکەوتوو تۆمەتباردەکەن، شارەزایانی بواری کۆمەڵایەتیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن دەبێت گوێ لەنەوەکانی پێشوو بگیرێت، بۆئەوەی ئێمە سوود لەو ئەزمونانە وەربگرین نەک بەقسەیان بکەین.

بەریەککەوتنی گەنجانو بەساڵاچووان هەندێک کات لەسنوور تێپەڕدەبێتو کێشەی کۆمەڵایەتی بەدوادادێت، ئەم دیاردەیە بەساڵاچووانی نیگەرانکردووەو دەڵێن دەبێت گەنجانیش چاوێکیان لەرابردوو بێت. گەنجان نایشارنەوە بەساڵاچووان دەیانەوێت هەموو ژیانی

ڕۆژانەی ئەوان بەدەستی بەساڵاچووانەوە بێتو لەقسەی ئەوان تێنەپەڕن، بەساڵاچووانیش گلەیی ئەوە لەگەنجان دەکەن وەک پێویست ڕێزیان لێناگرنو وەکو جاران گوێ بەقسەکانیان نادەن، قانع فەرەج تەمەن ٥٦ ساڵ لەبەردەم چایخانەی مەچکۆ لەهەولێر دانیشتبوو ئەو باس لەوەدەکات لەم ڕۆژگارەدا هیچ کات ڕێز لەبەساڵاچووان ناگیرێتو گەنجان بەدواکەوتویان دەزانن.

قانع بەدەستووری وت "کاتێک دەمەوێت قسەیەکی خێر بۆ کوڕەکەم بکەم وادەزانێت من ڕقم لەوەو حەزدەکەم ئەو زەرەر بکات"، هەروەها وتی "قسەکەم تەواونابێت پێمدەڵێت باوکە تۆ بەسەردەمی پێشوو بیردەکەیتەوە".

گەنجان پێیانوایە نابێت لەهەموو شتێکدا بەقسەی بەساڵاچووان بکەنو ئێستا وەک سەردەمی پێشوو نییە ڕۆژ بەڕۆژ ژیان دەگۆڕێت، دەشڵێن بەساڵاچووان هەمیشە ڕەخنە لەجلوبەرگو هەڵسوکەوتی گەنجان دەگرنو بەنەفام لەقەڵەمیان دەدەن.

سەربەست ٢٤ ساڵ کە کارمەندی وەزارەتی ڕۆشنبیرییە دەڵێت "بەگوێنەکردنی بەساڵاچووان لەلایەن گەنجانەوە مانای ئەوە نییە تۆ ڕێز لەو کەسە ناگریت، بەڵکو ئەوە دەگەیەنێت ئەوەی ئەو دەیڵێت لەگەڵ تۆدا ناگونجێت".

شارەزایانی بواری کۆمەڵایەتی بۆچوونیانوایە پێویستە گوێ لەبەساڵاچووان بگیرێتو سوود لەئەزمونەکانیان وەربگرین، بەڵام مەرج نییە لەهەموو شتێکدا بەقسەیان بکەین.

نەوزاد جەمال مامۆستای فەلسەفەی کۆمەڵایەتی لەزانکۆی سەلاحەدین دەڵێت "سەرجەم ئەو کێشانە لەپەیوەندییە ناتەندروستەکانەوە دروستدەبن، ئەو جۆرە پەیوەندییەش لەکۆمەڵگەی کوردیدا بوونی هەیە".

م.نەوزاد بەدەستووری وت "خواستەکان ئەو گۆڕانە کلتورییەی دروستکردووەو لەسەرجەم بوارەکانی کۆمەڵایەتیو سیاسیدا ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە نەوەکانی ڕابردوو مایە پوچ بوون".

هەروەها وتی "پێویستە ئێمە گوێ لەبەساڵاچووان بگرین، چونکە ئەوان خاوەن ئەزمونن، بۆئەوەی ئێمە سوود لەو ئەزمونانە وەربگرین نەک بەقسەیان بکەین".



# منداڵی زۆر، خێزانەکانی هەراسانکردووە

## لەژێر کاریگەری دابونەریتو شەرعدا، ژمارەیەکی زۆر لەخێزانەکان سنوور بۆ منداڵبوون دانانێن

ئیلهام عەبدوڵڵا لەسلێمانی

بوونی منداڵی زۆر بووەتە کێشە بۆ خێزانەکانو پسپۆڕانی بواری پزیشکیش ئاماژە بەوەدەکەن کەمی ماوەی بەدوایەکداهاتنی منداڵ گرفتی تەندروستی بۆ منداڵو دایکەکەش دروستدەکات.

ڕێژەی زۆری منداڵ لەخێزانێکدا کێشەی ئابووریو کۆمەڵایەتیو تەندروستی بۆ خێزانەکان دروستدەکاتو بەهۆی دابونەریتی کۆمەڵگاو بیروباوەڕی ئایینییەوە تائێستا خێزانەکان ناتوانن سنوورێک بۆ منداڵبوون دابنێن.

شیرین عەلی تەمەن ٣٥ ساڵ خاوەنی چوار منداڵە وەک خۆی دەڵێت ناتوانم هەموو پێداویستییە مادییەکانیان بۆ دابین بکەم، دەتوانم بڵێم لەڕووی مەعنەویو پەروەردەییشەوە هەر نەمتوانیوە ئەرکی دایکایەتی جێبەجێ بکەم.

شیرین فەرمانبەرە لەیەکێک لەدەزگا حکومیەکاندا، وتی "ئەو چوار منداڵە بەحەزی خۆم نەبووە، ماڵی خەزورم پێیان باش بووە"، بەڵام وتی "بۆ ئەم سەردەمە چوار منداڵ زۆرە".

ئەحمەد لەتیف تەمەن ٣٦ ساڵ باوکی پێنج منداڵەو لەخانووی کرێدا دەژی، بەهۆی خراپی باری ئابوورییەوە ڕۆژانە دوو منداڵی لەگەڵ خۆیدا دەبات بۆ کارکردن.

ئەحمەد وتی "ڕۆژانە پارەیەکی دیاریکراوم دەستدەکەوێت، بەتەنها ناتوانم بژێوی ژیانیان بۆ دابین بکەم، بۆیە دوو لەمنداڵەکانم وازیان لەخوێندن هێناوەو کاردەکەن لەبازاڕدا".

لەکۆندا زۆربوونی منداڵ پێویستییەکی کۆمەڵگای کشتوکاڵی بووە، بۆ کارکردن لەناو کێڵگەدا پێویستییان بەزۆرترین ڕێژەی هێزی کار هەبووە، بەڵام لەئێستادا زۆری ڕێژەی منداڵ بەکێشە دادەنرێت لەڕووی پەروەردەکردنو پێگەیاندنیانەوە.

فاتمە قادر تەمەن ٦٠ساڵ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات خێزانەکانی جاران دەبوایە منداڵیان زۆربێت، چونکە لەلادێدا دەژیان خێزانەکان دەیانووت منداڵ زۆر باشە بۆئەوەی کە گەورە بوون ئیشی کشتوکاڵییان بۆ بکەنو ببنە شوان.

فاتمە وتی "خۆم نۆ منداڵم بووە".

لەڕووی ئایینییەوە دوو ڕای جیاواز هەیە هەندێک لەزانایانی شەرع پێیانوایە دروستە کە سنوورێک دیاریبکرێت بۆ لەدایکبوونی منداڵو هەندێکیشیان پێیانوایە نابێت هیچ سنوورێک بۆ منداڵبوون دابنرێت.

مەلا موسا حەبیب پێشنوێژی مزگەوتی حەمەی حاجی ڕەشید بەدەستووری وت "لای هەندێک لەزانایانی شەرعو فوقەهاتی ئیسلام دروستە خێزان ژمارەیەکی کەم منداڵیان هەبێت بەو مەرجەی کە دیاریکردنی منداڵەکان بەمەبەستی پەروەردەو پێگەیاندنی منداڵی چاک بێت".

هەروەها وتی "باوکەکە دەبێت بتوانێت بژێویان بۆ دابین بکات".

ئاماژەی بەوەشدا کە هەندێکی تر لەزانایانی شەرع بەگوێرەی هزری ئەوان دروست نییە خێزان منداڵ دیاریبکاتو سنووری بۆ دابنێت، چونکە منداڵ بۆ دایکو باوکو بۆ دنیاو قیامەتیان باشە.

پسپۆڕانی بواری پزیشکی باس لەزیانەکانی سکپڕی دەکەنو جەخت لەوە دەکەنەوە کە پێویستە کەمترین ماوەی نێوان سکپڕی لەدوو ساڵ کەمتر نەبێت.

دکتۆرە نیگار محەمەد ساڵح بەرزنجی پسپۆڕی ژنانو منداڵبوونو نەزۆکی وتی "کەمترین ماوەی نێوان سکپڕییەک ٢ساڵە".

د. نیگار باسلەوەدەکات کە ئەگەر بێتو دایک هەموو ساڵێک منداڵی بێت ئەوا تووشی بێخوێنی دەبێتو ڕێژەی منداڵی ناکام لەو دایکانەی کە هەموو ساڵێک منداڵیان دەبێت، زیاترە.

لەڕووی دەروونییەوە، وتی "باری دەروونی دایک باش نابێت، چونکە بیری لای ئەوەیە چی بخواتو چۆن بخوات، چۆن باری جەستەی خۆی بگەڕێنێتەوە باری جاران".

دەربارەی جۆرەکانی ڕێگرتن لەمنداڵبوون (منع) ئەو پسپۆڕەی بواری ژنانو منداڵبوون ئاماژە بەوە دەکات هەموو جۆرە دژە سک پڕییەکیش زیانو سوودی خۆی هەیە، ئەگەر بێتو بەڕێکوپێکی بەکاربهێنرێت لەژێر چاودێری پزیشکی پسپۆڕدا سوودی زیاترە.

توێژەرانی کۆمەڵایەتی پێیانوایە بوونی منداڵی زۆر گرفتی پەروەردەکردن بۆ خێزان دروستدەکات.

ئەحمەد ڕەشید توێژەری کۆمەڵایەتی وتی "دەبێت ماوەی نێوانی لەدایکبوونی منداڵێک تا منداڵێکی تر لە ٣ ساڵ کەمتر نەبێت، لەبەرئەوەی ئەو منداڵانەی لەدوای یەکتر دێن، منداڵی یەکەم غیرە لەمنداڵی دوای خۆی دەکاتو واهەست دەکات دایکو باوکی لەپێدانی سۆزو خۆشەویستی فەرامۆشی دەکەنو منداڵی تازە جێگەی بایەخیانە".



منداڵی زۆر ئەرکی پەروەردەکردن دەخاتە مەترسییەوە

# دێژین بۆ لەهەشتی مارسدا خۆی سووتاند؟

شەنگ ماشم لەدهۆک

ئەو ژنەی لە ٨ی مارسدا خۆی سووتاند بەرلەوەی گیان لەدەستبدات داوایکردووە کەس گوناهبارنەکرێت بەسووتانی، کەسوکاریشی دان بەوەدا دەنێن لەناو خێزانەکەیاندا کێشەی زۆریان هەبووە.

ژنێکی تەمەن ٢٥ساڵ بەناوی دێژین لەقەزای شێخان بەئاگر خۆی سووتاندو دوای ٨ ڕۆژ مانەوەی لەنەخۆشخانەو سووتانی ٧٥٪ی لەشی، گیانی لەدەستدا.

هاوسەری دێژین بۆ ڕۆژنامەی دەستووری ڕوونکردەوە "لەڕۆژی خۆسووتاندنەکەیدا منو دایکمو دێژین لەماڵ بووین، بەدایکمی وت من لەماڵ ناچمە دەرەوە، دوای ئەوە بینیم لەچێشتخانەکە ئاگر بەرزبووەوە".

حامید هاوسەری دێژین بەدەستووری وت "٤ساڵ پێش ئێستا دێژینم مارەکرد، دوای ئەوەی ژیانی هاوسەرگیریمان پێکهێنا تووشی گەلێک ناخۆشی بووین، هاوسەرەکەم دوودڵو وەسواس بوو، زۆرجار بیری خۆسووتاندنو خۆکوشتن لەمێشکی ئەودا بوو".

دێژین ڕۆژێک پێشئەوەی خۆی بسوتێنێت زیاتر لەچوارجار هەوڵی خۆسووتاندنی دابوو، بەڵام هەڵی بۆ نەڕەخسابوو.

حامید وتی "ڕۆژی ٢٠١٠/٣/٨ کە ڕۆژی جیهانی ژنانە، لەکاتژمێر ٤ی ئێوارە منو دێژینو دایکم لەماڵەوە بووین، من لەژووی دانیشتندا بووم، من ئاگام لەوە بوو بەدایکمی وت تۆ ناچیتە دەرەوە، لەدوای ئەوە بینیم دایکم چوو بۆ ماڵە دراوسێکەمان".

حامید لەگێڕانەوەی بەسەرهاتەکە بەردەوامبوو، پاش ١٠ دەقیقە ئاگرێک لەچێشتخانەکەیانەوە دەرچووەو دەڵێت "بینیم ئاگر بەلەشی دێژینەوەیە، بەرچاوم تاریک بوو، نەمدەزانی چۆن بیکوژێنمەوە، دوای ئەوەی دراوسێکانمان لەهاواری من هاتنو ئاگرەکەمان کوژاندەوە، ڕەوانەی نەخۆشخانەی سووتانو جوانکاری دهۆکمان کردو وتیان بەڕێژەی ٧٥٪ی لەشی سووتاوە".

برایەکی حامید ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە ئەو ڕۆژەی براژنی خۆی سووتاند تەنها حامیدو دێژین لەماڵەوە بوون.

ئێستا کێشەی سووتانی دێژین لەژێر لێکۆڵینەوەدایەو تائێستا نەزانراوە سووتێنراوە یان خۆی سوتاندووە.

یەکسەر دوای سووتانی، دێژین دەگوازرێتەوە بۆ نەخۆشخانەی سووتانو جوانکاری دهۆک داوی ٨ ڕۆژ لەسووتانەکەی لە١٥/٣دا گیانی لەدەستدا.

ماوەی دوو ساڵە کێشەیەکی زۆر لەناو ماڵی حامید دروستبووە، لەساڵی ڕابردوودا باوکی حامید کە دەکاتە خەزوری دێژین بەهۆی نەخۆشی دڵەوە کۆچی دوایی کرد.

موسا خاڵی حامید وتی "چەندینجار خزمو کەسوکاری حامید هاوکاریان دەکردن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان، بەڵام ئەوان هەر تووشی کێشە دەبوونەوە".

دراوسێیەکی ماڵی حامید کە نەیویست ناوی خۆی ئاشکرابکات لەزاری خەسوی دێژینەوە ئاشکرای کرد "دێژین بۆخۆی خۆی سوتاندووە، چونکە ئەو چەندین کێشەی هەبووە".

سەرچاوەیەک لەبنکەی پۆلیسی نەخۆشخانەی سووتانو جوانکاری لەدهۆک بەدەستووری ڕاگەیاند "کاتێک دێژین گەیشتە نەخۆشخانە نەیدەتوانی قسە بکاتو ڕاستی سووتانی ئاشکرابکات، دوای سێ ڕۆژ لەسەر سووتاوییەکەی قسەیکردو وتی من بەزۆرپا سووتام".

سەرچاوەکەی نەخۆشخانەی سووتانو جوانکاری دهۆک ئەوەشی ڕوونکردەوە کە لەسەرەتادا ڕەوشی تەندروستی دێژین بەرەو باشی ڕۆیشتووە، چونکە پشتو پێیەکانی سووتابوو، سکی نەسووتا بوو".

ئەو سەرچاوەیەی پۆلیس وتی "دواتر چیرۆکی سووتانی خۆی ئاشکراکرد، وتی کەس بەسووتانی من گوناهبار مەکەن، من خۆم خۆم سووتاندو گازم بەپشتی خۆمدا کرد".





# "سەرئێشە نەخۆشی نییە، بەڵکو نیشانەی نەخۆشییە"

## د. یاسین تاهیر پسپۆڕی نەشتەرگەری مێشکو بڕبڕەی پشت بۆ دەستوور

سازدانی: بێستون فەتاح



**پسپۆڕانی بواری نەخۆشییەکانی دەمارو مێشک ئاماژە بەوە دەکەن کە سەرئێشە نەخۆشی نییە، بەڵکو نیشانەی چەندەها نەخۆشییە کە بەهۆی چەندین هۆکارەوە لەشێوەی سەرئێشەدا دەردەکەون.**
**لەدیمانەیەکی دەستووردا د. یاسین تاهیر پسپۆڕی نەشتەرگەری مێشکو بڕبڕەی پشت دەڵێت "بەپێی توێژینەوەکان ڕەگەزی مێینە زیاتر تووشی سەرئێشە دەبن وەک لەڕەگەزی نێرینە".**
**د. یاسین ئاماژە بەوە دەکات سروشتی جوگرافیای کوردستان کەناوچەیەکی شاخاوییەو لەڕووی ئاستی دەریاوە ناوچەکەی ئێمە بەرزترە، هەر بۆیە خەڵکی لای ئێمە ڕێژەی خوێنیان زیاترە لەناوچە نزمەکان، ئەمەش کاریگەری هەیە بۆ دروستبوونی سەرئێشە.**

..............................

**دەستوور:** سەرئێشە چییە، ڕاستە سەرئێشە نەخۆشی نییە؟

**د. یاسین:** سەرئێشە لەخودی خۆیدا نیشانەی نەخۆشییە، بەڵام ئەوەی لەناو هاووڵاتیاندا باوە بەنەخۆشی ناودەبرێت، لەڕوویەکیشەوە ناحەقیان نییە، چونکە زۆرجار نیشانەی ئەو نەخۆشییە تەنها لەشێوەی سەرئێشەدا دەردەکەوێت، بەواتایەکی تر ئەوەی هەستی پێبکاتو دەریببڕێت تەنها نیشانەی سەرئێشەیە کە ئەو کەسەش دێتەلای ئێمە گازەندەی ئەوە دەکات سەری دێشێت، هەر بۆیە هاووڵاتیان وەک نەخۆشی ناویان بردووە، ئازاری سەرئێشەکەش ئەوەندە توندە کە کەسەکە واز لەهەموو بوارەکانی ژیانی دەهێنێت، ئەمەش هۆکارێکی ترە بۆئەوەی لەلایەن هاووڵاتیانەوە بەنەخۆشی بناسرێت، لەکاتی سەرئێشەدا توانای کارکردن لەدەستدەدەیت، کەسەکە ئامادەیی تێدایە هەموو شتێک بکات بۆئەوەی سەرئێشەکەی چاک بێت، هەرچەندە زۆر نەخۆشی تریش کەسەکە پەک دەخات، بەڵام وەک سەرئێشە نین، تەنانەت ئەگەر زۆریش لەخۆت بکەی کاربکەیت، بەڵام وەک جاران ئەو کارەی پێناکرێت، هەر لەناو خەڵکدا باوە کەیەکێک سەری دێشێت داوا لەدەوروبەری دەکات وازی لێبێنن، لەداتاکانی تەندروستی ئەمریکی کە لەئەنجامی چەند توێژینەوەیەکەوە ئەنجامی وەرگیراوە، ڕەگەزی مێینە زیاتر تووشی سەرئێشە دەبن وەک لەڕەگەزی نێرینە، لەتەمەنی ٤٠-٥٠ ساڵی زیاتر ئەگەری تووشبوون زیاترە وەک تەمەنەکانی تر، لەتەمەنەکانی تریش تووشبوونی هەیە، تەنانەت لەو توێژینەوانەدا هاتووە ئەو خێزانانەی باری بژێوی ژیانیان بەتایبەت هەژارن ئەگەری زۆرتر توشبوونیان هەیە بەسەرئێشە بەبەراورد بەخێزانەکانی تر، بەڵام بەگوێرەی گشتی خەڵکەوە لەوڵاتانی پێشکەوتوو حاڵەتەکانی سەرئێشە زیاترە بەبەراورد بەوڵاتانی تازەپێشکەوتوو، هۆکاری ئەم جیاوازییەش نەزانراوە، دەشێت بگەڕێتەوە بۆئەوەی ئەوان ئامارو داتای ڕێکخراویان هەبێت، بەڵام وڵاتە دواکەوتووەکان نەیانبێت، هەر لەڕووی پێناسەی سەرئێشەوە لەڕووی مێژووییەوە ئەم حاڵەتە زۆر کۆنە بەپێی ئەوەی چەند کەللە سەرێکیان دۆزیەوەتەوە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٣٠٠٠-٤٠٠٠ ساڵ پێش زایین نیشانەی کاری نەشتەرگەرییان لەسەربووە، ئەو کەللە سەرانە کون کراون، شوێنەکانیش سارێژبووە وەک دیارە دوای دەستکاری کردنەکە.

**دەستوور:** سەرئێشە لەناو منداڵانیشدا هەیە؟

**د. یاسین:** بەڵی یەکێک لەو نەخۆشییانەی کەمنداڵ دەتوانێت دەری ببڕێت سەرئێشەیە، بۆنمونە منداڵ کەنەخۆش بێت پێوەی دیارەو نیشانەکانی تیادەردەکەوێتو ئارەزووی یاری نامێنێت، بەڵام کەمنداڵ تووشی سەرئێشە دەبێت هەمان ئارەزووی نامێنێت، بەڵام هیچ نیشانەیەکی پێوە دیارنییە.

**دەستوور:** دیارترین هۆکارەکانی دروستبوونی سەرئێشە چییە؟

**د. یاسین:** ئێمە وەک پسپۆڕی تایبەت بەنەشتەرگەری مێشک یان هەناوی مێشک سەرچاوەی زۆرمان هەیە کەتەنها تایبەتن بەسەرئێشە، لەگەڵ ئەو سەرچاوانەشدا توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی بەردەوام هەیە لەسەر ئەم بابەتە، تەنانەت ڕێکخراوێکی نێونەتەوەیی هەیە بەناوی کۆمەڵەی سەرئێشەی جیهانی کە کۆمەڵەیەکی پزیشکیی جیهانییەو ناسراوە لەلایەن ڕێکخراوی تەندروستی جیهانییەوە، ئەو کۆمەڵەیە هەستاوە خشتەیەکی بۆ هۆکارەکانی سەرئێشە داناوە، هەموو جۆرەکانی سەرئێشەکان لەو خشتەیەدا پۆلێنکراوەو باسکراوە، هۆکارەکانی سەرئێشە لەهۆکاری زۆر قورسەوە دەستپێدەکات تا هۆکاری زۆر ساکار، وەک ئەوەی بەیانییەک نانی بەیانی نەخۆیت دەشێت تووشی سەرئێشەبیت لەهەندێک کەسدا، بەڵام سەرئێشە بەهۆی ئەم هۆکارەوە واتلێناکات بترسیت لەم سەرئێشەیە، بەڵام لەهەمانکاتیشدا دەشێت سەرئێشە نیشانەی نەخۆشییەکی مەترسیو کوشندەبێت وەک بوونی گرێیەک لەناو دەماغدا، هەر بۆیە ئێمە هەوڵدەدەین هاووڵاتیان باوەڕ پێبهێنین کە هۆکاری سەرئێشەکەی دیاری بکات، تا دڵنیابێت لەوەی سەرئێشەکەی مەترسی نییە، واتا لەهەردوو حاڵەتەکەدا هەر هەست بەئازاری سەرئێشەکە دەکەیت، بەڵام گرنگ ئەوەیە هۆکاری دروستبوونی سەرئێشەکە بزانیت.



رەگەزی مێینە زیاتر تووشی سەرئێشە دەبن وەک لە رەگەزی نێرینە

**دەستوور:** جۆرە بڵاوەکەی سەرئێشە کامەیە کەبەشێوەیەکی گشتی هاووڵاتیان گیرۆدە دەبن بەدەستییەوە؟

**د. یاسین:** ئەو پۆلێنەی بۆ سەرئێشەکە کراوە لەلایەن ئەو ڕێکخراوەوە، جۆری یەکەمیان چەند ناوێکی هەیە، بەڵام ئەوەی لەلایەن هاووڵاتییانەوە پێی ناسراوە پێیدەوترێت (شەقیقە یان صداع نصفی) ئەم جۆرە باوترین جۆری سەرئێشەیە کەخەڵکێکی زۆر گیرۆدەی ئەو جۆرەن، دوو حەقیقەت هەیە سەرەتا پێش شەقیقە دەمەوێت باسی بکەم.

ئێمە لەناوچەیەکی شاخاوی دەژین، بەواتایەکی تر لەڕووی ئاستی دەریاوە ناوچەکەی ئێمە بەرزترە، هەر بۆیە خەڵکی لای ئێمە ڕێژەی خوێنیان زیاترە لەناوچە نزمەکان، ئەو جیاوازییەش بەپێی ئاستی جوگرافی بۆ ئەوەیە ئۆکسجین بەباشی بگاتە مێشک، بەهۆی بەرزی ئەو ڕێژەی خوێنە، چونکە ئۆکسجین کەمە لەهەواکەدا ناچار جەستەی کەسەکە خڕۆکە سوورەکانی زیاددەکات بۆئەوەی ئەو بڕە کە مییە ی ئۆکسجین کەمبکاتەوە، بەڵام بۆ خەڵکی جگەرەکێش، جگەرەکێشان وات لێدەکات ئۆکسجین کەمبچێتە مێشکەوە، جەستەی کەسەکەش وەک پەرچەکردارێکی لەش بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەموکوڕییە ڕێژەی خوێن زیاددەکات، بۆئەوەی ئۆکسجینی تەواو بچێت بۆ مێشک، بەڵام ئەمە خۆی هۆکارێکەو جگەرەکێشانەکەش لەخۆیدا هۆکارێکی ترە، کەسەکە کەخوێنی زۆربوو لەڕادەی ئاسایی بتڵێک خوێن دەدات بۆئەوەی ئەو خوێنەی لەبۆڕییەکانی خوێنیدایە کەمبێتەوە، بۆ ماوەیەکی دیاریکراو هەست بەئاسودەیی دەکاتو سەرئێشەکەی کەمدەبێتەوە، بەڵام ئەم ڕێگایەش بەڕێگایەکی کۆن دادەنرێت هەر لەکۆنەوە مرۆڤ ویستویەتی لەو خوێنە زیادەیە ڕزگاری ببێت، تەنانەت لەچارەسەرکردنە میللیەکانیشدا ئەو ڕێگایە بەکارهێنراوە، بەڵام ناکرێت هەموو کەسێک جگەرەی کێشاو سەرئێشەی گرت بڵێین بۆ ئەم هۆکارە دەگەڕێتەوە، دەشێت کەسەکە بەهۆکارێکی تر سەرئێشەکەی تووش بووبێت، دەبێت ئاماژەش بەوە بکرێت کەئەوانەی ڕێژەی خوێنیان زیاددەکات بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆرن جۆرێکیان پەیوەندی بەوە هەیە کەسەکە گیروگرفتێکی جەستەیی هەیە کەڕێژەی خوێنی زیاددەکات ئەم کەسانە کەمن کە ئەو گیروگرفتە لەناو مۆخی سوورو خڕۆکە سوورەکانی خوێنیدایە، ئەم حاڵەتە پێویستە پزیشکی پسپۆڕی وردی ئەو بوارە حاڵەتەکەی دەستنیشانبکاتو چارەسەری بکات، جۆری دووەمیان کە بەئاستی دووەم دادەنرێتو بەهۆکارێکی تر خوێنەکەی زیاددەکات وەک جگەرەکێشان، ئەوە تایبەتە بەو هۆکارەو بەدوورکەوتنەوە لێی چارەسەر دەبێت.

یەکێکی تر لەجۆری سەرئێشەکان بەهۆی بڕبڕەی ناوچەی ملەوە دێت کەتایبەتە بەجۆری کاری کەسەکە بەتایبەت ئەوانەی بەردەوام سەریان شۆڕدەکەنەوە، یان بەبێئەوەی ئاگایان لەخۆیان بێت بەردەوام سەریان دادەنوێنن وەک ئەوانەی بەهەڵە بەردەوام لەسەر کۆمپیوتەر کاردەکەن، ئاستی کۆمپیوتەرەکە لەڕێکی ئاستی سەریاندا نییە، یان ئەوانەی کاریان بەرگدرووە، یان کاری چنین دەکەن، یان بەشێوەیەکی گشتی تاکی کوردی سەر زۆر خواردەکەنەوە کە پەیوەندی بەدانیشتنەکەیانەوە هەیە، ئەم هۆکارانە هۆکاری تری بڵاوی سەرئێشەن، بەڵام مەترسیدار نییە دەتوانرێت بەشێوازی گۆڕینی نەریتی کارکردنو پارێزگاریکردن لەبڕبڕەکانی مل چارەسەری بکرێت.

**دەستوور:** چارەسەری سەرئێشە چۆن دەکرێت؟

**د. یاسین:** لەسەرەتادا دەمەوێت ئەوە باس بکەم بەکارهێنانی دەرمان بەشێوەیەکی هەڕەمەکی کارێکی باش نییە، وەکو لەپێشوتریشدا ئاماژەم پێکرد سەرئێشە نەخۆشی نییە، بەڵکو نیشانەی نەخۆشییە، هەر بۆیە ئەو کەسانەی سەرئێشەی بەردەوامیان هەیەو بەو دەرمانانە ئازارەکەی کەمدەکەنەوە کارێکی باش ناکەن، بەڵکو کاری باش بریتییە لەوەی لەهۆکاری دروستبوونی ئەو سەرئێشە بەردەوامە بکۆڵینەوەو لەلای پسپۆڕی تایبەت هۆکارەکە دەستنیشان بکەین کەدەشێت زۆر ئاسان بێت، یاخود دەشێت نیشانەی گیروگرفتێکی سەختبێت، هاووڵاتی نازانێت ئەو جۆری ئازارشکێنە لایەنە خراپیەکانی چییەو گەر زۆر بەکارهات مەترسیان چییە، بەڵام بەکارهێنانی ئازارشکێنە سادەکان خراپ نییە، بەڵام نەگاتە ئەو ڕادەیەی بەبەردەوام کەسەکە بەکارییبهێنێتو چارەسەری هۆکاری سەرئێشەکە نەدۆزرێتەوە، وەک بەکارهێنانی پانەدۆڵ کە لەتەلەفزیۆنەکاندا ریکلامی بۆ دەکات، لەوڵاتانی پێشکەوتووشدا بواری پێدراوە کەئەوان زۆر بەمەترسییەوە دەرمان بەکاردەهێنن.

**دەستوور:** چۆن بزانین کەسێک شەقیقەیەتی وەک ئاماژەت پێدا؟ دیارترین جۆرەکانی سەرئێشەیە لەکوردستاندا؟

**د. یاسین:** شەقیقە، واتە ئازاری لایەکی سەر، بەڵام حاڵەتی شەقیقەش هەیە هەموو سەر دەیەشێنێت، لەبەرئەوە ناکرێت بڵێین ئەوەی لایەکی سەری نەیەشێت شەقیقەی نییە، بەڵام ئەوەی لای ئێمە کەپێی دەوترێت شەقیقەی کلاسیک ئەو حاڵەتەیە کەلایەکی سەری دێشێت، بەڵام وەک وتم شەقیقەشمان هەیە هەردوولای سەری دێشێت، یان جارێک لایەکی دێشێتو پاش ماوەیەک لاکەی تری دێشێت، هەندێک نیشانە هەیە بۆ ناسینەوەی شەقیقە وەک ئەوەی پێش ئەوەی ئازارەکەی بەتەواوەتی بۆ بێت هەست بەهاتنی ئەو ئازارە دەکات، زۆربەی زۆری ئەو نەخۆشانەی شەقیقەیان هەیە هەستدەکەن کەخەریکە شەقیقەکەی بۆ دێت، بۆنمونە کەسەکە هەستدەکات دڵی تێکدەچێت، یان بەرچاوی تەڵخ دەبێت یان بێهێز دەبێت، بەکورتی هەستدەکات شەقیقەکەی وا بۆ دێت، دوای ئەوە سەرئێشەکە دەستپێدەکات دوای هاتنی ئەو نیشانانە، لەڕووی فەسلەجەوە خوێن کەمدەچێت بۆ خانەکانی مێشک کەسەکە هەست بەو نیشانانە دەکات، بەڵام کەلەناکاو خوێنەکە بەربوو هەست بەسەر ئێشەکە دەکات، لەکۆنیشەوە کە بەهەرجۆرێک خوێنیان لەسەری کەسەکە وەرگرتبێت بەهۆی کەڵەشاخو هەر هۆیەک بووبێت بۆ پشوودانی کاتی کەسەکە بووە، بەڵام ئێستا بەهۆی زانستی پزیشکییەوە دەتوانرێت دەرمانی تایبەت بەکاربهێنرێت.



> تاکی کورد سەر زۆر خواردەکەنەوە کە پەیوەندی بەدانیشتنەکەیانەوە هەیە، ئەمەش هۆکارێکە بۆ سەرئێشە.

> شەقیقەمان هەیە هەردوولای سەری دێشێت، یان جارێك لایەكی دێشێتو پاش ماوەیەك لاكەی تری دێشێت.

www.arshivakurd.org

# "٧٠٪ی ئەو رێگایانەی لەپارێزگای سلێمانیدا هەن، رێگا کۆنەکانن" ئەندازیار عومەر حاجی عینایەت بۆ دەستوور

سازدانی: زانیار محەمەد

**ئەندازیار عومەر حاجی عینایەت دەڵێت بەپێی لێکۆڵینەوەی کۆمپانیایەکی ئەڵمانی، دەرکەوتووە ٩٠٪ی ئەو کەسانەی بەشەقامی سالمدا تێدەپەڕن، بۆ کاروباری فەرمانگەکان لەو شەقامەوە تێدەپەڕن، بۆیە پێیوایە باشترین چارەسەری قەرەباڵغیی رێگاوبانەکان، گواستنەوەی فەرمانگەکانو بەڕێوەبەرایەتییەکانە بۆ دەرەوەی شار.**

**ئەندازیار عومەری حاجی عینایەت لەدیمانەیەکی دەستووردا باس لەخراپیو بێپلانی رێگاوبانی پارێزگای سلێمانی دەکاتو دەڵێت "٧٠٪ی ئەو رێگایانەی لەپارێزگای سلێمانی هەیە، رێگا کۆنەکانن".**

.................................

**دەستوور:** رێگاوبانی سلێمانی کێشەو کەموکوڕیی زۆرە، رۆژانە بەهۆی خراپی رێگاوبانەکانەوە رووداوی هاتوچۆ روودەدات، دەکرێت هەندێک لەو کەموکوڕییانە بخەیتەڕوو؟

**عومەر حاجی عینایەت:** رێگاوبان دەکرێت بەدووبەشەوە، بەشێکی ناوشارو بەشێکی دەرەوە، رێگاوبانی ناو شار شارەوانی لێی بەرپرسە، دەرەوەی شاریش بەڕێوەبەرایەتی رێگاوبان لێی بەرپرسە، رێگاوبانی ناو شار، شەقامەکانی تەسکو کۆنن، یەکێک لەچارەسەرەکان بۆ کێشەی هاتوچۆی ناو سلێمانی، دروستکردنی دوو شەقامی سەرەکییە بەتەریبیی شەقامی سالم، دەکرا لەفلکەی مامەڕیشەوە بەتەریبی شەقامی سالم شەقامێکی دیکە دروستبکرایە، هەروەها لەفلکەی یەکگرتنی کۆنەوە شەقامێکی تەریب بەشەقامی سالم دروستبکرایە، نەک بەئەندەرپاسو ئۆڤەرپاس، ئێستا ئەندەرپاسی بەردەم مۆزەخانە دروستکراوە، بەڵام لای ئوتێل سلێمانی پالاس ئۆتۆمبێلێکی زۆر دەوەستێت، باشترین چارەسەری قەرەباڵغیی رێگاوبانەکان، گواستنەوەی فەرمانگەکانو بەڕێوەبەرایەتییەکانە بۆ دەرەوەی شار، ئەوەش قەرەباڵغی لەسەر ناوەندی شار کەمدەکاتەوە، بەپێی لێکۆڵینەوەی کۆمپانیایەکی ئەڵمانی، دەرکەوتووە ٩٠٪ی ئەو کەسانەی بەشەقامی سالمدا تێدەپەڕن، بۆ کاروباری فەرمانگەکان لەو شەقامەوە تێدەپەڕن، کەواتە ئەگەر فەرمانەگەکان ببرێنە دەرەوەی شار، ئەوا ئەو قەرەباڵغییە لەسەر ئەو شەقامە نامێنێت، ئەگەر ئەو شەقامانەش دەستکاری بکرێت، رووکاری ناسراوی شەقامەکان نامێنێت، بڕیاروایە چەند ئەندەرپاسێکی تر دروستبکرێت، من لەگەڵ ئەوەدانیمو پێموایە نابێت رووکارە ناسراوەکانی شار دەستکاری بکرێن، شوێنی دروستکردنی ئەندەرپاسەکانیش رووبەرەکەیان زۆر کەمە، باشترین شت ئەوەیە چارەسەری شەقامی شەست مەتری بکرێت، نابێت خاڵی وەستانی ئۆتۆمبێلی تێدا بێت، ئەو ئەندەرپاسانەی لەناوەندی شار دروستدەکرێن، با لەسەر شەقامی شەست مەتری دروستبکرێن.

**دەستوور:** ئەو هەموو کەموکوڕییەی تۆ باسی دەکەیت لەرێگاوباندا هۆکارەکەی چییە؟ بۆچی دوای هەژدە ساڵ لەدەسەلاتی کوردی، ژمارەی دانیشتووان زیادیکردووەو گەشەیکردووە، بەڵام شەقامو رێگاوبانەکان هەروەک خۆیان ماونەتەوە؟

**عومەر حاجی عینایەت:** نابێت دەستکاری هەموو شەقامەکان بکرێت، چونکە هەندێکیان مێژوویین، دەبێت هەندێک شەقام دیارییبکرێتو تەنیا چاکسازی لەوانەدا بکرێت، بۆئەوەی کێشەی قەرەباڵغیی ئۆتۆمبێلیش لەسەر شەقامەکان کەمبکەیتەوە، دەبێت بەپێی پێویست ئۆتۆمبێل لەدەرەوە بهێنرێتە ناو هەرێمەوە، هەروەها ئۆتۆمبێلە کۆنەکانیش سکراب بکرێن.

دەستوور: تاچەندە گرنگیی دەدرێت بەرێگاوبان بۆ گەڕەکە نوێیەکانی سلێمانی؟

عومەر حاجی عینایەت: گەڕەکە نوێیەکان دەبێت پێشووتر هەموو خزمەتگوزارییەکانی بۆ ببرێت، شەقامو نەخۆشخانەو پۆلیسو قوتابخانەو بازاڕو شارەوانی، ئەوکاتە دانیشتووانی ئەو گەڕەکانە ناچارنابن هەموو رۆژێک بێنە ناوەندی شارەوە، ئەوەش هۆیەکی تری کەمبوونەوەی قەرەباڵغییە لەسەر ناوەندی شار.

**دەستوور:** تونێلی ئەزمڕ دروستکرا، هەرچەندە هەندێک بۆچوون رایانگەیاند دروستکردنی ئەو تونێلە پێویست نییە، بەڵام هەر دروستکرا، پێتوایە دروستکردنی تونێلی ئەزمڕ کێشەی هاتوچۆی کەمکردووتەوە؟

**عومەر حاجی عینایەت:** ١٨ ملیۆن دۆلار خەرجکراوە بۆ ئەو تونێلە، ئێستاش ٨ ملیۆن دۆلاری تریشی بۆ تەرخانکراوە بۆ دروستکردنی هەواگۆڕکی، ئایا چ شتێکی گرنگ لەودیو ئەزمڕەوە هەیە تا تونێلی بۆ دروستبکەیت، جیاوازیی رێگەکەی ترو تونێلی ئەزمڕ لەخاڵی دەرچوونەوە، ٥ خولەکە، بۆ ٥ خولەک ٢٨ ملیۆن دۆلار خەرجکراوە، کاتێکیش تونێل دروستدەکرێت کە رێگەی تر نەبێت، واتە ئەگەر لەنێوان سلێمانیو قەلاچوالاندا رێگە نەبووایە، ئەوکاتە دەپرسیت ئایا تونێل دروستبکەم، یان رێگەیەک کەبەسەر شاخەکەدا بڕوات، بۆیە پێموایە تونێلەکە بۆ مەبەستی تایبەتی دروستکراوە، بۆ ئەوانەی سەرمایەدارو دەوڵەمەندنو لەودیوی تونێلەکەوە ڤێلایان هەیە، لەوێوە هاتوچۆ بکەن، ئەندازیارەکانی ئێمە شارەزای دروستکردنی تونێل نین.

دەستوور: لەبارەی ئەو شەقامانەی سلێمانی بەدەرەوە دەگەیەنن چی دەڵێیت؟ لەکاتێکدا زۆرینەیان هەر شەقامە کۆنەکانی هەژدە ساڵ لەمەوبەرن؟

**عومەر حاجی عینایەت:** شەقەمەکانی سلێمانی بەمجۆرەن، شەقامی سلێمانی تاسڵوجە، شەقامێکی ناتەواوە، هەرچەندە شەقامەکە فراوانکرا، بەڵام بەرێگەی ئەندازەیی فراوان نەکرا، ئەو شۆستەیەی ناوەڕاستی شەقامەکە، ٢ ملیۆن دۆلاری تێدا خەرجکرا، یەک شارەوانی دەوێت سەوز بکرێت، تائێستا رووناکیی شەقامەکە کارناکات، لەسلێمانی بۆ دووکان رێگاوبانی نوێ دروستکراوە، بەڵام لەدووکان بۆ رانیەو قەلادزی هەر رێگاوبانە کۆنەکەیە، لەسلێمانی بۆ چەمچەماڵو کەرکوک، هەر رێگە کۆنەکەیە، لەسلێمانی بۆ قەرەداغ هەر کۆنەکەیە، ئێستا لەعەربەت بۆ سەیدسادق رێگەیەک دروستدەکرێت ٣٤ کیلۆمەترە، لەساڵی ٢٠٠٨ سایدی یەکەمی دروستکرا، ئێستا سایدی دووەم دەستپێکردووە، ئەویش لەوەرزی بارانباریندا دەستیانپێکرد، بەوهۆیەشەوە تووشی دارمان بووە، ئێستا سیانەی رێگەکە دەکەنەوە، ئایا کێ بەرپرسە لەمە، دەبێت تا بیست ساڵ رێگە پێویستی بەسیانە نەبێت.

**دەستوور:** بەگشتی لەشارێگاکانی سلێمانیدا چەندێک رێگەوبانی نوێ دروستکراون؟

**عومەر حاجی عینایەت:** لەهەموو شارێگاکان تەنیا رێگەی سلێمانی تاسڵوجە دووکان، هەروەها سلێمانی عەربەت، سلێمانی قەلاچوالان، هەروەها نێوان زەڵم بۆ تەوێڵە نوێکراونەتەوە، واتە لە٧٠٪ی ئەو رێگایانەی لەپارێزگای سلێمانی هەیە، رێگا کۆنەکانن.

**دەستوور:** هەندێکجار تەسکیو هەلومەرجی جوگرافی سلێمانی دەکرێتە بیانو بۆ ئەنجامنەدانی پرۆژەکانی رێگاوبان، ئایا ئەو بیانوە شەرعیەتی هەیە؟

**عومەر حاجی عینایەت:** هەموو ئەو جێگە نوێیانەی لەسلێمانی دروستدەکرێن، فراوانن، خۆ دەکرێت رێگاوبانی نوێو فراوانیان بۆ دروستبکرێت. لەوڵاتی ئێمە پەلەکردن هەیە، گەورەترین زیان کە بەر پرۆژەکانی رێگاوبان دەکەوێت پەلەکردنە، بۆنمونە بودجەی رێگاوبان لەمانگی ١٠دا دێتەوەو لەوکاتەشدا پرۆژەکانی رێگاوبان دەستپێدەکات، بەهۆی وەرزی بارانبارینەوە نابێت لەمانگی ١٠ تا مانگی ٤ پرۆژەکانی رێگاوبان ئەنجامبدرێن، گەورەترین زیان کەبەر پرۆژەکانی رێگاوبان دەکەوێت، ئەوەیە لەوەرزی بارانباریندا پرۆژەکان جێبەجێدەکرێن.

**دەستوور:** پردێک دروستکرا لەنێوان زەرگەتە بۆ کانی کوردە کەدەکەوێتە سەر شەقامی شەست مەتری، ئایا ئەوە پێویست بوو؟ کەموکوڕییەکانی چین؟

**عومەر حاجی عینایەت:** ئەوەش جێگەیەکی ناتەواوە، دەبوو خانووەکانی دەوروبەری ئەو پردە بڕووخێنرانایە، ئێستا ئەو ماڵانە ژیانیان لەمەترسیدایە، لەبەرئەوەی ئۆتۆمبێلەکان بەبەردەم ماڵەکانیاندا تێپەڕدەبن، پرۆژەکە پرۆژەیەکی ناتەواوە.

**دەستوور:** لەکاتێکدا تەلاری بازرگانی دروستدەکرێت بەپێی مۆڵەتی وەبەرهێنان، دەبێت نهۆمی ژێرەوەی بکرێت بەگەراجی ئۆتۆمبێل، بەڵام تەلارەکان نهۆمی ژێرزەمینیان نەکردووە بەگەراج، بەو هۆیەشەوە قەرەباڵغییەکی زۆر لەدەوروبەری تەلارەکان دروستبوون؟ هۆیەکەی چییە؟ کەس نییە لەم بابەتە بپرسێتەوە؟

**عومەر حاجی عینایەت:** من کە لەدەزگای وەبەرهێنان بووم، ئەگەر هەر تەلارێک ژمارەی نهۆمەکانی لە٤ نهۆم زیاتر بووبێت، دەبوو هەم ئاسانسەری تێدا بێت، هەم نهۆمی ژێر زەمینی بکرێتە گەراج، کاتێک تەلارێکی ١٠ نهۆمی دروستدەکرێت، ئەگەر ٤٠ ئۆتۆمبێلیش هاتوچۆی ئەو تەلارە بکەن، ئەوا لەدەوروبەری تەلارەکە قەرەباڵغییەکی زۆر دروستدەکەن، پێویستە شارەوانی بیکاتە مەرج، هەر تەلارێک لەچوار نهۆم زیاتر بێت، دەبێت نهۆمی ژێر زەمینییەکەی بکرێتە گەراج.

**دەستوور:** چارەسەرکردنی کێشەکانی رێگاوبان پێویستی بەهاوئاهەنگی نێوان بەڕێوەبەرایەتییەکانی شارەوانیو رێگاوبانو هاتوچۆیە، بەڵام ئەم هاوئاهەنگییە نابینرێت، دەزگایەک یان ناوەندێک نییە ئەم هاوئاهەنگییە دروست بکات، ئایا بوونی هاوئاهەنگی لەنێوان ئەم دەزگایانەدا پێویست نییە؟

**عومەر حاجی عینایەت:** بوونی هاوئاهەنگی زۆر گرنگە، هاوئاهەنگی لەنێوان ئەو دەزگایانەدا نییە، بۆنمونە دروستکردنی ئەندەرپاسی بەردەم مۆزەخانە، کە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی دروستیکردووە، بەڵام هیچ هاوئاهەنگییەک نییە لەنێوان شارەوانیو ئەنجومەنی پارێزگاو هاتوچۆ بۆ ئەو ئەندەرپاسە.

**دەستوور:** پێتانوایە ماستەرپلانی سلێمانی کێشەکانی هاتوچۆ چارەسەر بکات، یان کەمیبکاتەوە؟

**عومەر حاجی عینایەت:** ماستەرپلان دراوە بەکۆمپانیایەکی ئەڵمانی، ناچێتە ناو وردەکاریی شەقامەکانی ناو سلێمانییەوە، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی باس لەرێگاوبانی سلێمانی دەکات، ئەو ماستەرپلانە ئەگەر داخڵی وردەکاری نەبێت، ناتوانێت کێشەی رێگاوبان چارەسەر بکات، تائێستا ئەنجامی نەبووە.



عومەر حاجی عینایەت

> ٩٠٪ی ئەو کەسانەی بەشەقامی سالمدا تێدەپەڕن، بۆ کاروباری فەرمانگەکان لەو شەقامەوە تێدەپەڕن

# ئۆتۆمبێلە علوجەکان لەسەرو یاساکانی هاتوچۆوەن

ئاوات محەمەد لەرانیە

ژمارەیەکی زۆر ئۆتۆمبێلی بێناسنامە کە بە"علوج" ناسراوە هێنراوەتە سنووری بیتوێنەوەو هیچ مامەڵەیەکی یاساییان لەگەڵدا ناکرێت، بەرپرسانی هاتوچۆی ناوچەکەش ئاماژە بەوە دەکەن بەهۆی زۆری ژمارەیانەوە، ناتوانن لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکەن.

بەهۆی هەرزانی نرخەکانیانو پشتگوێخستنی مامەڵەی یاسایی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆوە، دەڤەری بتوێن شەقامەکانی بەئۆتۆمبێلی علوج قەرەباڵغ دەبن.

رۆستەم محەمەد خاوەنی ئۆتۆمبێلی (بێ ئارم)، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کەبەشێکی زۆری ئەو کەسانەی ئەو ئۆتۆمبێلانەیان پێیە، خەڵکی فەقیرو هەژارنو فەرمانبەری حکومەتن، توانای ئەوەیان نییە ئۆتۆمبێلی گرانبەها بکڕن.

رۆستەم وتی "خاوەنی ئەو جۆرە ئۆتۆمبێلانە لەلایەن حکومەتەوە بەنزینیان پێنادرێ یان ناتوانن بچن بۆ شارەکانی سلێمانیو هەولێر، لەگەڵ ئەوەشدا لەهەر شوێنێ مەفرەزەی پۆلیسی هاتوچۆ هەبێ، دەبێ خۆمان لابدەین".

بەپێی قسەی خاوەنی ئەو ئۆتۆمبێلانە نرخەکانیشان هەرزانە.

خاوەنی پێشەنگاکانی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل خۆیان لەمامەڵەکردن لەگەڵ ئەو جۆرە ئۆتۆمبێلانەدا لادەدەنو گرێبەستی کڕینو فرۆشتنیان بۆ دروست ناکەن.

سەلاح مەعروف قادر خاوەنی پێشەنگای میران لەچوارقوڕنە وتی "ئەو ئۆتۆمبێلە بێئارمانە بەهیچ شێوەیەک ناهێلین مامەڵەی لەپێشەنگاکەی ئێمەدا پێ بکرێو لێرە گرێبەستیان بۆ ناکرێ".

سەلاح وتی "نامانەوێ تووشی کێشە ببین".

بەپێی ئەو زانیارییانەی بەرۆژنامەی دەستوور دراوە، نزیکەی (٤٠٠٠-٥٠٠٠) ئۆتۆمبێلی علوج لەناو دەڤەری بیتوێندا هەیە، بەرپرسانی هاتوچۆش دەڵێن ناتوانین چارەسەری ئەو رێژە زۆرە بکەین.

نەقیب محەمەد وتی "٢٥٪ی ئۆتۆمبێلەکانی ئەم سنوورە علوجە".

لێپرسراوی بنکەی هاتوچۆی چوارقوڕنە بەپێویستی دەزانێت وەزارەتی ناوخۆ چارەسەر بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانە بدۆزێتەوە.

نەقیب محەمەد وتی "بەهۆی نەبوونی ژمارەی ئەو ئۆتۆمبێلانەوە ناتوانین غەرامەیان بکەین یان لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکەین".



ئۆتۆمبێلە علوجەکان ناتوانن هاتوچۆی نێوان سلێمانیو هەولێر بکەن. فۆتۆگراف: ئاوات محەمەد

# مەملەکەتی گورگەکان

## دەقێکی هەمیشە کراوە، سەفەرێکی بەردەوام

ئاری عوسمان خەیات
بەشی یەکەم

(١)

ئەگەر مەملەکەتی گورگەکانی شاعیرو نووسەر (حەمەسەعید کەلاری) بخوێنینەوە کە تازەترین بەرهەمی ناوبراوەو دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی لەکۆتایی ساڵی (٢٠٠٩)دا بۆی چاپو بڵاوکردووەتەوە، ئەوا یەکەم پرسیارێک کە بەلامانەوە سەرهەڵدەدا، بریتییە لەوەی ئاخۆ ئەم تێکستە لەچ فۆرمێکی ئەدەبیدا خۆی دەبینێتەوە؟ بەدەر لەوەی خودی نووسەر هیچ ئاماژەیەکی بەبابەتی تێکستەکەی خۆی نەداوە، تا خوێنەر بزانێ سەر بەچ فۆرم یان ژانرێکی نووسینە، بۆیە دیاریکردنی وەڵامێکی بنەڕەتی بۆ ئەو پرسیارە، کارێکی ئاسان نییە، چونکە دواجار دەبینین لەو مەملەکەتەدا تێکەڵاوبوونێکی بەرچاو هەیە لەنێوان فۆرمە جیاوازەکانی چیرۆکو هونەری گێڕانەوەو سەربوردەو ژیاننامەدا، ئەو حاڵەتەش وایکردووە، نەتوانین بەئاسانی وەکچۆن دوو ڕەگەزی (سالبو موجەب) لێکجیادەکەینەوە، ئاوا بەوشێوەیەش ناتوانین ئەم تێکستە بەبڕیارێکی ڕەهاو کۆتایی لەبۆدەقەی تەنیا یەک فۆرمی گشتیو دیاریکراودا قەتیس بکەین، ئەگەرچی ڕەنگە لەهەندێک شوێندا بەپێی پێویستو خواستی نووسەر، شێوە فۆرمێک زیاتر بەکارهاتووە تا شێوەیەکی تر.

ئەمەو سەرلەبەری مەملەکەتی گورگەکان (٢٠٠) لاپەڕەیەو سێ بەش یان سێ تەوەرەی سەرەکی پێکیهێناوە، لەلاپەڕە حەوت تا سیو چوار، بەشی یەکەمە کە لەژێر ناونیشانی (منداڵێک لەمەملەکەتی باوکەکاندا) هاتووەو من لێرەدا بە (دەستپێک) ناوی دەبەم، لەلاپەڕە سیوپێنج تا سەدو بیستو پێنج بەشی دووەمە کە جارێکی تر لەژێر تایتڵی (منداڵێک لەمەملەکەتی باوکەکاندا) هاتووەو دواتریشو تاکۆتایی تێکستەکە، (مرۆڤێک لەمەملەکەتی گورگەکاندا) دەخوێنرێتەوە، ئەمە سەرباری ئەوەی هەر بەشەو لەکاتی پێویستدا لەڕێگەی هێمای (***) ەوە، لێکجیاکراونەتەوە.

ئەوەی لەو خستنەڕووەدا جێی سەرنجە، ئەمەیە منداڵێک لەمەملەکەتی باوکەکاندا کە ئێستا ناونیشانی دەستپێکی مەملەکەتی گورگەکانە، هاوکات بەشی دووەمی هەمان تێکستە، هەروا پێشتر لەدوو توێی بەرگی کتێبێکی سەربەخۆو بەهەمان ناونیشان لەزنجیرە کتێبی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی بەژمارە (٣٠) لەساڵی (٢٠٠٥)دا، لەلایەن نووسەرەوە چاپکراوەو بڵاوبووەتەوە، بەمەشدا پرسیارێکی تر دێتەکایەوە، لەوەی ئایا مەبەستی نووسەر لەم تێهەڵکێشو دووبارەکردنەوە ڕاستەوخۆیە چییە؟

وەڵامی ئەم پرسیارەشمان بەئاسانی چنگ ناکەوێ، چونکە دیسانەوە هیچ ڕوونکردنەوەیەکی نووسەر بەدی ناکەین، کە لەوبارەیەوە ئاماژەی پێدرابێ، بەڵام ئەوەی بەرچاومان ڕووندەکاتەوە، ڕەنگە ئەو جۆرە سەرکێشییە بێت کە بەلای نووسەرەوە بەدی دەکرێت، بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ژیانی خۆی، ئەمەش بیرکردنەوەیەکە، دەمانباتە سەر ئەوەی بڵێین: بشێ ئەم ژیاننامە بێ لەناو ژیاننامەدا؟ وەک چۆن ڕۆمان هەیە لەناو ڕۆماندا؟ ئەی باشتر نییە، ئێمەش لەگەڵ (ئەنتۆنیۆ ئیستهۆپ)دا بڵێین دەق شوناسێکی بۆ خۆی هەیە، بەڵام ئەم شوناسە هەموو کات ڕێژەییە؟

(٢)

لەگەڵ خوێندنەوەی یەکەم دێڕی مەملەکەتی گورگەکاندا، خوێنەر هەست بەحاڵەتێک دەکات، مەگەر لەکۆتاییدا بکەوێتەوە یادی، لەوەی دووچاری جۆرێک لەسیحرو جادوو کراوەتەوە لەلایەن نووسەرەوە، چونکە سەلیقەیەکی جوانو تایبەتی لەپرۆسەی گێڕانەوەدا بەکارهێناوە، ئەم حاڵەتەش پەلکێشمان دەکات بۆ نێو دونیایەکی (بەقەولی نووسەر خۆی) پڕ لە (مەینەتو مەحەببەت)، ئینجا کە ئێمە بەم ڕێگایەداو بەنێو دونیای ئەو مەملەکەتەدا، گوزەرمان کرد، ئەوکات تێدەگەین ئەمە ئۆتۆبیۆگرافیای خودی نووسەرەو تێهەڵکێشکردنی منداڵێک لەمەملەکەتی باوکەکانیشدا، هەوڵدانە بۆ تەواوکردنی ئەو سەفەرە کە لەگەڵ (کانی)دا، گرتوویەبەرو لەهەندێ شوێنیشدا شیزۆییانە مامەڵەی لەگەڵ کردووە، ئەمەش لەئەنجامی دەستبەردار نەبوون لەو عەشقە ڕیالییەی کە ئێستا لەڕێگەی خەیاڵیشەوە بێت، درێژەی پێدەدا، چونکە دەستهەڵگرتن لەم کانییە، دەکاتە دەستهەڵگرتن لەکانی خودی ژیانو مانەوە، بۆیە نووسەر ویستبێتی یان نا، ئەوا خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەدا، جۆرێک لەدانپیانانیش دەخوێنێتەوەو بەدی دەکات کە ئەویش لەڕاستیدا یەکێکە لەو تایبەتمەندییانەی وادەکات مەملەکەتی گورگەکان، بەخێرایی سەرنجی خوێنەر بۆلای خۆی ڕاکێشێو تاکۆتایی لەگەڵ خۆیدا بەرێ.

نووسەر لەتەکنیکە سینەماییو درامیو ژانرە ئەدەبییە جیاوازەکانی تر سودی وەرگرتووەو کردوونیەتی بەکەرەستە بۆ گێڕانەوەی دوو قۆناغی ژیانی تایبەتی خۆی، لەقۆناغێکیاندا منداڵێکە، یان باشتر بڵێین (منداڵێکی گەورەیە)و باوکەکان دەوریان داوە، لەقۆناغی دووەمیشیاندا مرۆڤێکە (مرۆڤێکی منداڵە)و گورگەکان دەوریان داوە، بەدیوێکی تردا ئەم منداڵە گەورەیەو ئەم مرۆڤە منداڵە، هەر لەیەک مەملەکەتدا ژیاوە کە ئەویش مەملەکەتی گورگەکانە، ئەو باوکەی ئەم بەچاوی منداڵی دەیبینێ، دواجار هەمان گورگەبۆری جێبە عەسکەرییەکەیە، بەڵام ئەوە دنیابینی نووسەرە کە گۆڕانی بەسەردا هاتووەو ئێستا وەک مرۆڤێک حیکایەتخوانی دەکا.

نووسەر منداڵێکی گەورەیە، چونکە ئەوە خواستی باوکو مامو ئامۆزاو خواستی تاکەکانی دەوروبەرو سەرجەم کۆمەڵگەیە کە دەبێ منداڵەکان زوو گەورە بنو زوو ببنە پیاو، تا وەجاغی خانەوادەو بنەماڵە ڕۆشن بێت، ئەمە دۆخێکە وا لەمنداڵ دەکا بکەوێتە بەر تەوژمی (مەحەببەت)ێکی بێپلانو بێبەرنامەی وشکو بێتامی گەورەکانو هاوکات دەبێ زەبری (مەینەتی) یەکی قورسو ڕەزاتاڵو ناقۆڵایش قەبوڵ بکات. ئەوجۆرە ژیانەیە کە منداڵێتی تیا بەهەدەردەچێو نەخۆشییەکانی دواتر سەرهەڵدەدەن، ئەو نەخۆشییانەی هەرگیز ناوێرین بیریان لێبکەینەوە، لەکاتێکدا خۆمان بووینەتە کارگەی وەبەرهێنانی ڤایرۆسەکەی، بەهەدەرچوونی قۆناغی منداڵێتی هاوتایە لەگەڵ بەفیڕۆچوونی بەشیکی زۆری تەمەنی مرۆڤی نێو مەملەکەتی گورگەکان، منداڵە گەورەو بیرکەرەوەکەی ئەوجا، هەنووکە خودی نووسەرە، بەڵام دوو هێندەی منداڵێک پێویستی بەدڵنەوایی نازکێشانە، ئەو لەم گورگستانەدا، پێویستی بەدڵێکە، نەبزی ژیانی بداتەوە، با بەقەرزیش بێ، ئەم مرۆڤە منداڵەی ئێستا، پێویستی بە (کانی)یە، تا ژیانی پڕ بکاتەوە لەتەڕیوو جوانی.

نووسەر نایەوێ خیانەت لەخۆیو لەخوێنەران بکات، بۆیە ئەو بەهەمان "ئەقڵو مێشکی منداڵێکی ٤-٥ ساڵییەوە لەدونیایەکی بچکۆلەدا کە سنوورەکەی لەهێزی بینینی چاو تێپەڕنەکات، یان وەک لەلاپەڕە ١١٩دا، هاتووە لەمەودای بینینی چاو، کەمێ فراوانترو گەورەتر بووبێ، نیشتمانەکەی دێکەی بێتو پایتەخی ئەم وڵاتەشی ماڵێکی بچکۆلانەی لەخشتو قوڕ دروستکراوی ڕووتو باوکیشی دوای خوای گەورە، بەهێزترین کەسو ڕاستگۆترین مەخلوق بێت، (مگ، لا٦٥-٦٦)، ئەو هاتووە، بەو زەینییەتەوە، بەڵام بەهۆشیارییەکی هەنوکەییەوە، ڕووداوەکانی نێو مەملەکەتی باوکانێک دەگێڕێتەوە کە تۆزێک لەخوا بچوکترن، باوکانێک کە دواترو لەمەملەکەتی گورگەکاندا، نەک هەر بەتۆزێک بچوکتربوون قایل نابن، بەڵکو گەورەتربوونیشیان پێقبوڵ نییە، تا کارئەگاتە ئەوەی، خۆیان لەکاتی ئەشکەنجەو عەزابدانی نێو گرتووخانەکانیاندا، ئیجازەش بەخودا دەدەن (الله وین؟ الله بالاجازە!)..

تێگەیشتنی ئەوەی منداڵ لەباوکو گێڕانەوەی ئێستای ئەوی مرۆڤ بۆ باوک، لەزۆربەی وێستگەو ڕووداوەکانی ئەم تێکستەدا، سیمبولی زەبرو زەنگو تووڕەبوونو غەزەبو حەرامکردنو تێهەڵدان بووە کە دەسەڵاتو کۆمەڵگە وەک هەمیشە پیادەیان کردووە، بەڵام هەندێکجار باوکی ڕیالی یان حەقیقی، جێگەی باوکی مەجازی دەگرێتەوەو بەمەش ناتوانێ باوکی داخوازییەکانی ئەوی منداڵ بێت، ئاخر خواردنی (لوولە کەباب)ی شار، کاتێک خۆشە کە من منداڵ بمو خۆم داوای بکەم، نەک پڕ سەرم تەریقبوونەوەو پڕ چاوم تەماشاو لیکی نەوسیش زاری ئاڵۆش پێکردبمو نەزانمو نەوێرم، یان شەرم بکەم بڵێم بابە کەباب!

لوولە کەبابەکانی باوک (مەحەببەتێکی بێپلان)، هەرگیز هێندەی ئەو تەماتە گرنجگرنجە خۆش نابێ کە لەبۆیسانێکی گەورەدا، بەرچاوی منداڵەکە دەکەوێو کەچی حەرامەی باوک (مەینەتێکی پڕ لەزەبر)، ڕێگەی نادا دەستی بۆ بەرێ، خۆ ئەگەر خاوەن بۆیسانەکە ڕێگەشی بدا، بەڵام مادامەکێ پرسی باوکی تیانەکرابێ، ئەوا لەڕاستیدا (تەماتەو مەینەت خواردن) ی لێدەرەچێ، "لەگەڵ نزیککردنەوەی تەماتەکە بۆ دەمم، نەختێک بەرەو ئاسۆ سەرم هەڵبڕی، لەوەدابوو قەپێکی پیادا بکەمو سوراو بەدەمو لەوسمدا شۆڕبێتەوە، ڕوانیم باوکم بەسەر گردەکەوە تەماشام دەکات، هەروەکو ئەوەی تەزووی کارەبایەکی بەهێز لێیدابێتم، ئاوەها دەستم بەناسکە تەماتەی لەعنەتییەوە وشک بوو، ئینجا چنگم شل بوو، تەماتەکە بەربووەوە سەر زەوییەکەی بەرپێم، ئیتر لەشوێنەکەی خۆمدا چەقیمو بەبێجوڵە چاوم بەئاسۆکەوە ڕووەو باوکم ئەبڵەق بوو" (مگ: لا٤٧).

بۆئەوەی لەدیدگای نووسەرەوە لەمەبەستی بەکارهێنانی ڕیالیانەی باوک تێبگەین، دەبێ ئەم کتێبە بەباشی بخوێنینەوە، ئەوەتا خۆیشی لەسەر زاری کانییەوە ئەڵێ "باوکەکانمان لەدڵسافیو جەهلی خۆیان بەهەڵە پەروەردەیان کردین، هەڵەیەک ئێمە پەی پێدەبەین، بەڵام چونکە بەشیرەوە دەرخواردمان دراوە، بێئەوەی بەخۆمان بزانین لەئەقڵی ناوەوەماندا، کەڵەکە بووەو دەبێت هەوڵبدەین خۆمانی لێقورتار بکەین، بۆیە هەقە هەموو ڕۆشنبیرێک ئەو کتێبە بەوردیی بخوێنێتەوە. (مگ: لا٢٩٧).

لەمەملەکەتی باوکەکاندا، نووسەر سەردەمی منداڵی لەگەڵ ئەزمونە جۆراوجۆرەکانیدا تێپەڕاندووەو تووشی قەیرانێکی ڕۆحی بووەتەوە (عاشقبوونی بەکانی بارام، گواستنەوەی لەگوندی کانیمارانەوە بۆ شاری کفری، پەروەردەبوونی لەنێو کەشوهەوایەکی خێزانی تاڕادەیەک داخراوی ئاینیو لێوانلێو لەئەفسانەو حیکایەتەکانی دێوو درنجو کەراماتی شێخو مەشایەخەکانو ..هتد)، ئەمانە هەموو بەقوڵی جێدەستیان دیارە لەڕەوتی ژیانی ئەم منداڵەدا، بۆیە هەمیشە ترسو شەرمو تەریقبوونەوە بەرۆکیان گرتووە، ئەمەش لەڕێگەی کۆمەڵێک ڕەمزو هێمای ئەدەبییەوە، گوزارشتیان لێکراوە، بۆنمونە: بەرچاوکەوتنی چەندین جارەی بەکارهێنانی ڕەنگی ڕەشو شین، یان وشەی (خوم، خومدراو) و دەستەواژەگەلی وەک (ئازاری ڕۆح، چاوی ڕۆح، ڕەنگی ڕۆح، برژانگی چاوی ڕۆحو .. هتد) بەکارهاتووەو هاوزەمان دەکرێ سەرجەم ئەوانە ئاماژەیەکی دیکە بن لەپرۆسەی گێڕانەوەی حیکایەتی عەشقی ناکامی نووسەرو کانی کە دیسانەوە کانی ڕەمزێکی فرەڕەهەندو مەودافراوانە، هەم ڕەمزە بۆ نزرگەی یەکەمی نووسەر کە گوندی (کانیماران)ە، بەوپێیەی لێکچوونێکی جوان لەنێوان هەردوو ناوەکەدا هەیە، هەم ڕەمزە بۆ ناوی ئەو کچەی کە نازانین، لەڕاستیدا کەیو چۆنو لەکوێ عاشقی بووە، بەدەر لەوەش خودی وشەکە (کانی) سەرچاوەی ئاوی پاکو زوڵاڵە، ئاویش سەرەتاو چەقو کۆتایی ژیانەو پارێزگاری مانەوەی نەسلی مرۆڤایەتییە، کەواتە کانی بەهەموو ماناکانییەوە، دالێکە بۆ مەدلولی ژیانو مانەوەو جاویدانەگی بەلای نووسەرەوە، کانی ڕەمزی ئەو ئەتمۆسفێرەیە کە نووسەر هەموو مەراقو ئاواتو خولیاکانی خۆی تێدا هەڵگرتووەو پاراستوویەتی.


دواتر نووسەر لەمەملەکەتی گورگەکاندا، گەیشتۆتە قۆناغی پێگەیشتنو گەشەسەندنی زەینیو ئینجا لەناسنامەو کەسایەتیو ڕۆڵی خۆی لەژیانی تایبەتی خۆیو دەوروبەریدا بۆ دەرکەوتووە، ئەمەش ئەوکاتەیە کە ئیدی منداڵەکە مرۆڤێکەو دەکرێ کاتی ئەوەبێ قۆناغێکی تری ژیان بۆخۆی بژی، بەڵام نا، ئەم مرۆڤبوونەی ئەو لەنێو گورگەکاندا، ئێجگار زەحمەتە، دەرفەتی نادەن مرۆڤایەتی خۆی بژی، بەوەش شتێکی ئەوتۆی بۆ ناهێڵنەوە، تا شوناسی خۆی بەتەواوی پایەجێگیر بکا، بۆیە پتر لەڕێگەی گەڕانەوەی یادەوەرییەکانو سەرلەنوێ کولانەوەی برینەکان، چ دادێکی نییە، ئەگەر ئەوسا بەمنداڵی باسی مەرگی بۆ دەکرا، ئەوا ئێستا خۆی لەچەندین وێستگەی ژیانیدا زۆر نزیک، گەمەی ترسناک لەگەڵ مەرگدا ئەنجامدەدا (بینینی شەهیدبوونی کەریمی برای بەچاوی خۆی، چەشتنی ئازارەکانی زیندانی بەعس، کۆچی دواییکردنی دایک، ئاوارەبوونو لەجێ خۆ هەڵکەنران بەهۆی شەڕی ناوخۆو لەکیسچوونی عەشقی کانیو .. هتد).

(٣)

وەک هەر ئۆتۆبیۆگرافییەکی تر کە یەکەمین شێوازی لای (ئۆگستین) ی قەدیسەوە سەریهەڵداوەو دواتر لەسەدەی هەژدەیەمەوە، ژان ژاک ڕۆسۆ بە (دانپیانانەکان)ی خۆیو ئەلبێر کامۆ بە (داکەوتن) پەرەیان پێداو زیاتر ناساندیان، ئاوا حەمەسعید کەلارییش، لەژێر کاریگەریی ژیانی خۆیدا، ڕووداوو ئەزمونە تایبەتییەکانی ژیانی خۆی هەڵبژاردووە، بۆیە لەم تێکستەدا، وەک هەموو ئۆتۆبیۆگرافییەکانی دیکە، کەسایەتییەک هاتووەتە کایەوە کە بەرزترە لەخواستی یەکەمی نووسەر خۆی، یان کەسایەتییەک کە ڕەفتارو بیروڕاو هەستو سۆزی گونجاوی هەیە، هەر ئەم حاڵەتەشە وادەکات بتوانرێ ئەم تێکستە بەدانپیانان ناوبنێین، ئەگەرچی دەنگی حیکایەتخوان خودی نووسەر خۆیەتی، بەڵام زۆرجار هەوڵیداوە جڵەوی گێڕانەوە بداتە دەستی کەسێکی تر، دیارە قسەمان لەسەر ئەوە نییە، ئاخۆ تاچەند لەو هەوڵەیدا سەرکەوتوو بووە، بەڵکو قسەی ئێمە ئەوەیە کە ئەو حاڵەتە وایکردووە جۆرێک لەڕاشکاویو بڕێکی زۆریش لەڕاستگۆیی بخزێتە نێو سیاقی گێڕانەوەکەوە، ئەوەتا هەر لەدەستپێکی مەملەکەتی گورگەکانەوە، باسی تازەترین دیدارو چاوپێکەوتنی نێوان خۆیو کانیمان بۆ دەگێڕێتەوە، بۆیە ئەم حاڵەکاتە لەزەینی دوور، یان لەنەستی نووسەردا بووەتە ماکی بەردەوامیدان بەنووسینەوەو گێڕانەوەی وردو درشتی هەندێ لایەنی ژیاننامەی خۆی، لەنێویشیاندا پەیوەندی نێوان خۆیو کانی، بەواتای ئەوەی عەشقی کانییە پاڵی بەنووسەرەوە ناوە، تا جارێکی تر دەست بەگێڕانەوە بکات، بۆیە دوور نییە، لەهەوڵێکی تردا مەملەکەتی گورگەکانیش دەق ئاوێزانی تێکستێکی ترو ناونیشانێکی تر بکات، ڕەنگە زەمانەتی ئەم بۆچوونەی من، گریمانەی ڕێکەوتنی ژوانێکی تری نێوان خۆیو کانی بیسەلمێنێ، چوزانم لەکوێو چوزانم کەی؟ هەشتو دە دەقیقەی بەیانی لەڕێی فەرمانگە، یان لەوانەیە یەکو نیو بۆ دووی نیوەڕۆ، لەناو پاسداو .. هتد.

هەقوایە هەر کەسێک ئەم تێکستەی خوێندەوە، ئاواتی ڕێکەوتنی ئەو ژوانە بۆ نووسەر بخوازێ، بەشکو بیر لەنووسینەوەی (نووسەرێک لەمەملەکەتی حیزبەکاندا) بکاتەوە کە دڵنیام ئەوکات (مەملەکەتی گورگەکان) دەبێتە بەشێک لەو هەزاران بەشەی تری ژیاننامەو دانپیانانەکانی دیکەی ئەو کە هەرگیز تەواو نابنو بۆ هەمیشە هەر بەکراوەیی دەمێننەوە، پێویستە لەسەرکەوتنی ئەو هەوڵە دڵنیابێ، چونکە ئەو چەند گوێلە هەنگوینەی کە لەسەر قسەی کانی بەپەنجەی دۆشاومژە لەکلۆری دار بەڕوو دەریهانی، بەشی سەفەرێکی درێژتری دەکات، سەفەری دانپیانانو گێڕانەوەی سەربوردەکانی ژیان، باگومانی نەبێ لەوە، ئەی مەگەر هەنگوینی سپی لەناو کولەکەی ڕۆحیدا هەڵنەگرتو گەڕایەوەو هەتا ئێستاش هەرچی کاتێک کە پەڕەی دڵ واڵادەکا تابلۆی حەسرەتی سپی چاوی کانی داچۆڕاو بەسەر کوڵمو گونایدا، تێکەڵ بەڕۆحی دەبێتو تامو لەزەتی هەنگوین، هەنگوینی سپی دەزێتە زاری! لەوڵاتی قەزاو قەدەردا، ڕێکەوتنی ژوانێک لەنێوان داربەڕوویەکی پیرو ڕوونەکانییەکدا هیچ مەحاڵ نییە، بەڵام بەمەرجێ ئەگەر ئەو لەدوای مەرگی دایکی نەچووبێتە دەرەوەی وڵات "هەتا لەژیاندا مابێت منیش هەروا دەمێنمەوەو خزمەتی دەکەم کە کۆچی دواییشی کرد ئەوا منیش لەوانەیە بیر لەکۆچ بکەمەوەو سەری خۆم هەڵگرم بۆ دەرەوەی وڵات" (مگ:لا٣٠).

نووسەر منداڵێکی گەورەیە، چونکە ئەوە خواستی باوکو مامو ئامۆزاو خواستی تاکەکانی دەوروبەرو سەرجەم کۆمەڵگایە کە دەبێ منداڵەکان زوو گەورە بنو زوو ببنە پیاو، تا وەجاغی خانەوادەو بنەماڵە ڕۆشن بێت



بەرگی کتێبی مەملەکەتی گورگەکان

# بۆچی سەرقاڵی شانۆ دەبم؟

ئەلبێر کامۆ
و: هیوا حسەین

بۆچی سەرقاڵی شانۆ دەبم؟ زۆر جار ئەم پرسیارەم لەخۆم پرسیوەو تەنها وەڵامێک کە بۆ ئەم پرسیارە هەمبووە ئەوەندە سواوو کۆنە کە تووشی سەرسوڕمانتان دەکات، بۆیە سەرقاڵی شانۆم لەبەرئەوەی جیهانی شانۆو سەر سێنی شانۆ شوێنێکە کە من تێیدا هەست بەبەختەوەری دەکەم، بەڵام ئەگەر بەویژدانەوە بڕوانینە ئەم بیرکردنەوەیە ئەوەندەش کە دیارە کۆنو سواو نییە، هۆی ئەوەی کە دەیانەوێ نکوڵی لەبەختەوەربوون بکەن بەڕواڵەت ئەوەیە کە لەودا جۆرێک فێڵو تەڵە دەبینن کە جێگای شەرمە، لەمبارەوە هەموان هاوڕاو کۆکن! هەندێکجار هەندێک نووسراو لەنووسینی کۆمەڵێک نووسەر دەبینین کە باس لەوە دەکەن کەسانێک وازیان لەهەموو چالاکییەکی کۆمەڵایەتی هێناوەو پەنایان بردۆتە ژیانی تایبەتی خۆیان، ئەگەر هەڵە نەبم لەم "واز هێنان"و "پەنابردن"ەدا جۆرێک سوکایەتی شاراوەیە، سوکایەتی کردنو بەگەوج زانین، لەبەرئەوەی ئەم دوو شتە تەواوکەری یەکترن، بەڵام من زۆر کەس دەناسم کە بۆ هەڵاتن لەژیانی تایبەتیو تاکەکەس پەنا دەبەنە بەر ژیانی کۆمەڵایەتی، کالیگۆلاکان بەزۆری کەسانێکن کە تووشی شکست هاتوون، ئەمە بەو مانایە کە ئەوانە لەسۆزو خۆشەویستی بێبەرین، لەکوێ بووم؟ بەڵێ دەربارەی بەختەوەری قسەم دەکرد، زۆر باشە، ئەمڕۆکە، وەک چۆن نابێت دان بەتاوانی کەسەکاندا بنرێت، نابێ دان بەبەختەوەریشدا بنرێت، گەمژانە، هەر لەخۆڕا، بێئەوەی لە ئەنجامی کارەکە بترسن، لەخۆڕا مەڵێن"من بەختەوەرم" لەگەڵ ئەوەی ئەم شتەتان درکاند لەسەر لێوی بەبزەی کەسانی دەوروبەری خۆتان، مەحکوم بوونی خۆتان دەبینن، پێت دەڵێن "بەڕێز تۆ بەختەوەریت، بەڵام بفەرموون چی بکەین لەهەتیوەکانی کشمیرو ئەو گولە پەراوێزخراوانەی کە بەختەوەر نین؟" بەڵێ، بەڕاست دەبێ چی بکەین؟ وەک چۆن هاوڕێمان ئۆژن یۆنسکۆ دەڵێت "چۆن دەکرێ لەشەڕی ئەم چەشنە ژیانە رزگارمان بێت؟" بێگومان دەستبەجێ خەم داتان دەگرێ.

بەهەموو ئەمانەوە من لەسەر ئەو باوەڕەم دەبێت بەهێزو بەختەوەر بین، بۆئەوەی بتوانین یارمەتی چارەڕەشەکان بدەین، ئەو چارەڕەشەی کە لەژێر باری ژیانی خۆیدا چۆکی داداوەو ناتوانێت یارمەتی کەس بدات، بەپێچەوانەوە ئەو کەسەی کە بەسەر خۆیو ژیانی خۆیدا زاڵە دەتوانێ بەتەواوی یارمەتیدەر بێتو بەڕاست یارمەتی ئەوانیتر بدات، پیاوێک دەناسم ژنەکەی خۆش نەدەویست، لەم رووەوە زۆر نیگەران بوو، سەرەنجام رۆژێک بڕیاریدا لەڕووی بەزەییەوە، ژیانی خۆی تەرخانی ژنەکەی بکات، بەڵام لەو رۆژە بەدواوە ژیان بەلای ژنەکەیەوە بوو بەشتێکی تاقەت پڕوکێنو جەهەنەمی، تێدەگەن لەخۆبردوویی پیاوەکە بەشێوەیەکی تەواو نەبووە، ئەمڕۆکە کەسانێکی زۆری لەم چەشنە هەن کە ژیانی خۆیان تەرخان دەکەن بۆ ئەو مرۆڤایەتییەی کە زۆر خۆشیان ناوێت، ئەم عاشقە رەزیلانە، ژیانی هاوسەرێتییان بۆ رۆژانی تاریکی ژیانە نەک رۆژە روونو هەتاوییەکان کە وایە بەسەر سوڕمانەوە دەبینین جیهان رووخسارێکی جوانی نییەو دژوارە لەم جیهانەدا بوترێت بەختەوەرم، بەتایبەت بۆ کەسێک نووسەر بێت، بەمەشەوە من خۆم ناهێڵم بکەومە ژێر کاریگەری ئەم دۆخەوە، رێز لەبەختەوەریو بەختەوەرەکان دەگرمو هەموو کات هەوڵدەدەم، بۆ پاراستنی تەندروستی دەروونی خۆم دەبێت هەوڵبدەم لەشوێنێک بم کە ژوانگەی بەختەوەرییە، واتە شانۆ.

بەمەشەوە بەپێچەوانەی بەختەوەرییەکانیتر، ئەوە بۆ زیاتر لە٢٠ ساڵە شانۆ لەژیانی مندا ماوەتەوەو تەنانەت ئەگەر بشمەوێ، ناتوانم وازی لێ بێنم، ساڵی ١٩٣٦ گروپێکی بچوکم ساز کردو لەهۆڵێکی بچوک لەشاری ئەلجەزیرەدا چەند شانۆنامەیەکم بردە سەر سێن، لەکارەکانی مالرۆ، دۆستۆیۆفسکیو ئاشیلو هتد.

٢٣ ساڵ دواتر لەهۆڵی ئانتوانی پاریس توانیم شانۆنامەیەک ببەمە سەر تەختەی شانۆ کە بەپێی رۆمانی "جنۆکە لێدراوەکان"ی دۆستۆیۆفسکی دامڕشتبوو.

لەو رووەوە کە خۆشم سەرم سوڕدەمێنێت بەم هەمووە وەفادار مانەوەم بەشانۆ، زۆرجار هۆی ئەم شتەم لەخۆم پرسیوە کە دەکرێ وەک گەورێتییەک یان وەک نوقسانییەک تەماشای بکرێت، هۆکارەکە دەکرێ بگەڕێتەوە بۆ دووشت، یەکەمیان خوو خەدەی خۆمو ئەوی تریان تایبەتمەندی شانۆ.

یەکەم هۆ کە زۆر بەرچاو نییە، ئەوەیە کە من بەسەرقاڵ بوونم بەشانۆ لەجیهانی ماندووکەری نووسین دووردەکەومەوەو لەو جیهانە هەڵدێم، بەر لەهەر شتێک لەنووسیندا لەشتێک هەڵدێم کە پێی دەڵێم "سەرئێشە گەمژانەکان"، گریمان ئێوە ناوتان فێرناندل یان بریژیت باردۆ یان عەلی خان یان لانیکەم پۆل ڤالێرییە، لەهەموو ئەم نمونانەدا ناوی خۆتان لەرۆژنامەکاندا دەبینن‌و هەر کە ناوتان بڵاوبۆوە سەرئێشەکان دەستپێدەکەن، بانگهێشت کردنی پەیتا پەیتا، دەبێ وەڵام بدەیتەوە، بەشێکی زۆر لەژیانی ئێوە تەرخان دەبێت بەوەی کە بەر بەهەدەرچوونی کاتتان بگرن، بەمشێوە نیوەیەک لەژیانی ئێوە تەرخان دەبێت بۆ "نا" وتن دەبێت بەشێوەی جۆراوجۆر، ئەمە کارێکی گەمژانە نییە؟

> لەتەنیشت دیوارەکانی هۆڵی شانۆدا بێدەنگی‌و ئارامی دەبیندرێ، بێدەنگییەك جیاواز لەجیهانی توڕەی دەرەوە

بەدڵنیاییەوە گەمژانەیە، بەمشێوەیە ئێمە بەهۆی لەخۆباییبوونەوە (غرور) لەلایەن خودی غرورو لەخۆرازیبوونەوە تەمبێ دەکرێین، بەمەشەوە من بەوە گەیشتووم هەموان رێز لەکاری شانۆ دەگرن، تەنانەت ئەگەر کارێکیش بێت کە لەخۆ رازی بوونو غروری تێدا بێت، تەنها بەسە بڵێی خەریکی پرۆڤەم، ئیتر هەموو شت بەکەیفی ئێوە دەبێت، ئەگەر هاتو فێڵیشتان کرد وەک چۆن من فێڵ دەکەمو وتتان بەدرێژایی رۆژو بەشێک لەشەو خەریکی راهێنانو پرۆڤەم، ئەوکات خۆتان لەبەهەشتدا دەبیننەوە، لەم رووەوە شانۆو هۆڵی شانۆ عیبادەتگەو پەرەستگەی منە، لەتەنیشت دیوارەکانی هۆڵی شانۆدا بێدەنگیو ئارامش دەبیندرێ، بێدەنگییەک جیاواز لەجیهانی توڕەی دەرەوە، لەناو ئەم پەرستگەیەدا، گروپێک لەکرێکارەکان کە کارەکەیان کارێکی مەعنەویو مینۆکییە، لەسەرقاڵییەکانی ئەم سەدە دابڕاون، خۆیان تەرخانی بیرکردنەوە دەکەن، ئەوان ئامانجێکیان هەیەو خۆیان بۆ رێوڕەسمێکی مەعنەوی ئامادە دەکەن کە دەبێت شەوێ بۆ یەکەمجار ئەم رێوڕەسمە بەڕێوەبچێت.

زۆر باشە، با باس لەم پاسەوانانی مەعنەوییەتە بکەین، واتە ئەو کەسانەی کە سەرقاڵی شانۆن، پێتان سەیر نییە پێیان دەڵێم پاسەوانانی مەعنەوییەت؟ رەنگە چەند گۆڤارێکی تایبەتو پرۆفێشناڵ، نازانم کامەیان، یارمەتیتان بدەن لەم روانگەیەدا کە ئەو کەسانەی کاری شانۆ دەکەن کەسانێکن کە درەنگ دەخەونو زوو لەژنەکەیان جیا دەبنەوە، بەدڵنیاییەوە بەوتنی ئەم وتەیە بێهیواتان دەکەم، لەبەرئەوەی لەشانۆدا جیابوونەوە کەمترە لەرستنو چنینو کشتوکاڵو رۆژنامەنووسی، بەڵام ئەو کاتەی لەناو هونەرمەندەکاندا روودەدات زۆرتر باسی لێوە دەکرێت، یانی خەڵک زیاتر دەیانەوێ ئاگاداری ژیانی "سارا بێڕنارد"ی هونەرمەند بن، نەک فڵانە دەوڵەمەندو خاوەن کۆمپانیا، دەکرێ لەم شتە بگەین، بەڵام شانۆ پێویستی بەجۆرێک بەهێزی جەستەو خۆڕاگرتنی دەروونی هەیە، ئەمە پیشەیەکە کە لەودا، لەش زۆر گرنگە، نە لەبەرئەوەی کە بەشێوەیەکی شێتانە بەکاری دەبەن، یان زیاتر لەشوێنەکانیتر شێتێتییان تێدا دەبیندرێ، بەڵکو ناچارن لەش لەچوارچێوەکەی خۆیدا راگرن، واتە رێز لەلەش بگرن، شانۆکارەکان کەسانێکن کە گەورێتییان تێدا دەبیندرێ، رەنگە بووبێت بەبەشێکی جیانەکراوەی ئەوان، ئەوەی دەمەوێ بیڵێم ئەوەیە من گروپێکی شانۆم زۆر زیاتر لەروناکبیرەکان کە هاوڕێکانی منن خۆشدەوێ، جا ئەم گروپە گەورێتی تێدا بێت یان نە، ئەمە لەبەرئەوە نییە کە روناکبیران کە خۆشویستنیان دژوارە، زۆر کەم یەکتریان خۆشدەوێ، بەڵکو من لەناو روناکبیرەکاندا نازانم بۆ، وەک ئەوەی یەکێک لەیاساکانی خێڵکەم شکاندبێت، هەموو دەم جۆرێک دوورکەوتنەوە دەبینم، بەپێچەوانەوە لەشانۆدا هەموو کات هەست دەکەم کەسێکی سروشتیم، یان بەواتایەکیتر هەست بەسروشتیبوون یان سروشتینەبوون ناکەم، خۆشیو ناخۆشییەکان کارێکی هاوبەشە لەگەڵ هاوکارەکان، ئەمە بەلای منەوە یانی واتە هاوڕێیەتیو دۆستایەتی کە هەموو کات یەکێک بووە لەخۆشییەکانی ژیانی من.

کاتێک ئەم خۆشییەم لەدەستدا کە بەهاوکاری چەند هاوڕێیەک گروپێکمان ساز کردو رۆژنامەیەکمان دامەزراندو ئەو کاتە بەدەستم هێناوە کە پەرژامە سەر شانۆو دەستم کرد بەکاری شانۆ.

ئەمە لەبەرچاو بگرن کاری نووسەر لەتەنهاییدایە، دادوەری کردنیش دەربارەی لەتەنهاییدایە، بەتایبەت نووسەر لەتەنهاییدا دەربارەی خۆی قەزاوەتو دادوەری دەکات ئەمە شتێکی باش نییە، کارێکی باش نییە، ئەگەر نووسەر بەشێوەی سروشتی گەشە بکات، ساتێک دێتە پێش بۆی کە پێویستی بەمرۆڤەکانو کۆمەڵی مرۆڤەکان هەیە، ئەم دەربڕینە، مانای ئەوە دەدات کە نووسەر دەبێت زیاتر پابەند بێت بەکۆمەڵێک شت، ژیانی هاوسەرێتیی، کۆڕو کۆمەڵەکانو سیاسەت، ئەم شتانەش هیچ شتێک ناگۆڕێت، دەتوانین بڵێین بەم کارانە تەنهایی ناڕەوێتەوە، چەنکە نیگەرانی نەبوونی تەنهایین، دەیانەوێ بەشداری کۆڕو کۆمەڵەکان بکەنو کۆنسێرڤاتیش نەبن، بەرووهێنانە سیاسەت دەیانەوێ کاریگەر بنو کەساتی تر لەبری ئەوان بڕۆنە بەرەکانی جەنگ، بەو مەرجەی ئەو مافە بۆ نووسەران بەرەوا بزانرێت کە باش نییە ئەوان بچنە جەنگ، لێم وەرگرن ئەمڕۆکە کاری هونەرمەندەکان کارێکی ئاسان نییە.

بەهەرحاڵ، سەرجەم ئەو هاوکاری کردنانەی من پێویستم پێیەتی، هەموو ئەو پێویستیو بەرتەسکییانەی کە هەر مرۆڤێکو هەر دڵێک پێویستی پێیەتی، لەشانۆدا دەبینم، لەتەنهاییدا، هونەرمەند دەسەڵاتدارە، بەڵام لەسەر کورسی خاڵی، لەشانۆدا هونەرمەند ناتوانێت دەسەڵاتدار بێت، ئەوەی دەیەوێ ئەنجامیبدات گرێدراوەتەوە بەئەوانیترەوە، دەرهێنەر پێویستی بەشانۆکار هەیەو شانۆکارو هونەرمەند پێویستیان بەدەرهێنەر هەیە.

ئەم پێویستیو هاوکاریکردنە ئەگەر بەشێوەیەکی بێفیزانەو دوور لەغرورەوە بێت، دەبێت بەهۆی بونیاتنانی هاوڕێتییەکی رۆژانە، لێرەدا (لەسەر شانۆ) هەموومان گرێدراوینەتەوە بەیەکترەوە، بێئەوەی ئازادیو سەربەخۆیی خۆمان لەدەستبدەین، ئایا ئەمە گەڵاڵەیەک نییە بۆ کۆمەڵگایەکی دڵخواز لەداهاتوودا؟

زۆر دوور نەکەوینەوە، هونەرمەندەکان، وەک هەر تاکێک لەهەر کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتی، لەوانە کرێکارەکان، هەندێ لایەنیان هەیە کە نیگەرانکەرە، بەتایبەت ئەگەر هاتو خەڵک زۆریان خوشبووێن، بەڵام ئەگەر ئەم لایەنە بێهیواکەر ئەگەر بوونی ببێت، بەزۆری دوای تەواوبوونی شانۆکە روودەدات، بەهەمان ئەو باوەڕەوە دەڵێن کە شکست، گروپەکانی شانۆ لەناو دەباتو سەرکەوتن بەرزیان دەکاتەوە، هەر چەند ئەمە شتێکی راستو دروست نییە، ئەوەی دەبێ بەهۆی لەناوچوونی گروپەکان، کۆتاییهاتن بەو هیوایە کە لەکاتی پرۆڤەدا کۆیان دەکاتەوە، لەبەرئەوەی گروپێکی شانۆ پێکەوە کۆدەکاتەوە نزیکبوونی ئامانجەکانەو ئەوەی کە هەر کەسێکی گروپەکە ئامادەیە لەخۆبردوویی بکات، حیزبو بزووتنەوەو کۆمەڵە ئاینییەکانیش کەسەکان کۆدەکەنەوە، بەڵام ئاماندی ئەمانە لەشەوی دواتردا تەواو دەبێتو لەناودەچێت، بەپێچەوانەوە لەشانۆدا، بەرهەمی کار، تاڵ یان شیرین، لەشەوێکدا دەچنرێتەوەو کۆدەکرێتەوە کە زۆر پێشتر دیاریکراوە، کارکردنی هەر رۆژێکیش ئەو شەوە نزیک دەکاتەوە، رووداوێکی هاوبەش، مەترسی کردنێک کە هەموان دەیزانن‌و کۆمەڵێک ژنو پیاو دەخولقێنێت کە هەموان لەیەک ئامانج دەگەنو هیچ شتێک نییە لەو شەوە جوانتر بێت کە هەموان چاوەڕێی بوونو سەرەنجام ئەو کاتە دیاری کراوو بەڵێندراوە دەگات.

گروپی ئەو بیناسازو شێوەکارانەی کە لەسەردەمی رێنسانسدا بەکۆمەڵ کاریان دەکرد، دەبێت خۆشیو ئەو کەسانەیان ناسیبێت کە خەریکی کاری شانۆن، بەڵام دەبێ ئەوە بڵێین کە بیناکان دەمێننەوە، لەحاڵێکدا شانۆ شتێکە زوو تەواو دەبێت، لەم رووەوە خۆشەویست بوونی دەرهێنەر دەمێنێتەوە کە ئەویش دەبێت رۆژێک بمرێت.

من تەنها لەوەرزشە بەکۆمەڵەکان، لەسەردەمی گەنجیدا، ئەم هەستی هێزو هیوایەم بینیوە کە لەکاتی پرۆڤەدا هەیە، ئەوەی راستی بێت ئەو خوو خەدەی کە من هەمە لەکاتی یاری دووگۆڵیو لەکاتی پرۆڤەی شانۆدا کە لەراستیدا دوو زانکۆی گەورەن بۆ من کە زۆر شتیان لێ فێربووم، بەڵام لەبەرئەوەی دەمەوێ باس لەئەزمونی تاکەکەسی خۆم بکەم دەبێ، دەبێ ئەوەش بڵێم کە شانۆ بوو بەهۆی ئەوەی لەکۆمەڵگا دوور نەکەومەوە کە زۆرجار وەک مەترسییەک رێ بەنووسەرەکان دەگرێت، وەک چۆن لەکاتی رۆژنامەنووسیدا، کاری چنینی لاپەڕەکان لەچاپخانەم پێباشتربوو لەنووسینی ئەو ئامۆژگارییانەی پێی دەڵێن سەروتار، لەشانۆشدا حەزدەکەم بەرهەم لەناو کۆمەڵێ شپرزی دیکۆرو شتەکاندا رەگ داکوتیت، نازانم کێ وتوویەتی دەرهێنەری باش ئەو کەسەیە کە دیکۆرەکانی بەدەستی خۆی تاقیکردبێتەوە، ئەمە یاسایەکی گرنگە لەهونەردا، من پیشەیەکم خۆشدەوێت کە لەگەڵ ناسینی زەینی مرۆڤەکانی شانۆکەدا، جێگای فڵانە چراو فڵانە گوڵدان، زبربوونی فڵانە قوماشو قورسی فیسارە سندوق تاقیکەمەوە، ئەو کاتەی "جنۆکە لێدراوەکان"ی دۆستۆیۆفسکیم پیشاندەدات، لەگەڵ دیکۆراتۆرەکەدا رێککەوتین کە دەبێ دیکۆری راستەقینە دروستبکرێت، بۆئەوەی شانۆکە هێدی هێدی بەرەو قوناغێکی سەرتر بڕوات کە زۆر کەمتر رەگی لەمادەدا هەیەو دیکۆرەکە دەبێت سوک بێت، بەمشێوەیە شانۆکە بەشێوەیەکی ناواقعی بوونو ناڕاست بوون کۆتایی دەهات کە خۆی بەشێک بوو لەواقع، ئاخۆ ئەمە پێناسەی هونەر نییە؟ نەک واقعی تەواو، نە خەیاڵو فەنتازیای تەواو، بەڵکو فەنتازیایەک لەسەر بنەمای واقع.

ئەمانە ئەو هۆکارانەن کە وا دەکەن رووبهێنمە شانۆو لەو میوانیانە خۆم دوور بگرم کە دەبن بەهۆی هەدەرچوونی کاتم، ئەمانە هۆکارەکانی منن وەک تاکێک لەمرۆڤایەتی، بەڵام وەک هونەرمەند کۆمەڵێک هۆکاری ترم هەیە کە جیاوازن لەم هۆکارانە.

> ئەوە بۆ زیاتر لە٢٠ ساڵە شانۆ لەژیانی مندا ماوەتەوەو تەنانەت ئەگەر بشمەوێ، ناتوانم وازی لێبهێنم


ئەلبێرت کامۆ



# ئایا گەلی کوردستان ترسی لەهەموارکردنی دەستووری عێراق هەیە؟

خەلیل عەبدوڵلا

ئایا مەسەلەی هەموارکردنی دەستوور هیچ بنەمایەکی دەستووری هەیەو رێگە پێدراوە؟ ئایا هەموارکردنی دەستوور مەترسی کەمکردنەوەی مافو دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستانی هەیە؟ بۆ وەڵامی ئەو دوو پرسیارە دەبێت بەوردی سەیری برگەو مادەکانی دەستووری عێراق بکەین، بێگومان هەر دەستوورێک کە دادەنرێت بۆ هەلومەرجو قۆناغێکی دیاریکراوەو دواتر بەپێی پێشکەوتنو گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵ پێویستی بەهەموارکردنو دەستکاریکردن هەیە، هەموو دەستوورێکیش رێوشوێنو میکانیزمی هەموارکردنی تێدا دیاریکراوە، لەو چوارچێوەیەدا دەستووری عێراق کە دەستوورێکی هەمیشەییو وەستاوە، کۆمەڵێک رێوشوێنو میکانیزمی قورسی بۆ هەموارکردن داناوە، مادەی ١٢٦ی دەستووری عێراق کە چەند برگەیەکی لەخۆگرتووە، تایبەتە بەرێوشوێنەکانی هەموارکردنی ئەو دەستوورە.


بەپێی برگەی یەکی ئەو مادەیە، ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمارو ئەنجومەنی وەزیران پێکەوە، یاخود پێنج یەکی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران، مافی ئەوەیان هەیە پێشنیازی هەموارکردنی دەستوور بکەن.

بەپێی برگەی دووی هەمان مادە، ناکرێت گۆڕانکاری لەپرەنسیپە بنچینەییەکانی دەروازەی یەکەمو مافو ئازادییەکانی دەروازەی دووەمی دەستوور تا دوو خولی یەک لەدوایەکی هەڵبژاردن بکرێت، ئەوەش بەڕەزامەندی ٣/٢ی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانو رەزامەندی گەل بەراپرسیی گشتی پەسەندکردنی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار دەبێت.

بەپێی خاڵی سێیەمی ئەو مادەیە، ناکرێت گۆڕانکاری لەمادەکانی تری دەستوور کە لەخاڵی دووی ئەو مادەیەدا نەهاتوون بکرێت، بەبێ رەزامەندی ٣/٢ی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانو بەرەزامەندی گەل بەراپرسیی گشتیو پەسەندکردنی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار.

بەپێی برگەی چوارەمی ئەو مادەیە واتە مادەی ١٢٦، نابێت هیچ گۆڕانکارییەک لەدەستووردا بکرێتو ببێتە مایەی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی هەرێمەکان بەبێ رەزامەندی دەسەڵاتی تەشریعی هەرێمەکەو رەزامەندی زۆرینەی دانیشتوانەکەی بەراپرسیی گشتی، بەمەرجێک ئەو دەسەڵاتانەی هەرێمەکان لەدەسەڵاتە قەتیسکراوەکانی دەسەڵاتە فیدراڵییەکان نەبن.

ئەو رێوشوێنانەی کە لەمادەی ١٢٦ی دەستووردا دەستنیشانکراون، دڵنیایی پاراستنی مافو دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستانی تێدایەو هیچ گۆڕانکارییەک بەبێ رەزامەندی پەرلەمانی کوردستانو راپرسیی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان ناکرێت کە ببێتە مایەی کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی هەرێم.




بێجگە لەو رێوشوێنو میکانیزمانەی کە لەمادەی ١٢٦ی دەستووردا بۆ هەموارکردنی دەستوور دەستنیشان کراوە، مادەیەکی دیکەی دەستووریش هەیە کە تایبەتە بەهەموارکردنی دەستوور، ئەم مادە دەستوورییەش مادەی (١٤٢)ی دەستوورە کە چەند رۆژێک پێش ئەنجامدانی راپرسیی گشتی لەسەر دەستوور لەمانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥ لەسەر داخوازیی نوێنەرانی پێکهاتەی عەرەبی سوننە لەدەستووردا وەک مادەیەکی ئینتقالی دەستووری جێگیرکرا.

مادەی ١٤٢ لەپێنج برگە پێکهاتووە، بەپێی برگەی یەکی ئەو مادەیە ئاماژە بەوەکراوە کە دەبێت ئەنجومەنی نوێنەران لەسەرەتای کارکردنیدا لیژنەیەک لەئەندامانی لەنوێنەرانی پێکهاتە بنچینەییەکانی کۆمەڵی عێراقی پێکبهێنێت بۆ ئامادەکردنی راپۆرتێک بۆ ئەنجومەنی نوێنەران سەبارەت بەگۆڕانکاری مادەو برگەکانی دەستوور.

بەپێی برگەی دووی ئەو مادەیە گۆڕانکارییە پێشنیازکراوەکانی ئەو لیژنەیە بەیەکجار دەخرێتە بەردەم ئەنجومەنی نوێنەران بۆئەوەی بەدەنگی زۆرینەی رەهای ئەندامانی پەسەندی بکات، بەپێی برگەی سێی هەمان مادە، دەبێت گۆڕانکارییە پێشنیازکراوەکانی خاڵی دووی مادەی ١٢٦ لەدوای دوو مانگ لەمێژووی پەسەندکردنیان لەئەنجومەنی نوێنەران، بخرێتە بەردەم گەل بۆ راپرسیی گشتی.

بەپێی برگەی چوارەمی ئەو مادەیە، راپرسیی گشتی لەسەر مادە هەموارکراوەکان، بەرەزامەندی زۆرینەی دەنگدەران ئەو کاتە بەسەرکەوتوو دادەنرێت کە دەنگدەرانی سێ پارێزگا یان زیاتر رەتی نەکەنەوە.

بەپێی برگەی پێنجەمی ئەو مادەیە، هەموو برگەکانی مادەی ١٤٢ی دەستوور بەدەر دەکرێت لەئەحکامەکانی مادەی ١٢٦ی تایبەت بەهەموارکردنی دەستوور تاکۆتاییهاتن لەبریاردانو یەکلاییکردنەوەی ئەو هەمواردکردنانەی کە لەمادەی ١٤٢ی دەستووردا هاتوون، واتە جاریێ کار بەمادەی ١٢٦ی دەستوور ناکرێت بۆ هەموارکردنی دەستوورو مادەی ١٤٢ جێبەجێ دەکرێت.

لەبەر رۆشنایی مادەی (١٤٢)، ئەنجومەنی نوێنەران لیژنەیەکی (٢٧) کەسی لەئەندامانی نوێنەرانی پێکهاتە سەرەکییەکان پێکهێناو دەبوو ئەو لیژنەیە لەماوەی چوار مانگدا راپۆرتی خۆی سەبارەت بەهەموارکردنی برگەو مادەکانی دەستوور پێشکەش بەئەنجومەنی نوێنەران بکردایە، بەڵام ئەو لیژنەیە نەک لەماوەی چوار مانگدا، بەڵکو لەماوەی چوار ساڵی تەمەنی ئەنجومەنی نوێنەرانو لەدوای ئەوەشی کە پێنج جار ماوەی کارکردنی لیژنەکە درێژکرایەوە، لەسەر هەموارکردنەکانی دەستوور رێکنەکەوتنو راپۆرتەکەیان پێشکەش بەئەنجومەنی نوێنەران نەکرد.

بێگومان ئەو گۆڕانکارییە دەستوورییانە تەوافقو رەزامەندی هەر سێ پێکهاتەی سەرەکی کوردو عەرەبی شیعەو عەرەبی سوننەی دەوێت، چونکە بەبێ رێککەوتنی ئەو سێ لایەنە ناکرێت هەموارکردنەکانی دەستوور بخرێتە بەردەم راپرسیی گشتی، چونکە هەریەک لەو پێکهاتانە ئەگەر رەزامەند نەبن دەتوانن بەراپرسیی گشتیدا بەدەنگی دەنگدەرانی سێ پارێزگا یان زیاتر رەتی بکەنەوە، بێگومان هەر یەک لەو سێ پێکهاتەیەش دەتوانن دەنگی دەنگدەرانی سێ پارێزگا بۆ رەتکردنەوە مسۆگەر بکەن.

سەبارەت بەو پرسیارەشی کە ئایا هەموارکردنەکانی دەستوور مەترسی لەسەر کەمکردنەوەی مافو دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان هەیە؟

بێگومان هیچ هەموارکردنێکی دەستوور بەبێ رەزامەندی گەلی کوردستان سەر ناگرێت، چونکە هەر هەوڵێک بۆ کەمکردنەوەی مافو دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان لەپرۆسەی راپرسیی گشتیدا شکستدەهێنێتو بەدەنگی دەنگدەرانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان رەتدەکرێتەوە، ئەوەش ئەو راستییە دەردەخات کە دەستوور گەرەنتی پاراستنی مافەکانی هەر پێکهاتەیەکی تێدایەو هەر پرۆسەیەکی هەموارکردنی دەستوور پێویستی بەرەزامەندیو تەوافقی سێ پێکهاتە سەرەکییەکەی عێراق هەیە، ئەوەش گەرەنتییێکی گرنگە بۆ پاراستنی مافەکانی گەلی کوردستان.

# عێراقی کۆمارىی.. رەتکردنەوەی ئەوی تر

مافناس: عەبدولقادر ساڵح

**وێستگەی یەکەم**

ئەو بەرەبەیانەی کە عەبدولسەلام عارف هێزە سەربازییەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی رووکردە ناوجەرگەی بەغدادو عەبدولکەریم قاسمیش لەپشتەوە پارێزگاری لێکرد، ئیتر خۆری سیو حەوت ساڵەی دەسەڵاتی پادشایەتی لەعێراق هەر بەو سپێدەیە ماڵئاوایی کرد، بەڵام لەو رۆژەدا نەریتێک دەرکەوت کە بوو بەرووخساری کۆماری تازەی عێراق، ئەویش رەتکردنەوەی (بەرامبەر یان ئەوی تر) بوو، لەو بەیانییەدا سەرجەم بنەماڵەی پاشایەتی لەکۆشکی ریحاب بەکۆمەڵ کوژران (قەتلو عام کران)و دواتریش کەس لەپای رشتنی خوێنەکەیان نەگیراو لێکۆڵینەوەی ئەو تۆشی لەسەر نەکرا، ئەوەی بۆنی دەسەڵاتی پاشایەتیو کلتورەکەی لێدەهات یان کوژرا یان دەستگیر کرا یان هەڵات بۆ دەرەوەی وڵات، ئیتر بەتەواوی دەسەڵاتی پاشایەتی بوو بەمێژوویەک کە کەس نەیدەوێرا خۆی بکات بەخاوەنی.

**وێستگەی دووەم**

کاتێک ناکۆکی کەوتە نێوان هەردوو ژەنەراڵە سەرکەوتووەکەی شۆڕشەوە (عەبدولسەلام عارفو عەبدولکەریم قاسم)، هەر یەک لەبەعسیو نەتەوەییەکان لەلایەک لەدەوری عارف کۆبوونەوەو شیوعییەکانیش لەدەوری قاسم کۆبوونەوە، ئەوەبوو شیوعییەکان دەستیان دایە راوەدوونانی بەعسیو نەتەوەییەکانو لایەنگرانیانو بەم جۆرەش هەر بەخێرایی خۆری بەعسیو نەتەوەییەکان لەژێر هەژموونی شیوعییەکان ئاوابوو، بەجۆرێک وڵات دەبوو لەسەر ئاوازی ئەوان گۆرانی بچرپیایە، چیدی دەسەڵاتی وڵات (ئەوی تر)ی قبوڵ نەکرد، تۆپی وڵات لەدەستی قاسمیو شیوعییەکان گیرسایەوە.

**وێستگەی سێیەم**

کاتێک لەشوباتی ١٩٦٣دا بەعسیو نەتەوەییەکان لەرێگەی فرۆکەو تانکەکانەوە ئاگری رقو کینەی خۆیان باراند بەسەر شاری بەغدادو بارەگای وەزارەتی بەرگریدا، ئیتر دونیایەک نەمایەوە بۆ هەناسەدانی قاسمیو شیوعییەکان، پاش تیرباران کردنی قاسمو هاورێکانی، حەرەس قەومییەکان کەوتنە گیانی شیوعییو لایەنگرەکانیانو دونیایان لێهێنانەوە یەکو هونەرەکانی سزادانو کوشتن لەسەردەستیاندا تا دەهات نوێگەریو شێوازی جۆراجۆری بەخۆوە بینی، بەم جۆرەش گۆڕەپانەکە یەکلابووەوە بۆ بەعسیو نەتەوەییەکانو بەئارەزووی خۆیان تەراتێنیان تێدا دەکرد (ئەوی تر) نەیتوانی هەناسە بداتو خەفە کرا، بەڵام زۆری نەبرد کە لەپایزی هەمان ساڵدا عەبدولسەلام عارف، پایزی بەعسییەکانیشی لەگەڵ خۆی بۆ هێنانو جارێکی دیکە بەعسییەکان پەراوێزخرانو دوورخرانەوە لەدەسەڵاتو تەنها عارفییەکان مانەوە، لەوە بەدوا بەعسییەکانیش نەیانتوانی هەناسەبدەنو کەوتنەوە نێو کونجی زیندانەکان یان هەڵاتن بۆ دەرەوەی وڵات.

**وێستگەی چوارەم**

لەتەممووزی ١٩٦٨دا جارێکی دیکە بەعسییەکان بەهەناسەی تۆڵەو بەپۆستاڵی ژەنەراڵەکانیانەوە هەڵیانکوتایەوە سەر کورسی دەسەڵات، بەناچاری حکومەتێکی بنکە فراوانیان دروستکرد، بەڵام پاش کەمتر لەسیانزە رۆژ جارێکی تر رۆحی تاکگەرایی لەدەسەڵات دەستیپێکردەوە، پاشماوەی کودەتای ١٧ی تەمووز لە٣٠ی تەممووزدا بەسرینەوەی ئەوی تر دەستیپێکرد، هاورێو هاوبەشەکانی دوێنێیان دوورخستەوە، لێرەشەوە پرۆسەی پاڵاوتن دەستیپێکرد، بەڵام ئەمجارە پرۆسەکە لەهەناوی خودی بەعسو دەسەڵاتی تازەوە دەستیپێکرد، هەروەک بوارێک نەمابوویەوە بۆ (ئەوی تر) تا بوونی هەبێت، لەمجارەیاندا سەدام هەموو ئەوانەی لەناوبرد کە نەک وەک بەعس، بەڵکو وەک خۆی بیرناکەنەوە، تا ئەوەی لەتەممووزی ساڵی ١٩٧٩ سەرجەمی ئەو سەرانەی لەناوبرد کە لەناو دەسەڵاتو دەرەوەیدا ئەگەری بوونو سەرهەڵدانیان هەبوو.

**وێستگەی پێنجەم**

سەدام لەبەرایی خۆسەپاندنی بەسەر دەسەڵاتدا خۆی یەکلاکردەوە بۆ تەواو پاڵفتەکردنی دەسەڵاتەکەی لەرووی ناوخۆوە، چونکە لەدەرەوەی دەسەڵات ترسێکی ئەوتۆی نەمابوویەوە، ئەوەبوو سەرەتا بەهاورێی دێرینو هاوکاروانی خۆی (ئەحمەد حەسەن بەکر) دەستیپێکرد، دواتر لەسیناریۆکەی هۆڵی (خلد) دا زیاتر لەپەنجا ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشو سەرکردایەتی هەرێمایەتیو سەرکردایەتی نەتەوەیی پارتی بەعسو چەندین وەزیرو جێگری سەرۆک وەزیرانو سەدان کادیری ناوەندی ئەو پارتەی لەناوبردو بەتەواوی هەناسەی برِی لە (ئەوی تر) لەبەرامبەر خۆیدا، بەمجۆرە ئەوی تر نەک لەدەرەوەی بەعسو دەسەڵات، بەڵکو لەناو دەسەڵاتیشدا نەمایەوە، سەردەم بوو بەسەردەمی گوتەزای سەدام هەموو گەلەو گەلیش واتە سەدام (اذا قال صدام، قال العراق).


**وێستگەی شەشەم**

بەهاری ٢٠٠٣ چیدی فەزایەک بۆ هەناسەدانی سەدامو بەعسییەکان نەمایەوە، سەدام راوەدوو دەنراو بەعس هەڵدەوشێنرایەوەو قەدەغە دەکراو ئەندامەکانی بەچنگ ریشەکێش دەکران لەنێو زەوی دامودەزگاکانی عێراقیدا، لەمجارەیان (ئەوی تر) نەیدەزانی لەکوێوە گورزی بەردەکەوێت لەسوپای ئەمەریکاوە کە هاتۆتە ناو وڵاتو سوسەی سەرەکانی دەکات، یان لەشیعە تورەو داخ لەدڵەکانی دوێنێوە کە سەدام هەموو شتێکی لێ قەدەغەکردبوون جگە لەشینو گریان نەبێت بۆ قوربانییەکانی دەستی رژێمەکەی، یاخود لەکوردەوە کە ترسزەدەو کوشتەی دەستی بوو، یان لە وڵاتانی دراوسێوە کە تەسفیەی حساباتیان لەسەر زەمینەی وێرانو رووخاوی عێراق دەکرد لەگەڵیاندا، بەمجۆرەش (ئەوی تر) بەناخی زەویدا چووە خوارێو هەناسەی لێقەتیس کراو سەدامیش لەپەتی سێدارەوە دوایین هەناسەی هەڵمژی.

گیانی تۆڵەسەندنەوەو رەتکردنەوەی بەرامبەرو سرِینەوەی ئەوی دی بووەتە سیمای ئەم وڵاتە کە لێوانلێوە لەپشێویو نائارامی، بەمێژووی تەمەنی ئەم کۆمارە تەنانەت یەک دەیەش نەیتوانیوە وچانێک بداتو بەهێمنی چاو لێکبنێت، ئەم کۆمارە کە لەسەر بنەمای رەتکردنەوەی ئەوی تر دامەزراوە، ئەستەمە بتوانێت بەئاسانی ئەوی تر قبوڵ بکات، ئەوەتا دەبینین کە چۆن براوەکانی ئەمڕۆی هەڵبژاردنەکان بەشێوەیەک لەشێوەکان (ئەوی تر) رەتدەکەنەوە، دان نانێن بەبوونیدا، بواری دەسەڵاتی پێنادەن.

گواستنەوەی ئەم مێژووە کورتە مەبەست پێی دووپاتکردنەوەی ئەو حاڵەتەیە کە تا رەتکردنەوەی بەرامبەر لەئارادابێت ئەوا گیانی تۆڵە سەندنەوە زیاتر دەبێت، ئارامیو هێمنی لەم وڵاتەدا بەدی ناکرێت، جۆگەلەی خوێن بەردەوام سەر دەکات، هەتا کلتوری یەکتر قبوڵکردن پیادە نەکرێت، ئەوا بێگومان ئارامشو سەقامگیر دەبێتە ئەو خەونە یۆتۆپیایەی کە دەبێت نەوە بۆ نەوەی پاش خۆی بیگێرێتەوە، لەبەرئەوە خەبات کردن بۆ دیموکراسیەتو قبوڵکردنی (ئەوی تر) لەم وڵاتەدا هەروا کارێکی سادەو ئاسان نییە، بەتایبەت لەم هەلومەرجە نێودەوڵەتیەی دەوری عێراقی داوەو هێزە هەرێمییو نێودەوڵەتییەکانیش شانبەشانی هێزە ناکۆکو نەیارەکانی ناوخۆ بەشدارن لەئاڵۆزکردنی رەوشەکەو بەدەڵەمەیی هێشتنەوەی بارودۆخەکە کە تاکە زەرەرمەندی یەکەمو کۆتایی خەڵکی بەشمەینەتو مافخوراوی ئەم وڵاتەیەو درێژەدانە بەکلتوری تۆڵەسەندنەوەو رەتکردنەوەی ئەوی تر.





سرووش

# سەبارەت بەعەقڵ

عەبدولکەریم سرووش
و: عەبدولڕەحیم سەعید

کاتێک ریچارد رۆرتی وتی لەسەدەکانی ناوەڕاستدا خودا هەر خودا بوو، چیتر لەقۆناغی رۆشنگەریو مۆدێرنەدا عەقڵ بوو بەخوداو ئەمڕۆکەش واتا لەقۆناغی پۆست مۆدێرنیزمدا هیچ خودایەک بوونو ئامادەگی نییە.

ئەم دیدو بۆچوونە، پریشکی گەورەی لەراستیو حەقیقەتدا هەیە، چونکە بتی عەقڵ یان خودای عەقڵ ئەمڕۆ تێکشکاوەو وشەی خۆشەویستی عەقڵ کە سەردەمانێک پیرۆزترین وشەیەک بوو لەوشەکان، بەڵام ئەمڕۆ جگە لەمانایەکی گوماناویو بێفیز سود وەرناگرێت، عەقڵی ئەرەستۆیی، دیکارتی، کانتی، هیگلی، ئاینی، مێژوویی، دیالێکتیکی، پراکتیکی، ئیتر هەموو بەشو لقەکانی بەوردو درشتەوە، ئاوێنەی عەقڵ بەشێوەیەک هەموویان پێکەوە وردوخاش کرد بەشێوەیەک لەناویدا هیچ وێنەیەک بەرێکوپێکی بەرچاو ناکەوێت.

ئەمڕۆ کاتێک قسە لەسەر عەقڵ دەکرێت یان مەبەست لەمەنتیقی هەڵسەنگاندن، توێژینەوە، سەلماندنو پوچەڵکردنەوەیە یان مەبەست لەبەرهەمو دەرهاویشتەکانی عەقڵە کە پێکهاتوون لەفەلسەفە، زمان، ئەخلاق، زانستو چەندینی تری لەو جۆرانە، چونکە ئەم بەرهەمو دەرهاویشتانە هەموویان بەردەوام لەجوڵەو گۆڕانکاریدان، گۆڕانی عەقڵ لەپێویستییەکانی ئەم سەردەمە ئەژمار دەکرێت.

عەقڵی مۆدێرنو عەقڵی کلاسیک جیاوازن، بەرهەمو دەرهاویشتەکانی ئەم دوو جۆرە عەقڵە، واتە زانستو فەلسەفەو ئەخلاق، سیاسەتو ئابورییان جیاوازە.

جۆرێک لەرێژەگەرایی چارەیەک نییە ئەمەش هەر ئەوەیە کە ئەمڕۆ ئێمە هەمووما رۆچووین لەناویدا، هەندێک لەفەیلەسوفە موسوڵمانەکان، عەقڵی تیۆری بەکۆمەڵێک چەمکی ئاسانو ئاشکرای تیۆریو عەقڵی پراکتیکیش بەکۆمەڵێک چەمکی ئاسانو ئاشکرای پراکتیکیان لەقەڵەمدەدەن، کەواتە ئەم پێناسەیە، پێویستە بگوترێت کە ئەم چەمکانە گۆڕاونو ئەوەی بۆ کەسانی رابردوو بەئاشکراو روون دادەنرا ئەمڕۆ چیتر لەروونو ئاشکرا کەوتووەو پێچەوانە بووەتەوە، لەچاخەکانی ناوەڕاستدا بوونی خودا شتێکی نزیکبوو لەچەمکێکی روونو ئاشکرای تیۆری، بەڵام ئەمڕۆ ئەم پلەو پایەیەی خۆی لەدەستداوە، لەبەرامبەر ئەمەدا (مافی مرۆڤ) ئەمڕۆ بەچەمکێکی ئەم چاخە لەقەڵەمدەدرێت، لەکاتێکدا نیشانەیەکی ئەمە لەنێوان چەمکو تێگەیشتنی عەقڵی پراکتیکی کەسانی رابردوو بەرچاو ناکەوێت.

چاخی رۆشنگەری خۆی بەرۆشن دەهاتە پێشچاوو چاخی ناوەڕاستیشی بەرۆژگاری جەهلو تاریکی ناودەبردو بێگومان ئەگەر لەکەسانی چاخی ناوەڕاستیشت بپرسیایە جێگەو رێگەی ئەم دوو سیفەتەیان پێچەوانە دەکردو رۆشناییەکەیان بۆ خۆیان ئەژماردەکردو جەهلو تاریکییەکەیان دەبڕی بەسەر بەرامبەرەکەیاندا، وەک ئەوەی کەئەمڕۆ کەمتر کەسێک دەربڕینی (چاخی ستەمکاری) بەکاردەهێنێت، زیاتر خۆی لەقەرەی گۆڕانو بابەتی قوڵتری مەعریفە دەدات، ئاشکرابووە هەم رۆژگارو چاخی رۆشنگەرییو هەم رۆژگارو چاخی ناوەڕاست گەمارۆدراوو قەتیسبووی چەند نمونەو وێنەگەلێکی خودی بوون یان گیرۆدەی چەمکگەلێکی خودی بوونو نیشتەجێبووانی ئەم دوو نمونەیە بەزەحمەت دەیانتوانی لەئاستێکی باڵاتردا دەستبەرن بۆ رەخنەگرتن لەخۆیان، کاتێک ئەم گەمارۆو لەمپەرانە دەشکێن کەزمانو چاوەکان کراوەترو وردتر بن، بارودۆخی ئێمەش لەقۆناغی پۆست مۆدێرنە بەبێ لێکچوون پەیوەست نییە بەمانەوە، ئەم خاڵەشمان بەگشتی لە (کۆهن)و (فۆکۆ)وە وەرگرتووە کە تەنیا عەقڵانیەتێک شک نابەین، بەڵکو چەند عەقڵانیەتێکمان هەیە، پێشینان دەیانوت لوتبەرزیو خۆپەرستی شاردنەوەی ژیریو عاقڵییە، بەڵام دەبێت ئێستا بگوترێت لوتبەرزیو هەروەک بێعەقڵییە، خاکەڕاییو بێدەماری لەئەخڵاقە بەرزەکانی عاقڵانو مەعریفەخوازانە، بڕیارو یاسای گشتی جیهانیو بان مێژووی لەدڵی (عەقڵی موتڵەقو بان مێژووی) بەهەڵهێنجانی بۆ هەموو مرۆڤایەتی لەهەموو سەردەمەکاندا بەهەقو راست دەزانن، ئەمڕۆ لەهەر کاتێکی تر زیاتر دژوارو قەیراناوی بووە. مرۆڤایەتی لەبەرئەوەی بەپلورالیزمی تەندروستیو سودمەند گەیشتووە کە بەرهەمەکەی بێدەماریو بێفیزییەو رەتکردنەوەی دۆگماتیزمە. ئەمەش دەبێت وەک خوێندنەوەیەکی باش وەربگیرێت، عەقڵ نەک بەتەنیا لەناوەوە بەهەموو جۆرو بەشەکانییەوە رووبەڕووی تێکشکانو وردبوون بووەتەوە، بەگشتی لەدەرەوەش چەندین چاودێری بەرفراوانی هەبووەو بەردەوام دەشبێت، من لێرەدا ئاماژە دەدەم بەیەک دوو رەقیب کە خۆم ئەوانەم لەژیاندا ئەزمون کردوون:

## عەقڵو وەحی

(پاپا بندیکت)ی شازدەیەم لەقسەو وتارە پڕ لەهەراو هۆریاکانی ئەم دواییەی، بەشانازییەوە ئاماژەیدا بەهاوکاری نێوان مەسیحیەتو فەلسەفەی یۆنانیو ئاشتیو پێکەوە ژیانی ئەم دووانەی بەکارێکی بێوێنەو رۆژگارو چاخی زێرشینی بۆ مەسیحییەتی لەقەڵەمداوەو ئیسلامو پرۆتستانیزمی بەخراپ دانا بەرامبەر بەعەقڵ، ئەگەرچی پێویستبوو پردی گەیاندنو هۆگری بەهێز تر بکرێت، بەڵام بەپێچەوانەوە خودای ئیسلامیشیان بەراشکاوی بەخودای ناعەقڵانی، بەڵکو بەدژە عەقڵیان دانا. لێرەدا دەرفەتی قسەکردن نییە دەربارەی هەندێک لەدروستو نادروستی دیدو بۆچوونەکانی (پاپا بندیکت)، مەبەستمان ئەمەیە کە پەیوەندی نێوان عەقڵو وەحی هیچ کاتێک پەیوەندی مرۆڤ لەسەداسەد دۆستانە نەبووە، عەقڵی سەربەخۆ لەوەحی، بەردەوام بەرەقیبی وەحی دانراوەو پێغەمبەران هیچ کاتێک پێیان خۆش نەبووە وەک فەیلەسوفێک ناو ببرێن، موتەکەلیمین بیرو باوەری ئاینیان بەبەڵگەخوازیو عەقڵانی دەکردو لەمبارەیەوە خۆیان بەخزمەتکاری ئاین دادەناو لەلایەکی کەشەوە بەدیدو بۆچوونی شوێنکەوتووانی (ئەرتدۆکس)ی ئاینەکان بەناپاکو خائین تۆمەتبار دەکران، ئەمانە دووبارە تۆمەتبار بوون بەپرۆسەی عەقڵانیکردن، ئاییینیان لکاند بەعەقڵەوەو راستیو حەقیقەتی ئەویان بەتەرازووی عەقڵەوە کێشانو پێوانە دەکردو ئەمەش کارێکە، لانیکەم جێگەی گومانو دوودڵی بێ سودبوو.

باوەڕداران دەیانوت (وەحی) بۆ یارمەتیو پشتیوانی عەقڵ هاتووەو عەقڵیش یارمەتیو پشتیوانی لە (وەحی) دەکات؟ هەندێک لەمانە هەنگاوی زیاتریان هەڵدەگرتو دەیانوت رووناکی عەقڵ بەکەڵکی ئەو شەوانەدێت کە وەحییان تێدانییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەی هەتاوی (وەحی) هەڵهات، دەبێت ئەو روناکییە بکوژێنێتەوە.

هاوکاری پشتیوانی عەقڵو وەحی بێگومان بابەتێکی تربوو، لەبەرئەوەی خودای خولقێنەری عەقڵ هەرهەمان خوداوەندی راسپێردراوی وەحییەو بنەمایەکیش بوون بۆ ئەوپشتیوانیو هاوکارییە.

زۆرێک لەفەیلەسوفانی گەورەی مەسیحیو ئیسلامی وەک (ئیبن سینا، فارابی، تۆماس ئاکۆیناس) پەیوەست بوون بەم روانگەو بۆچوونەوەو تەنانەت (صدرالدین شیرازی) فەیلەسوفی عەقڵی سەدەی حەڤدەیەمی زایینی ئێران، دەیوت (قوڕ بەسەر فەلسەفەیەک کە ئاین هاوکاری پشتیوانی لێناکات)، رێبازی (کەلامی) موعتەزیلە کە بەداخەوە لەلایەن رەقیبێکەوە کە رێبازی (ئەشعەریە) بوو شکستێکی مێژوویی زیانباری بەرکەوت، لەسەر سازگاریو تەبایی عەقڵو شەرع بونیادنرابوو لەگەڵ ئەوەشدا مەیلی بەلای حیکمەتی یۆنانیدا دەشکایەوە، خودای ئەم رێبازە، خودای دادپەروەریو ئەخلاقی، هەڵسوکەوتو ئاکاریشی بەگشتی لەسەر هاوسەنگکردنی عەقڵ بوو، بەمشێوەیە بوو دەرکو تێگەیشتنیان هەبوو بۆ پێغەمبەرو پەندو ئامۆژگارییەکانی، عەقڵ لەم رێبازەدا ئەوەندە پانتایی داگیرکردبوو کە ئاین لەتەنیشتییەوە بەلاوازی بەرچاودەکەوت، کەچی بەپێچەوانەوە رێبازی (ئەشعری) کە دیدو تێڕوانینێکی ئاینی بەرفراوانی هەبوو رۆڵی عەقڵ لاوازو کەمتین بوو، سۆفییەکانو عارفەکان لەبنەمادا زۆر جیاواز بوونو گەیشتبوون بەعەشقێکی قوڵو بەرفراوان کە ئاینو عەقڵ هەردووکیان لەچاویا لاواز دەردەکەوتن.

> عەقڵی سەربەخۆ لەوەحی، بەردەوام بەرەقیبی وەحی دانراوەو پێغەمبەران هیچ کاتێك پێیان خۆش نەبووە وەك فەیلەسوفێك ناو ببرێن

بەڵێ بەهەرحاڵ، دەستکەوتەکانی عەقڵی ئەزمونی لەسەدەی شازدەیەمو حەڤدەیەمی ئەوروپا، جیاوازی نێوان زانستو وەحی لەپڕێکدا بێدارکردەوەو ئەم دەریایەی دووبارە تووشی هەژانو شڵەقان کردەوە، ئەمەش رێگەی خۆشکرد بۆ سیکۆلاریزمو بانگەشەی بێلایەنی حکومەت دەربارە بەئاینەکان سەری دەرهێناو هەژمونی تاک ئایینی بەسەر ئاینەکانی ترەوە هەڵگرت، وەحی ئیسلامی گەرچی لەگەڵ عەقڵی نائاینی (بەتایبەتی عەقڵی فەلسەفی یۆنانی) برێکجار تەباو کۆک بوو برێک جاریش لەجەدەلو قەیراندابوو، بەڵام هیچ کاتێک لەگەڵ عەقڵی ئەزموندا رووبەڕوو نەبووەتەوە، ئەم هۆکارەش نەبووە هۆی ئەوەی کەزانستی ئەزمونی نوێ لەنێو موسڵماناندا سەرهەڵبدات.

ئەگەرچی خراپەیەکی بەخۆوە نەبینی لەسودو دەستکەوتەکانی بەشدارنەبوو، بەڵام کاتێک ئەم زانستە پەرەیسەندو سەرکەوت، لەسەدەکانی نۆزدەیەمو بیستەمدابوو گەیشتە وڵاتانی ئیسلامی، نەک تەنیا کەسی تووشی شۆک نەکرد، بەڵکو دڵەکانی خۆشحاڵ کردوو پێیان وابوو فریادڕەسێک بەرێوەیەو شکستی هێناوە بەمەسیحییەتو دەبێتە هاوکارو پشتیوانی ئیسلام.

هەلومەرجو بەسەرهاتێکی گەلێک باش بوو کە زانستو فەلسەفەی نوێ لەنێو سەرانو دەسەڵاتدارانی ئیسلامیدا تارادەیەک رووبەڕووی هیچ بەرگریکردنێک نەبوویەوە، سەرەتا دەرگای زانکۆو پاشان دەرگای ناوەندی زانستی ئاینی بەسەر ئەماندا واڵاکراو چووە بواری خوێندنو توێژینەوەوە.

رۆمانییەکان بەردەوام ئەوەیان وەک تیۆرێکی ماتریالیستو دژە ئایینی ئەژماردەکرد، ئەمڕۆ بزاڤێکی بەناوی رۆشنبیری ئایینی لەئێران بۆ دووبارە پێناسەکردنەوەی پەیوەندی نێوان (عەقڵو وەحی) خراوەتە گەڕو بەتایبەتی لەراڤەکردنو لێکدانەوەی دەقی پیرۆز (واتا قورئان)، ئەم رەوتەش سود لەدەستکەوتی نوێی (هرمنوتیکی)و ئەزمونی مەسیحی وەردەگرێتو بەپێچەوانەی دیدو بۆچوونی (پاپا بنیدیکت)ی شازدەیەم کە ئیسلامی بەبەشێک لەشرۆڤەو لێکدانەوەکان زیاتر نەدەزانیو گەیشتن بەگەوهەری پەتی ئایینی بەدژوارو مەحاڵ دادەنێت.

## عەقڵو عیشق

سوننەتی بەنرخو دەوڵەمەندی تەسەوفی ئیسلامی بەرهەمی دوو هەڵوێستو دیدو بۆچوونە! یەکێکیان لەبەرامبەر رواڵەتسازیو خۆشییو رابواردن، خواردنو خواردنەوەو باوەشکردن بەدونیاداو ئارەزووپەرستی بێئەندازەو بێسنووری دەربارەی خولەفای (ئەمەوی)و (عەباسی)و ئەویتریان لەبەرامبەر خودای سامدارو بەهەیبەتی سەربەخۆو دەسەڵاتداری موتەکەلیمانی ئەشعەریو توێژینەوەگەلی فەیلەسوفانەی موعتەزیلەکان لەبارەی خەسڵەتو کرداری خودای مەزن، بەتایبەتی دەربارە بەدادپەروەری ئەو بوو.

هەڵوێستو دیدو بۆچوونی یەکەم تەسەوفی عیشقیانە، جگە لەوەی هێڵ بەسەر عەقڵدا دەهێنێت هەمان هەڵوێستو دیدو بۆچوونی هەیە بەرامبەر بەترس، دەخوازێت هەروەک عاشقێک بۆ ئەو شەیداو سەرسام بێت، نەک فەیلەسوفانە موعەماو نهێنی بوونی ئەو بەرینتر بکرێت، مەنصوری حەللاج سۆفی ناوداری سەدەی سێیەمی کۆچی، ناوەڕۆکو پوختەی ئەم دیدو بۆچوونەو رێبازە بەم شێوەیە دەخاتەڕوو (مەعشوق دەبێت هەمووی نازو عیشوە بێت نەک موعەماو نادیاری)، واتا ئەو خۆراکی فەیلەسوفانو عاقڵان نییە، بەڵکو پێخۆری عاشقانەیەو بەس، عەشقیش بەمجۆرە بوو هاتە مەیدانەوە بۆ شەڕو ململانێکردن لەگەڵ عەقڵدا، رەنگە وشەی (شەڕ وشەیەکی دژوار بێتە بەرچاو، بەڵام گەڕانو پشکنینی لەبەرهەمی سۆفییەکان، کەمتر سودو کەڵکی هەیە بۆ ئەم رێگایە، بۆیە عەشق هەم بوو بەرکابەری عەقڵی تیۆریو هەم رکابەری عەقڵی پراکتیکی.

لەلایەکەوە سۆفیان خوازیاری ئەوەبوون کە عیشق چاوانێک بەعاشق دەبەخشێت بۆ ئاسانکردنی هەستکردنو بینینی چەند دیمەنێک کە عەقڵ لەو توانایە بێبەشە، (جلالالدین رۆمی) گەورەترین عارفو شاعیری ئێرانی ئەفغانی، لەقسەکردنیدا بۆ مورشیدو خۆشەویستەکەی (شمس تبرێزی)دا دەڵێت (شمس تەبرێزی تۆ عەشق بناسە نەک عەقڵ)، واتا عەشق مەعریفە بەخشە، هێزی ناسینو کەشفکردنی هەیەو دەرهاویشتەو ئەنجامەکانی بەهاو ئەرزشی مەعریفیان هەیە.

لەلایەکی دیکەوە، بەبۆچوونی سۆفییەکان، عەقڵ بوونێکی خودخواز، بەرژەوەندخوازو موحافیزکارەو ئەسڵی لەخۆبوردوویی بەخشینو فیداکاری نییە، لەبەرامبەر ئەمەدا، عەشق، رادەی خۆپەرستی عاشق دەهێنێتە خوارەوە بۆ پلەی سفر ئەو دەکوژێت، ئەو دەکاتە کەسێکی دەستکراو، ئاکارجوان، مەینەتکێشو فیداکارو هەموو پەرێشانیو نەخۆشییە رۆحییەکانی عاشق چارەسەردەکات.

بەگوتەی (جەلالەدینی رۆمی):

مرحبا ای عشق خوش سودای ما
ای طبیب جمله علت های ما
ای دوای نخوتو ناموس ما
ای تو افلاتونو جالینوس ما

ئەم عاشقبوونە ئەگەرچی گەوهەری دینداریە، بەڵام بەحەقیقەت ئەوپەڕی ئەرکو فەرمانی دیندارانەیە، زۆربەی ئایینداران لەئاین پەروەریدا بەدوای سودو پاداشتدا دەگەڕێن، ئەمەش هەرچەندە خۆی لەخۆیدا خراپ نییە، بەڵام ئەمە هیچ کەسێک ناگەیەنێت بەپلەو پایەو بڵندی عاشقی کە سودو پاداشتی فەرامۆش کردووەو خۆی داوەتە دەست قوماری عاشقانە.

تەسەوفێک کە لەسەر ئەمجۆرە عاشقییە بونیادبنرێت، خۆی دەخاتە پاڵ وەحییەوەو تارادەیەک پێغەمبەران بەعارفانێکی گەورەو مەزن لەقەڵەمدەدات کە بەرهەمو دەرەنجامی وەحی خۆی لەگەڵ خەڵکیدا دەبینێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا عارفانی دوور لەپێغەمبەرایەتی بەرپرسیارێتییەکی لەمجۆرەیان نییە، هەروەک دەزانین پەیوەندی نێوان تەسەوفو فەلسەفە یان عەشقو عەقڵ، هەروەک پەیوەندی عەقڵو وەحی پەیوەندییەکی تەندروستو ئارام نەبووەو نییە، فەیلەسوفە موسڵمانەکان بەردەوام بەمشێوەیە لەوەحییەوە سودو زانیارییان وەرگرتووەو لەعیرفانیش بەهەمان شێوە، هیچ یەکێکیان بەناکۆکو دژ بەعەقڵی پەتی نەزانیوە، کەمترین شتێک کە دەوترێت لێرەدا ئاماژەی پێبدرێت کە فەیلەسوفەکان تا ئەو رادەیەی لەکەشفکردنی عیرفانی کە شایەتی بەعەقڵانیکردن بووە سودیان وەرگرتووەو لەباقییەکەی تری بێدەنگ بوون، بەڵام عارفەکان، بیروهۆشیان بەدوور لەفەلسەفە زیاتر پێ پەسەند بوو، فەلسەفەیان بەناسازگارو نەگونجاو دەزانی، جگەلەوە دەرکی ئێمە پێش تیۆری عیرفانی ئەگەرچی دەیتوانی لەچوارچێوەی تێگەیشتنی فەیلەسوفەکانەوە رەنگرێژ کرابوو، بەڵام بەم لەچوارچێوەدانە پانتاییو کاریگەری بوونی خۆی لەدەستدا.

من هەم فەلسەفەو هەم عیرفانیشم وەکو وانە وتووەتەوە، تەمەنێکم لەناو جەرگەو دڵی ئەم جیاوازییانەدا گوزەراندووەو لەناو خوێندکارەکانمدا هێشتا بۆم دەرنەکەوت بەکام ئاڕاستەدا پەل دەهاون، کەمتر بینیمو هەستمکرد کەسێک هەبێتو بتوانێت بەرگەی ئەم ململانێیە بگرێتو شان بداتە بەر ئەم قورساییە، سەرکەوتن سەرەنجام یان بۆ عەقڵ دەبێت یان بۆ عەشق، بێگومان عەقڵ زۆر بەتواناترە.

> لەچاخەکانی ناوەڕاستدا بوونی خودا شتێکی نزیکبوو لەچەمکێکی روونو ئاشکرای تیۆری، بەڵام ئەمڕۆ ئەم پلەو پایەیەی خۆی لەدەستداوە، لەبەرامبەر ئەمەدا (مافی مرۆڤ) ئەمڕۆ بەچەمکێکی ئەم چاخە لەقەڵەمدەدرێت

دەستوور
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی گشتییە، هەفتانە کۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات

خاوەن ئیمتیاز: کۆمپانیای سولی تێلیگراف
سەرنوسەر: خالید ئەحمەد شەریف
لێپرسراوی هونەریی: شێرکۆ خانزادی

هەرێمی کوردستان، سلێمانی - شارێی سالم،
تەلاری میران - نهۆمی پێنجەم - بەرامبەر بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە
٠٥٣٣١٨٧٨١١ & ٠٥٣٣١٨٤٧٧١

ژمارە (٢٨) ، ساڵی یەکەم
چوارشەممە، ٢٠١٠/٤/٢١
www.destur.net
info@destur.net

# عەزیز وەیسی خشەی دێت


موحسین یاسین لەسلێمانی

لەلێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی دەستوور بەڕێوەبەری کارەکانی گۆرانیبێژ عەزیزی وەیسی ڕایگەیاند عەزیز وەیسی سەرقاڵی تۆمارکردنی گۆرانییەکی نوێیەو گۆرانی (خشەی دێ)ش کلیپ دەکات.

سەبارەت بەنوێترین کاری هونەرمەند ناوبراو وتی"لەگەڵ خانمە گۆرانیبێژی باکوور نارینا کۆزی، سەرقاڵی تۆمارکردنی گۆرانییەکە بەزاراوەی کرمانجی‌و سۆرانی".

بەڕێوەبەری کارەکانی عەزیز وەیسی وتی"تێکستی گۆرانییەکە حەمە سەعید ئیبراهیمەو جگەلەوەش هونەرمەند عەزیزی وەیسی بەنیازە لەئایندەیەکی نزیکدا گۆرانی (خشەی دێ) کلیپبکات کە یەکێکە لەگۆرانییەکانی ئەلبومە نوێیەکەی".

عەزیز وەیسی بەنیازە لەمانگی حوزەیراندا چەند کۆنسێرتێک لەوڵاتانی ئەمریکاو ئوستورالیا سازبکات.



# کلیپێك بۆ شێخ مەحمود

موحسین یاسین

دەرهێنەری لاو هاوڕێ مستەفا دوای چەندین کاری سەرکەوتووی لەدراماو زنجیرەی تەلەفزیۆنی، ئێستا لەخۆئامادەکردندایە بۆ دەرهێنانی کلیپی گۆرانی (پیری پیران)، لەوتنی ئارا ئەحمەدو کێژان ئیبراهیم خەیاتو بەناز وریایە.

هاوڕێ مستەفا لەلێدوانێکیدا بەرۆژنامەی دەستووری وت "ئێستا لەخۆئامادەکردندام بۆ دەرهێنانی کلیپێک بۆ شێخی نەمر شێخ مەحمودی حەفید کە بەمنزیکانە دەست بەوێنەگرتنی دەکرێت‌و بەدیاری پێشکەشی سەرجەم کەناڵەکانی کوردستانی دەکەم".

دەربارەی کلیپەکە هاوڕێ وتی "ئەم کلیپە بەهاوکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری‌و بەڕێوەبەرایەتی کەلەپووری سلێمانییە کە زۆر سوپاسی برای ئازیزم ئیبراهیم ئەحمەد دەکەم کە زۆر هەوڵو ماندووبوونی بینی تابێتە بەرهەم".

دەستوور زانیویەتی کەئەو بەرهەمە شیعری گۆرانی شاعیرەو ئاوازی زانای مەحمود هەژارەو سیناریۆو دەرهێنانی هاوڕێ مستەفایە.










## دەلاقە

خالیدی حاجی ئەحمەد

# هەڵبژاردنەکە چی پێوتین؟

دەکرێت هەڵبژاردنەکەی ٣/٧ لەڕوانگەیەکی گشتی‌و دیسانیشەوە لەڕوانگەیەکی تاکتیکی‌و دەستەبەرکردنەوە سەرنج بدرێت، سەبارەت بەڕوانگە گشتیەکە، ئەوە هەڵبژاردنەکە بۆی سەلماندین هێندەی ئەوەی پرۆسەیەک بوو لەسەرەوە بەرەوخوار بووەتەوە، هێندە پرۆسەیەکی دیموکراسیانە نەبوو کە لەخوارەوە جەماوەر پراکتیکی مافی هاونیشتمانیانەی خۆی بکات بۆ دەستنیشانکردنی نوێنەرەکانی لەپەرلەمان‌و حکومەتدا، ئاماژەی ژمارەی لیستە براوەکان‌و ئەو ڕێژەیەی بەدەستیانهێناوە، بەئاشکرا ئەوە نیشاندەدەن کە: گەورەترین پێکهاتەی عێراق کە شیعەیە دوولەتکرا، واتە مەرج نییە زۆرینەی پێکهاتەیی یاریی پێنەکرێ‌و بەش بەش نەکرێ‌و ڕەنگە ئەمەش وانەیەک بێت بۆ شیعەی عێراق کە هەندێکیان هەست بەو ڕاستیە بکەن گەرچی زۆرینەی عێراقیش پێکبهێنن، بەڵام تەنهاو تەنها سەرووەریی هەمیشەییان لەپێکهێنانی دەوڵەتێکی شیعەدا دەکرێ بەرجەستە بکرێ‌و دەبێت ئێمەی کوردیش زوو زوو ئەم ڕاستیەیان بدەین بەگوێدا، لەبەرانبەریشدا سوننەکان کە بەدرێژایی ٨٠ ساڵ دەسەڵاتداری عێراق بوون‌و حکومەتیان بەدەستەوە بوو، لە ٢٠٠٣ تەختو تاراجیان تێکدرا، بەڵام ڕێکخرانەوەو بەسەرکردایەتی شیعە مەزهەبێک (لەبەرگێکی عەلمانیدا کە تەنها ڕێگەیەکە کەمینەی سوونە بتوانێت بانگەشەی دەسەڵاتی لێوە بکات)، گەڕێنرانەوە گۆڕەپانەکەو بەجۆرێکیش کە لەڕێی دیموکراسیەوە بانگەشەی گرتنەدەستی دەسەڵات بکەن.

دابەشبوونی ژمارەی دەنگەکان بەو شێوەیەی هیچ قەوارەیەکی براوەی شیعە یان سوونە نەتوانن حکومەت بەتەنها پێکبهێنن‌و تەنانەت لەدوو پێکهاتەش ناتوانرێت دوو لەسەر سێی کورسییەکان پێکبهێنن کە هەندێ بڕیارو یاسا پێویستییەتی، گەورەترین کێشەی داهاتووی عێراقیش کە کەرکوک کرۆکەکەی پێکدەهێنێت، شەش بەشەش بۆ کوردو لایەنەکانی تر وەک خۆی هێڵرایەوە بۆ چارەنووسێکی نادیار.

هەرچی سەبارەت بەکوردە ئەوە دەتوانین بڵێین: هەر لەسەرەتاوە کە بەیاسای هەڵبژاردنەکان دەستپێکرد، فشارێکی زۆر خرایە سەر لایەنی کوردی، کێشەکە لەفشارەکەدا نەبوو، کێشەکە ئەوەیە سەرکردایەتی کورد کە هەستی بەفشارەکە دەکرد، نەیدەزانی ئاکامەکەی چی دەبێ‌و چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، کەمکردنەوەی ڕێژەی کوردو کورسییەکانی‌و زیادکردنی لەموسڵ‌و هەندێ ناوچەی تردا، نەزانرا کە گەڕانەوەی بەهێزی سوونەی لێدەکەوێتەوە لەسەر حسابی کورد، بۆیە دەبینین، گەرچی کورد یەکێکە لەو سێ پێکهاتەیەی عێراقی لێ دروستبووە، کەچی پلەی چوارەمی هێناوە لەهەڵبژاردنەکەدا، لەدەستدانی کۆمەڵێ کورسی لەناوچە جێناکۆکەکاندا، سەرباری هەموو لێکدانەوە ناوخۆییەکان ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێت کە کورد ماڵێکی شپرزەو بێسەروبەرەی هەیەو ئەمەش جارێکی تر وادەکات کە پێگەی کورد لەپێکهێنانی حکومەتی دوای هەڵبژاردنەکەدا لاوازتر بێت، لەلایەکی ترەوە ئەوەی بۆ کورد گرنگەو لە دورمەودادا ڕۆڵێکی گەورەی دەبێت، بەهێزبوون‌و کاریگەریی دەوڵەتی تورکە لەسەر عێراق، بە ئاشکرا دەبینین ڕۆژ بەڕۆژ تورکیا قورساییەکی گەورەتر بەدەستدێنێت‌و بێگومان ئەوەش ڕازیبوونی ئەمریکای لەپشتەوەیە کە نایەوێت دەوڵەمەندیی عێراق تەنها بۆ ئێران بێت، دیسانیشەوە بە ئاشکرا دەبینرێت کە ئەمریکا لەقۆناغی داهاتوودا دەیەوێت دەسەڵاتێکی فراوانتر بداتە وڵاتە دراوسێکانی عێراق‌و لەم ڕووەوە تورکیا لە هەمووان گونجاوترە بۆ ئەو کارەو وەک ئەندامێکی ناتۆ دەتوانێت کەلێنێکی گەورە لەپاشەکشەکردنی ئەمریکادا پڕبکاتەوە، تورکیاش لە دوا شیکردنەوەدا، بەنیازی دووبارەکردنەوەی ئەو سیناریۆیەیە کە حەدبا لەموسڵدا پەیڕەوی کرد، واتە دروستکردنی دەوڵەتێکی سوننەو بەشدارییەکی کەمی شیعەو سنووردارکردنی دەسەڵاتی کورد.

لە ئاستی تەکنیکی‌و تاکتیکی هەڵبژاردنەوە ئەوا بەئاشکرا بینرا کورد بە فەرسەخ لەدواوەیە، بەو پێیەی تا ئێستا نەیتوانیوە ئەزمونێکی دیموکراسیانە چ لەناوخۆی حیزب‌و بەگشتیش لەکوردستاندا پەیڕەو بکات ئەوا تێگەیشتنێکی دروستی لەگەمەو بەندو داوەکانی هەڵبژاردن نەبوو. هەڵبژاردن تەواو بوو تا ئێستاش بەدروستی نەزانرا، لیستی کراوەو نیمچە کراوە چ سودێک یان زیانێکی بۆ کورد دەبێت، سەرباری ئەوەی مل نەدان‌و چاوچنۆکی حیزبییانە، چەندین کورسی کردینە قوربانیی، گەر بمانەوێت دەرەنجامەکان لەچەند خاڵێکدا بەسەرکەینەوە دەتوانین بڵێین:

١- هەڵبژاردنەکە لەسەرەوە بۆ خوارەوە هەنگاوی ناو ئەوەش ویستی دەرەکییە کە دەرەنجامەکانی دیاریدەکات.

٢- هێزە هەرێمییەکان ڕۆژبەڕۆژ پێگەیان بەهێزتر دەبێت‌و براوەی یەکەمی ئەم هەڵبژاردنەش تا ئێستا تورکیایە کە لەخۆیدا بەزیانی کورد دەکەوێتەوە.

٣- کورد پێگە دیموکراسیەکەی لاواز بووەو زۆرینەی هێزەکان کار لەسەر لاوازکردنی دەسەڵاتی کورد دەکەن لەناوەندا، ئەوەش بەمەبەستی سنووردارکردنی دەسەڵاتی هەرێم دێت.